# پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ( چوارتا ) لە ڕووی زانستی ئەنسرۆپۆلۆجییەوە کاردەکات ، کە وەسفێکی گشتیی لایەنەکانی دەکات و هەموو بەشەکانی پێکەوە وەرگرتووە ، بەو هۆکارەی هەرلایەنێك چەندین ئەرکی گرنگی هەیە و لەگەڵ ئەوانی تردا پێکەوە یەکتری تەواو دەکەن ، بۆ نموونە ئەوە تەنها لایەنی ئایکۆلۆجی و ئاوو هەواو ڕێگاو بان و شوێنی جوگرافی و پێکهاتەکانی تری ئەو لایەنە نییە کە کاریگەریی لەسەر ژیانی مرۆڤ و هەڵسووکەوتەکانی هەیە ، بەڵکو چەند لایەنێکی تریش هەیە کە پەیوەندییەکی زۆریان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە ، لەوانە : ئابوری وەك بەشێکی گرنگ کاریگەریی لەسەر ژیانی کەسەکان هەیە ، چونکە مرۆڤ پێویستی بەوەیە سەرچاوەیەکی ئابوری هەبێت کە بژێوی ژیان و خۆراك و جل و بەرگ و پێداویستییەکانی بۆ دابین بکات ، هەروەها لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە خێزان و هاوسەرگری و ژیانی خێزانی گرنگییەکی زۆریان هەیە ، چونکە چەندین ئەرکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و نەوەخستنەوەو ئەرکی تر لە کۆمەڵگادا جێبەجێدەکەن ، لایەنی کلتوریش بەشێکی ترە ، بەو هۆکارەی هەریەك لە داب و نەریت و هونەرو یاساو بەشەکانی تری کلتور ئەرکی جۆراو جۆریان هەیە و کەسەکان بە ئامانجی مانەوەی خۆیان پەنای بۆ دەبەن و بەکاریان دێنن .

ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی لەم جۆرە لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ( البناء الاجتماعی ) ی شاری چوارتا ، پێویستی بە هەنگاوی پراکتیکی وەك دانانی پلانی توێژینەوەو دواتر جێبەجێکردنی هەیە ، کەتوێژەر لە بەشی یەکەمدا چوار چێوەی گشتی توێژینەوەکە و چەند بابەتێکی دیاری کردووە ( ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوە: بابەتی توێژینەوە ، ئامانجی توێژینەوە ، گرنگی توێژینەوە ، هۆکارەکانی دەستنیشانکردنی توێژینەوە ، میتۆدو ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، بوارەکانی توێژینەوە ، پێناسەکردنی چەمك و زاراوەکانی توێژینەوە : چوارتا ، ئەنسرۆپۆلۆجیا ، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ، کە هەریەك لەوانە بە وردی باسکراون و چەمك و زاراوە سەرەکییەکانیش دیاریکراون ، بەڵام بۆ زاراوەو پێناسەی بەشەکانی تر هەریەکەو لە شوێنی خۆیدا پێناسەکراوە ) .

بەشی دووەم باس لەلایەنی ئایکۆلۆجی شاری چوارتا دەکات ، کە بەشێکی گرنگیی توێژینەوەکە پێك دەهێنێت، خەڵکی بەبەردەوامی لە ژێر کاریگەریی لایەنی سروشتیی و ڕەگەزەکانییدان ، ئاوو هەوا، ڕوەك ، ڕێگاو بان ، ڕێژەی دانیشتوان و چەندین شتی تر کاریگەریی زۆریان لەسەر لایەنەکانی تری ژیان و هەڵسووکەوتەکانی مرۆڤ و جۆری ژیانی هەیە . بەو هۆیەوە چەند بابەتێك خراوەتە ڕوو وەك ( ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئایکۆلۆجیای چوارتا : شوێنی جوگرافی ، بەرزو نزمی ، سەرچاوەکانی ئاو ، ئاووهەوا ، ڕوەکی خۆڕسك و ڕوەکی چێندراو ، ئاژەڵ و باڵندەکان ، ڕێگاکانی هاتوو چۆ ، ژینگەی کۆمەڵایەتیی چوارتا : دانیشتوان ، پەیوەندییەکانیی خەڵکی چوارتا ، خانوو بەرە ) .

بەشی سێیەم لایەنی ئابوری دەخاتە ڕوو ، کە پێداویستییەکی گرنگیی ژیانی مرۆڤەو چەند ئەرکێکی گرنگ لەسەر ئاستی کۆمەڵگا جێبەجێ دەکات و پەیوەندیی بە لایەنەکانی تری ژیانەوە هەیە ، پەیوەندیی بە شوێنی جوگرافی و ژینگەی سروشتی و لایەنیی ئایکۆلۆجیەوە هەیە ، هەروەها کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی خێزان و ئایین و هونەرو پرۆسەی پەروەردەو سیاسەت و لایەنەکانی تریش هەیە . بە پێچەوانەوە ئەوانی تریش کاریگەرییان لەسەری هەیە . ئەم بەشە ئەم بابەتانە لە خۆی دەگرێت ( سیستمی خاوەندارێتیی : خاوەندارێتیی گشتی ، خاوەندارێتیی تایبەت ، خاوەندارێتیی تێکەڵ ، بەرهەم هێنان : کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ، پیشەسازی ، گەشت و گووزار، ئاڵووگۆڕ، دابەشکردنیی کار : دابەشکردنیی کار لەسەر بنەمای تەمەن و ڕەگەز ، دابەشکردنیی کار لەسەر بنەمای پسپۆڕی ) .

بەشی چوارەم لایەنی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو ، کە هاوسەرگری و خێزان و خزمایەتیی لە خۆ دەگرێت و چەندین ئەرکی هەیەو کاریگەریی زۆری لەسەر ژیانی مرۆڤ و سەرجەم لایەنەکانی ژیان هەیە ، هەروەکو چۆن ئەوانیش کاریگەریان لەسەری هەیە ، ئەم بابەتانە باس دەکرێت ( هاوسەرگری : جۆرەکانی هاوسەرگری ، ڕێگاکانی هاوسەرگری ، ڕێوڕەسمی هاوسەرگری ، خێزان : جۆرەکانی خێزان ، ئەرکەکانی خێزان ، خزمایەتیی : زاراوە سەرەکییەکانی خزمایەتیی ، جۆرەکانی خزمایەتیی ، ڕێساکانی خزمایەتیی و بنەماڵە ) .

بەشی پێنجەم فراوانترین بەشەو لایەنی کلتوری دەخاتە ڕوو ، کە هەروەك بەشەکانی تر ئەرکی جۆراو جۆری لە ژیانی مرۆڤدا هەیە ، هەروەها کاریگەرییی لەسەر ئەوانی تریش هەیە ، بۆ نموونە داب و نەریت و ئایین و لایەنەکانی تری کلتور کاریگەرییان لەسەر خزمایەتی و پەیوەندییەکانی خێزان و لایەنی ئایکۆلۆجی و ئابوری و جۆری ئەو کارەوە هەیە کە کەسەکان ئەنجامی دەدەن ، هەروەها بە پێچەوانەوە ئەوانی تریش کاریگەرییان لەسەری هەیە ، بابەتەکانی ئەم بەشە بریتیین لە ( کلتوری مادی : جل و بەرگ ، خانوو بەرە ، کەرەستەکانی ناوماڵ ، ئامرازەکانی کشتوکاڵکردن ، خواردن ، ئامرازەکانی گواستنەوە ، کلتوری واتایی : داب و نەریت ، ئایین ، هونەر ، پەروەردە ، سیاسەت ، یاسا ، ڕای گشتی ) .

بەشی شەشەم ، وەك کۆتا بەش دەرەنجامی توێژینەوەکەو چەند بابەتێکی تر دەخاتە ڕوو ، ئاماژە بەگرنگترین دەرەنجامەکانی لایەنی ئایکۆلۆجی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری دەکات ، هەروەها باس لە سەرەکیی ترین تایبەتمەندییەکانی هەریەکە لەو لایەنانە دەکات ، لەگەڵ خستنە ڕووی چەند بابەتێکی تر وەك (ڕاسپاردەو پێشنیارو سەرچاوەو پاشکۆکان و پوختەی توێژینەوە ) .

توێژەر

# بەشی یەکەم

## چوار چێوەی گشتی توێژینەوەکە

**چوار چێوەی گشتی ئەم توێژینەوەیە دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت کە بریتیین لە :-**

**تەوەری یەکەم : ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوە دەگرێتەوە بەم جۆرەی لای خوارەوە :**

١. بابەتی توێژینەوە
٢. ئامانجی توێژینەوە
٣. گرنگیی توێژینەوە
٤. هۆکارەکانی دەستنیشانکردنی توێژینەوە
٥. میتۆدو ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری
٦. بوارەکانی توێژینەوە

**تەوەری دووەم : چەمك و زاراوە سەرەکییەکانی توێژینەوە دەگرێتەوە کە بریتیین لە :**

١. چوارتا
٢. ئەنسرۆپۆلۆجیا
٣. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی

## چوار چێوەی گشتی توێژینەوەکە

**چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە دووتەوەر لەخۆ دەگرێت ، کە بریتیین لە :-**

**تەوەری یەکەم : ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوە دەگرێتەوە، بەم جۆرەی لای خوارەوە :**

**١. بابەتی توێژینەوەکە :** هەربابەتێکی توێژینەوە وەك بەشێك لە پێویستییەکانی توێژینەوەی زانستی دەبێت چەند لایەنێك لەخۆ بگرێت لەوانە : جۆری ئەو توێژینەوەیەی توێژەر ئەنجامی دەدات ، سروشتی ئەو میتۆدەی بەکاری دەهێنێت ، پلانی توێژینەوەو ئامرازەکانی ، هەروەها جۆری ئەو زانیارییانەی دەیەوێت بەدەستی بهێنێت [١] . بەگشتی دوو پرسیاری سەرەکیی لە خۆ دەگرێت : یەکەمیان : توێژەر چی دەوێت و کام زانیاری پێویستە ؟ دووەم : ڕێگاکان بۆ دەست کەوتنی زانیارییەکان چین؟ پێویستە دیاری بکرێن [٢] .

بابەتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی چوارتا و لایەنە جیاوازەکانی ( ئایکۆلۆجی، ئابوری ، کۆمەڵایەتی، کلتوری ) کە وەسفێکی گشتیی ئەو لایەنانە و تایبەتمەندییەکانیان دەکات و زانیاری لەسەرپێکهاتەکانیان دەخاتەڕوو ، لەگەڵ دیارکردنی ئەرکەکانیان و پەیوەندییەکانی نێوانیان و کاریگەرییەکانیان لەسەر یەکتری ، هەروەها لەڕێگای میتۆدی سەرەکی توێژینەوەکەوە ، کە پێکهاتەی فەرمانی ( البناء الوظيفى ) یە و بەسوود وەرگرتن لە میتۆدی مێژوویی هەوڵ دەدات زانیارییەکان بەدەست بهێنێت و وەسفی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکە بکات .

**٢. ئامانجی توێژینەوەکە :** هەموو توێژینەوەیەکی زانستی ئامانجێك یان چەند ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە ، کە بە گشتی کارڕایی و هەنگاوو بەشەکانی توێژینەوە بەشێوازێکی ورد و زانستییانە دیاری دەکات ، هەروەها تەواوی ئەو زانیارییانەی کە پێویست نین دووردەخاتەوە [٣] . ئەمەش دەری دەخات کە هەموو توێژینەوەیەك پێویستی بە ئامانجە ، چونکە توێژەر لە کۆکردنەوەی زانیاری ناپێوست و هەنگاونانی نەگوونجاو دەپارێزێت ، هەروەها کۆی بەشەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوەو ڕێکیان دەخات و دیارییان دەکات.

---

[١] احمد بدر، أصول البحث العلمي و مناهجه ، الكويت ، دار القلم ، ١٩٨٢ ، ص٨٥ .

[٢] فتحية محمد ابراهيم و مصطفى حمدى الشنواني ، مناهج البحث فى علم الانسان ( الانثروبولوجيا) ، دار المريخ للنشر ، المملكة العربية السعودية ، ١٩٩٨ ، ص١٠٤ - ١٠٥ .

[٣] سابیر بۆکانی ، میتۆدی توێژینەوەی زانستی ، چاپی یەکەم ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا ، سلێمانی – هەرێمی کوردستان، ٢٠١٦، ل٥٠ .

سەبارەت بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکرێت بەم جۆرەی لای خوارەوە :

أ. وەسفکردنێکی گشتگیرانە بۆ پێکهاتەی چوارتاو سەرجەم لایەنەکانی.

ب. دیاری کردنی پەیوەندی و کاریگەرییەکانی ئەو لایەنانە لەسەر یەکتری .

ت. دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی لایەنی ( ئایکۆلۆجی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری ) چوارتا.

**٣. گرنگیی توێژینەوەکە :** ئەگەر بەگشتی باس لە گرنگیی توێژینەوەکان بکرێت ئەوا هەوڵدانە بۆ وەسف کردن و شیکارکردنی هەندێ بابەت ، لەگەڵ پشکنین و بەدواداچون بۆیان ، ئەمەش بەو مەبەستەی بزانرێت تاچەند لە ڕاستییەوە نزیکن ، هەروەها هەموو توێژینەوەیەکی زانستی دوو لایەن لەخۆ دەگرێت : کە بریتیین لە لایەنی زانستی و پڕاکتیکی [١] . سەبارەت بەم توێژینەوەیە کە لە چوارتادا ئەنجام دەدرێت گرنگییەکانی لە ڕووی پڕاکتیکی و زانستییەوە بەم جۆرەی لای خوارەوە دیاریدەکرێت :

**أ. گرنگیی زانستی :** هەموو توێژینەوەیەك لە ڕووی زانستییەوە گرنگیی و بەهای تایبەت بەخۆی هەیە و ئەم بابەتەش هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی کەمی توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجی لە هەرێمی کوردستاندا ، کە تا ئێستا وەك پێویست گرنگیی پێنەدراوە . هەروەها یەکەمین توێژینەوەی زانستییە لەو بوارەدا لەسەر چوارتا ئەنجام دەدرێت ، دواتر کۆمەڵێك زانیاری نوێی زانستی لەسەر کۆمەڵگای توێژینەوە دەخاتەڕوو .

**ب. گرنگیی پڕاکتیکی :** لە ڕووی پڕاکتیکییەوە وەسفێکی گشتیی ژیانی مرۆڤ و لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگای چوارتا دەکات کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە . هەروەها هاوکاری دام و دەزگا حکومی و ناحکومییەکانی شارەکەو حکومەتی هەرێم دەکات ، لەڕووی دیاری کردنی کێشەو کەم کووڕییەکان و هاندانیان بۆ چارەسەرکردنیان ، پاشان تێگەیشتنێکیی وردو بابەتیانەی گشتگیر دەبەخشێتە دانیشتوانی چوارتا و خەڵکانی دەوروبەر و دەزگا پەیوەندییدارەکان دەربارەی هەموو لایەنەجیاوازەکانی کۆمەڵگاکە .

---

[١] دليل كتابة الاطروحة الجامعية ( الماجستر و دكتوراه ) ، جامعة دمشق ، الجمهورية العربية السورية ، ٢٠١٢، ص١٣.

**٤. هۆکارەکـانی هەڵبــژاردنی توێژینەوەکـە : گـرنگترین هۆکارەکـانی هەڵبــژاردنی توێژینەوەکە بریتین لەم خاڵانەی لای خوارەوە :**

**أ. چوارتا کۆمەڵگایەکی خۆجێییە و لە ڕووی پێکهاتەو ژمارەی دانیشتوانەوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیـەکی ئەنسرۆپۆلۆجیی لەم جۆرەو وەرگرتنی سەرجەم لایەنەکان پێکەوە گونجاوە .**

**ب. چـوارتا کۆمەڵگایـەکی خۆجێییـە و تایبەتمەنـدیی خـۆی هەیـە ، ئەمـەش هۆکـارێکی گـرنگ بـووە بـۆ ئەنجامدانی توێژینەوە تیایدا .**

**ت. چوارتا ناوەنـدی قـەزای شـارباژێڕە و گرنگییـەکی زۆری کـارگێڕی و مێـژوویی و جـوگرافی و ئـابوری و کۆمەڵایەتی بۆ دانیشتوانی چوارتاو شارباژێڕ بەگشتیی هەیە .**

**پ. پێکهاتەی چوارتا بەگشتی ، لـە کۆنـەوە تـا ئێسـتا ، ڕووبـەڕووی چـەند گۆڕانکارییـەك بووەتـەوە، ئـەم توێژینەوەیە هەوڵی دیاریکردنی دەدات .**

**ج. توێژەر شارەزایی لە سەر چوارتا هەبووە ، کە ئەمەش بەهۆکارێکی گرنگ دادەنرێت بۆ ئەنجامـدانی ئـەم توێژینەوەیە .**

**٥. میتۆدو ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری : هەموو توێژینەوەیەکی زانستی پەیڕەوی میتۆدێك ، یان چەند میتۆدێك دەکات ، کە وەك ڕێنیشاندەرێك و نەخشە ڕێگایەك کار ئاسانی بۆ توێژەر دەکات کە بە ئامانجەکانی بگات و کارەکانی ڕێکبخات ، هەروەها وەك ڕێگایەك بۆ توێژینەوە لە کێشە و دۆزینەوەی ڕاستییەکان دەگیرێتەبەر [١] .**

**میتۆدی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە کە پەیڕەوی کردووە ، نەخشەو ڕێگاکانی ئەو توێژینەوانە ڕێکدەخات کەلەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگا خۆجێییەکان ئەنجام دەدرێن ، ئەویش میتۆد ( پێکهاتەی فەرمانی)ە ، کە گرنگی بە جۆری پەیوەندی و جیاوازی نێوان لایەنەکانی کۆمەڵگا دەدات، بەجۆرێك هەموو لایەنەکان دەبنە تەواوکار و یەکگرتن و پارێزەری کۆمەڵگاکە [٢] .**

---

[١] احمد بدر، أصول البحث العلمي و مناهجه ، المصدر السابق ، ص ٣٥ .

[٢] فتحية محمد إبراهيم و مصطفى حمدى الشنواني ، مدخل الى مناهج البحث في علم الإنسان (الأنثروبولوجيا) ، المصدر السابق ، ص١١٤ .

هەروەها ئەم میتۆدە ڕوانینێکی گشتگیرانەی بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هەیە و لایەنەکان پێکەوە وەردەگرێت ، بەو هۆکارەی هەموویان بە پێی فەرمانەکانیان بەیەکەوە بەستراون و تەواوکەری یەکترین [١] .

( پێکهاتەی فەرمانی ) وەك میتۆدێکی سەرەکی کە بەکارهێنراوە لەم توێژینەوەیەدا ، ڕۆڵی هەبووە لە دیاریکردنی تایبەتمەندیی لایەنەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی چوارتاو فەرمانەکانیان لەگەڵ دەستنیانکردنی کاریگەرییەکانیان لەسەر یەکتری و ئەو پەیوەندیی و جیاوازییانەی هەیانە .

پشتی بە چەند ئامرازێکیش بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەستووە وەك ( بینین ، بینین بەبەشداریکردن، چاوپێکەوتن ) کە هەر لەسەرەتاوە توێژەر ئامرازی بینینی بەکارهێناوە، لەگەڵ بینین بەبەشداریکردن ، کە ئامرازێکی گرنگن و بەتایبەتی لە بواری ئەنسرۆپۆلۆجیادا پشتی زۆریان پێدەبەسترێت و توێژەر لە نزیکەوە تێکەڵ بە ژیانی کۆمەڵگا بوەو بەشداری کردووە ، پاشان چاوپێکەوتنیش بەکار هێنراوە بۆ وەرگرتنی هەندێك زانیاری پێویست .

هەروەها ئەم توێژینەوەیە سوودی لە میتۆدی مێژوویی وەرگرتووە ، بۆ کۆکردنەوەی بەشێك لە زانیارییەکان، بەو هۆکارەی مامەڵە لەگەڵ ناوەڕۆکی مێژوو هەروەها زانیارییەکان لە کۆن و نزیکدا دەکات، کە زۆرکات پێویست دەکات توێژینەوە لە پەرەسەندن و گەشەکردنی دیاردەو لایەنە ئایکۆلۆجیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانستی و کلتورییەکان بکرێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە ، زۆرینەی زانستە مرۆییەکان پێویستیان بە میتۆدی مێژوویی هەیە [٢] . پاشان بۆ ئەم توێژینەوەیە چەند ئامرازێکی مێژوویی وەك ( پەرتووك، تۆمار، گۆڤار) بەکارهێناوە. واتا توێژەر توانیویەتی لەگەڵ پێکهاتەی فەرمانیدا سوود لە میتۆدی مێژوویی و ئامرازەکانی وەربگرێت و زانیارییە مێژووییەکان لە سەرجەم لایەنە جیاوازەکانی ( ئایکۆلۆجی، ئابوری ، کۆمەڵایەتی ، کلتوری ) کۆبکاتەوە .

٦. **بوارەکانی توێژینەوە :** هەموو توێژینەوەیەکی زانستی بۆ گەیشتن بە ئەنجام چەند بوارێك لە خۆ دەگرێت ، هەروەها ئەم توێژینەوەیە ئەم بوارانەی لای خوارەوەی لە خۆ گرتووە کە بریتیین لە :-

أ. **بواری مرۆیی :** مەبەست لەم بوارە باسکردنی ئەو مرۆڤانەیە کە لە کۆمەڵگای توێژینەوەدان ، وەك بنەماڵەکان و خێزانەکان و ئەندامەکانیان ، کە باسیان کراوە .

---

[١] عبد علی مالکی ، المدخل الی الانثروبولوجیا الاجتماعیة ، الطبعة الاولی ، دارنیبور ، العراق ، ٢٠١٤ ، ص ٧٥.

[٢] عامر قند یلجی ، البحث العلمي و استخدام مصادر المعلومات ، الطبعة الاولی ، دار الیازوری ، عمان – الاردن ، ١٩٩٩، ص ١٠٠ – ١٠١ .

ب.  بواری شوێنی :  ئەو مەڵبەند و شوێنەیە ،  توێژینەوەکەی تیادا ئەنجام دراوە ، کە شاری چوارتایە .

ج.  بواری کاتی :  مەبەست لەوکاتەیە ، کە توێژەر دەست دەکات بە نووسینی نامەکەی تا تەواو دەبێت ، کە لە ڕۆژی ( ١٠ / ٢ / ٢٠١٦ ) دەستی بەنوسین کردووە و ڕۆژی  ( ١٨ / ١٢ / ٢٠١٦ )  کۆتایی هاتووە .

**تەوەری دووەم : چەمك و زاراوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە دەگرێتەوە کە بریتیین لە   :**

١.  **چوارتا** : ناوەندی قەزای شاربازێڕە ،  دەکەوێتە لاپاڵی چیای سەرسیرەوە و مێژوویەکی تایبەت بەخۆی هەیە ، کە بۆ زیاتر لە دوو  هەزار ساڵ بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە ، لەسەردەمی بابانەکاندا گوندێك بووە سەر بەشاربازێڕ و دواتر لەسەردەمی  عوسمانییەکاندا دا بووەتە ناوەندی قەزای شاربازێڕ [1] .

هەروەها چوارتا سروشتێکی جوانی سەرنج ڕاکێشی هەیە ، لەگەڵ ئاوو  هەوایەکی فێنك کە بۆ ژیانی مرۆڤ گونجاوە و بەخێرایی پلەی گەرمییەکەی بەرزو نزم ناکات ، ئەمەش  هۆکارێکی گرنگە بۆ کۆبوونەوەی دانیشتوان و بەردەوامیدان بە ژیان لە شوێنەکەدا [2] .

لە ڕوویەکی ترەوە چوارتا پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەت بەخۆی هەیەو لە چەند لایەنێك پێکهاتووە  ( ئایکۆلۆجی ، ئابوری، کۆمەڵایەتی، کلتوری) کە بەهۆیەوە کۆمەڵگاکەی لەکۆمەڵگایەکی تر پێجیادەکرێتەوە .

سەبارەت بە زاراوەی ( چوارتا) چەند لێکدانەوەیەك هەیە ، گرنگترینیان بریتییە لە :

أ.   چوارتا چوار شوێنی جوگرافی گۆڕیوە ( کانی ساردکێ ، ناومێرگان، دەشتی باخی ، چوارتای ئێستا ) کە بووەتە هۆی ناونانی شوێنەکە بەناوی چوارتا [3] .

ب.  کردنەوەی ئاگر لە چوارتاقی ئەشکەوتێکدا  ، یان  لەناو چوارتاق لە چوارتادا هۆکار بووە بۆ دروست بوونی  زاراوەی ( چوارتا) هۆکاری ئەمەش پیرۆزی ( ئاو و هەواو گڵ و ئاگر) بووە لەلایەن زەردەشتییەکانی دانیشتوی چوارتاوە [4] . لە دوای خستنە ڕووی بۆچوونەکەکان دەربارەی زاراوەی چوارتا ، ناتوانرێت پاڵپشتی

---

[1] شاهۆ غەفور حسێن ، هەگبەی شاربازێڕ – هەندێك بابەتی لێرەو لەوێ ، چاپخانەی هێڤی ، هەرێمی کوردستان ، ٢٠١٦ ، ل ٥٣ – ٥٤ .

[2] سی . جی . ادموندز ، کرد و ترك و عرب ، ترجمة : جرجيس فتح الله ، مطبعة التايمس ، بغداد – العراق ، ١٩٧١ ، ص ٩٨ .

[3] قەزای شاربازێڕ، گۆڤاری ساڵنامەی سلێمانی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی دلێر، سلێمانی  ،  ٢٠٠٠ ، ل١٣٩ .

[4] محمد وتمان محمد ، بنەما جوگرافییەکانی پلاندانانی گەشتیاری لەقەزای شاربازێڕ، نامەی ماستەر، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی جوگرافیا ، بڵاو نەکراوە ، سلێمانی ،  ٢٠١٥ ، ل٨٦ .

لایەکیان بکرێت ، چونکە هەردوو لێکدانەوەکە تەنها بۆچونێکن نەوەك ئەنجامی توێژینەوەیەکی زانستی ، هەروەها شوێنەوارێکی دیاری کراو تایبەت بەو بابەتە لەبەردەستدا نیە تا سوودی لێوەربگیرێت بۆ پاڵپشکردنی لێکدانەوەکان .

لەدوای ئەوەی پێناسە و مانای زاراوەکە خرایە ڕوو ، ئەوا دەتوانرێت بوترێت ، چوارتا بریتییە لەو کۆمەڵگایەی کە پێکهاتەیەکی تایبەت و سنورێکی جوگرافیی دیاری کراوی هەیە ، هەروەها لە چەند لایەنێك پێکهاتووە ( ئایکۆلۆجی ، ئابوری ، کۆمەڵایەتی ، کلتوری ) هەریەك لەوانەش تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و چوارتای پێناسراوە .

٢. ئەنسرۆپۆلۆجیا ( انثروبولوجیا ) لە دوو زاراوە پێکهاتووە ، ئەوانیش (Anthropo) بەواتای مرۆڤ و ( Logy )بە واتای زانست یان توێژینەوە دێت ، هەردوو ماناکە پێکەوە دەبێتە زانستی مرۆڤ ، یان توێژینەوە لە مرۆڤ [1] .

سەبارەت بە پێناسەکردنی ئەم زاراوەیە زۆر بەکورتی ، بریتییە لەباسکردن لە مرۆڤ لە ڕووی ڕەچەڵەك و گەشەکردن و نەریت و بیروباوەڕەکان [2] . یان بریتییە لە باسی مرۆڤ لە ڕووی سروشتی و کۆمەڵایەتی و کلتوری و هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر هەر یەکەیان [3] .

لە پێناسەیەکی تردا ئەنسرۆپۆلۆجیا بریتییە لە توێژینەوە لە مرۆڤ ، کە سروشتێکی گشتگیری هەیە و فراوانترە لە زۆربەی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان ، گشتگیرییەکەی لەو بابەت و بوارە جیاوازانەدایە کە گرنگیی پێدەدات و لێی دەتوێژێتەوە لەگەڵ جیاوازیی ئامرازوو میتۆدەکانی زانستەکە [4] .

لە بەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی پێشەوە بۆ زاراوەی ( ئەنسرۆپۆلۆجیا) دەکرێت بوترێت ، بریتییە لەو زانستەی کە توێژینەوە ئەنجام دەدات لە سەر مرۆڤ ، لە ڕووی سروشتی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە ، هەروەها توێژینەوە ئەنجام دەدات لەسەردەمی کۆن و نوێدا .

---

[1] محمد الجوهري و علياء الشكري، مقدمة فى الدراسة الانثروبولوجيا ، بدون مطبعة ، القاهرة ، ٢٠٠٧، ص١٤.

[2] A. S Hornby, Oxford Advanced Learner's Dictionary, Oxford University Press, United Kingdom, *2010, P55.*

[3] شاكر مصطفى سليم ، قاموس الانثروبولوجيا ، الطبعة الاولى ، جامعة الكويت ، الكويت ، ١٩٨١ ص٥٦ .

[4] قيس النورى ، المدخل الى علم الانسان ، دارالكتب ، العراق ، ١٩٨٢، ص١٠ .

٢. پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی ( البنـاء الاجتمـاعی ) بریتییـە لـە ژمارەیـەك لایـەن لەگـەڵ ڕیزبەندییـەك ، هـەموو ئـەو لایەنانـە ڕێکـدەخات کـە لـە نـاو پێکهاتەکـەدا هەیـە ، هـەروەها هـەر پێکهاتەیەو سروشتێکی تایبەت بەخۆی هەیە و جیای دەکاتەوە لە پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی تر [١] .

( ایفانز بریتشارد ) زانای ئەنسرۆپۆلۆجی بـەڕیتانی پێـی وایـە کـە پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی بریتییـە لەو سیستمە کۆمەڵایەتییەی جۆرێك لە جێگیری و وەسـتان لـە خۆدەگرێـت و لـە چـەند گـروپ و دەسـتەیەك پێکـدێت ، وەك : هـۆز ، خێـڵ ، نەتـەوە ، پاشـان پەیوەندییـەکانی نێـوان ئەنـدامانی کۆمـەڵگا ڕێکـدەخات . هەروەها زانای ئەنسـرۆپۆلۆجی بـەڕیتانی ( رادکلـف بـراون ) هاوڕایـە لەگـەڵ ( بریتشـارد ) دا ، بـەڵام چـەند ڕەگەزێکی تری بۆ زیاد دەکات لەنموونەی ئەو پەیوەندییانەی کە دووکەس یان زیـاتر بەیەکـەوە دەبەسـتێت ، وەك ( پەیوەندییە خزمایەتییەکانی نێوان باوك و کوڕو ، یـان خوشـك و بـرا ) هـەروەها ئـەو پڕۆسـانەی کـە جیاکاری دەکـات لـە نێـوان ئەنـدامانی کۆمـەڵگادا لەسـەر بنـەمای ڕۆڵـی کۆمەڵایـەتی وەك ڕۆڵـی ( ژن ، پیـاو ، کاربەدەستان ) [٢] .

هـەروەها زانـای ئەنسـرۆپۆلۆجیی (وینیـك) پێـی وایـە " پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتیی بریتییـە لـەو پەیوەندییانــەی کــە تاکــەکانی کۆمــەڵگا بەیەکــەوە گرێــدەدات ، یــان ئــەو پەیوەندییانــەی کــە گروپــە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا پێکەوە گرێدەدەن و دەبەستن پێکەوە " [٣] .

لە ڕوویەکی ترەوە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەندامەکان لە چوارچێوەی پەیوەندییەکاندا ڕێکـدەخات، هەروەك نموونەی سوپایەك کە لە ژمارەیەك یەکە پێکهاتووە کـە ئەندامـەکانن، لەگـەڵ چـەند گروپێـك وەك ( لیواو کەتیبەو ...هتد ) دواتر هەریەك لـەو یەکانـە لـە چوارچێوەی ئـەو گروپانـەدا ڕێکخـراون ، پێکهاتـەی کۆمەڵایەتییش بەو جۆرە ئەندامەکانی ڕێکدەخات ، هەروەها پێشبینی دەکرێت هەر ئەندامێك بـەو جـۆرەی کە بۆی دیاریکراوە مامەڵەبکات [٤] .

لـە بـەر ڕۆشـنایی ئـەم پێناسـانەی پێشـەوە دەکرێـت بوترێـت پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتیی ، کـۆی ئـەو پەیوەندییانەیە کـە ئەندامـەکان و گروپـەکان بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە ، یـان ئـەو ڕیزبەندییەیـە کـە هـەموو یەکەو لایەنەکانی کۆمەڵگا لەناو خۆیدا کۆدەکاتەوەو پێکەوە پەیوەستیان دەکات .

---

[١] مەجدەدین عومەر خەیری خەمەش ، و : عبدالله خورشید و ئەوانی تر ، کۆمەڵناسی ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر، ٢٠١٢ ، ل١٤١ .

[2] عیسى الشماس ، المدخل الى علم الانسان ( الانثروبولوجیا ) ، اتحاد الکتاب العرب ، دمشق ، ٢٠٠٤ ، ص ١٠٥ .

[٣] على محمد المکاوى ، الانثروبولوجیا و قضایا الانسان المعاصر، الدار الدولیة للاستثمارات الثقافیة ، قاهرة – المصر ، ٢٠٠٧ ، ص٤٢ .

[٤] عبدالحمید لطفى ، علم الاجتماع ، دار النهضة العربیة ، بیروت - لبنان ، بدون سنة ، ص ٦٣-٦٤ .

## بەشی دووەم

## لایەنی ئایکۆلۆجی

ئەم بەشە باس لەلایەنی ئایکۆلۆجی شاری چوارتا دەکات و پێکهێنـەرەکانی دەستنیشـان دەکـات، کە بە دوو تەوەر دیاریکراون ، بەم جۆرەی لای خوارەوە :-

**تەوەری یەکەم : ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئایکۆلۆجیای چوارتا**

یەکەم : ڕواڵەتە سروشتییەکانی چوارتا : ١. شوێنی جوگرافی ٢. بەرزو نزمی
٣. سەرچاوەکانی ئاو ٤. ئاووهەوا ٥. ڕووەکی خۆڕسك و ڕووەکی چێندراو ٦. ئاژەڵ و باڵندەکان

دووەم : ڕێگاکانی هاتوو چۆ : ١. ڕێگای ئۆتۆمبێل ٢. ڕێگای خۆڵ / پیادە – ئاژەڵ

**تەوەری دووەم : ژینگەی کۆمەڵایەتی چوارتا**

یەکەم : دانیشتوان

دووەم : پەیوەندییەکانی خەڵکی چوارتا : ١. پەیوەندیی خەڵکی چوارتا بەدەوروبەرەوە- شـارباژێڕ ٢. پەیوەنـدیی خـەڵکی چـوارتا بـە دەرەوەی شـارباژێڕ ٣. پەیوەندییـەکانی خـەڵکی چوارتا بە فەرمانگە حکومییەکانەوە .

سێیەم : خانووبەرە : ١. جۆری خانوو ٢. گەڕەك ٣. بازاڕ ٤. فەرمانگەو دامەزراوەکان

## لایەنی ئایکۆلۆجی

ئەم بەشە باس لەلایەنی ئایکۆلۆجی شاری چوارتا دەکات و پێکهێنەرەکانی دەستنیشان دەکات، کە بە دوو تەوەر دیاریکراون :

ئەم بەشە باس لەلایەنی ئایکۆلۆجی دەکات بەو هۆکارەی هەموو کۆمەڵگایەك ژینگەیەکی جوگرافی دیاری کراوی هەیە ، کە کاریگەریی جۆراو جۆری لەسەر ژیانی مرۆڤ دروستکردووە ، وەکو کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتورییەکان ، زانایانی کۆمەڵناسیی و ئەنسرۆپۆلۆجیی بەتایبەت ئەوانەی میتۆدی پێکهاتەی فەرمانی بەکاردێنن بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ، پێیان وایە بۆ ناسین و تێگەیشتن لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پێویستە توێژینەوە لە بارودۆخ و هۆکارە جوگرافییەکان بکرێت ، بەتایبەتی کۆمەڵگا سادەکان کە هەنگاوی زۆریان نەناوە لە بواری تەکنۆلۆجی و هونەری و کلتوری ، چونکە ژینگەی سروشتی کاریگەریی باڵای لەسەریان هەیە و پەیوەستە بە لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە [1] .

سەبارەت بە زاراوەی ئایکۆلۆجیا بۆ یەکەمین جار لەلایەن زانای ئەڵمانی ( ایرنست هیجل ) ەوە بەکارهێنرا لەساڵی ( ١٨٦٩) لە بواری زانستی زیندەوەرزانیدا [2] کە لە و زانستەدا بە واتای پەیوەندیی بوونەوەری زیندوو دێت بەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژی ، هەروەها لە زاستە کۆمەڵایەتییەکاندا بە واتای پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و ژینگە بەتایبەتی ژینگەی سروشتیی دێت ، ئەنسرۆپۆلۆجیاش جەخت دەکاتەوە لە چۆنێتی خۆگونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی جوگرافیدا [3] .

هەروەها ئەم زاراوەیە لە کورتترین مانایدا بە واتای پەیوەندی نێوان مرۆڤ وژینگەی سروشتی دێت و توێژینەوە دەکات لە پەیوەندییەکانی نێوانیان ، کە تەنها باسی سروشت یان جوگرافیای شوێنێك ناکات بەڵکو هەوڵ دەدات ئەو کاریگەرییانەش دیاری بکات کە لەسەر ژیانی کەسەکان و لایەنە جیاوازەکانی وەك کۆمەڵایەتی و ئابوری و کلتوری هەیەتی ، کە کاریگەرییەکە ڕەها نییە بەڵکو ڕێژەییەو ڕەنگدانەوەی لەسەر هەڵسوکەوت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و کلتورییان دەبێت [4] .

---

[1] احمد أبوزيد ، البناء الاجتماعى مدخل لدراسة المجتمع ( الانساق ) ، دار الناشر الجامعى ، الاسكندرية - مصر، ١٩٧٩ ، ص ٩-١٠.

[2] محمد احمد صادق عسكر ، الطفولة و التنشئة الاجتماعية فى المجتمع الريفى ، دراسة سوسيو انثروبولوجية فى القرية الطوخ الاقلام، رسالة ماجستر ، كلية الاداب ، جامعة المنصورة ، غير المنشورة ، مصر، ١٩٩٨، ص٩١ .

[3] شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثروبولوجيا، المصدر السابق، ل٢٩٠ .

[4] احمد أبوزيد ، البناء الاجتماعى مدخل لدراسة المجتمع ، المصدر السابق ، ص ١٠ – ١١ .

لایــەنی ئــایکۆلۆجی لــە دوو تــەوەری ســەرەکی پێکهــاتووە :  تــەوەری یەکــەم بــاس لــە ڕەگــەزە سەرەکییەکانی لایەنی ئایکۆلۆجی دەکات  و تەوەری دووەمیش باس لە ژینگەی کۆمەڵایەتی چوارتا دەکات.

## تەوەری یەکەم : ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئایکۆلۆجیای چوارتا

ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئایکۆلۆجیای چوارتا زۆرن ، لێرەدا باس لە گرنگەکانیان دەکەین:

### یەکەم :  ڕواڵەتە سروشتیەکانی چوارتا

١.  **شـوێنی جـوگرافی**  :  ئـەم بابەتـە گرنگییـەکی زۆری هەیـە و پێگـەی ئـەو شوێنە بە پێی شوێنەکانی دەوروبەری و فاکتەرە سرورشتییەکان دەردەخات، هەروەها هێزو گرنگیی سروشتی ئابوری و سیاسی و بوارەکانی تر لە شوێنەکەدا دەخاتە ڕوو [١]. شوێنی جوگرافی یەکێکە لە فاکتەرەکانی هێـز و ڕەنگدانــەوەی لەســەر جوڵــەی دانیشــتوان و  بــوارە جیاوازەکــان و هەڵسـوکەوتی سیاسـیی حکومــەت وئاســتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ  دەرەوەدا هەیە [٢] .

هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوە لـە شـوێنی جـوگرافیی شـاری چـوارتا گرنگیـی تایبـەتی  هەیـە، بـەو هۆکارەی  دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوەو لەناوەندی گونـدەکانی شـارباژێڕدایە، ناحیـەکانی سیتەك و سیوەیل و زەلان و گاپیلۆن بەدەوریدا بلاوبوونەتەوە ، سەبارەت بە شوێنی ئەسـترۆنۆمی، دەکەوێتـە نێــوان بازنــەکانی پــانی  ( "٤٠ `٤٣ °٣٥ بــۆ "٥٠ `٤٢ °٣٥ ) بــاکورو  هێڵــەکانی درێــژی   (" ٥٥ `٣٤ °٤٥ بــۆ " ١٠ `٣٣ °٤٥) ڕۆژهەڵاتەوە [٣] .  هەروەها  لە ڕووی ڕووبەرەوە شارەوانیی چوارتا ، کـە شـوێنی توێژینەوەکەیـە ( ٧,٨٢٩,٥ کـــم ) ەو لـــە ڕووی درێـــژی ســـنورەکەیەوە ( ٦٢,٤٨ کـــم ) ە [٤] . وەك لـــەم نەخشـــانەدا ڕونکراوەتەوە :

---

[١] ئەحمەد محەمەد صالح ، شیکردنەوەی جوگرافی دابەشبوونی نشینگە دێهاتیەکان لەقەزای شارباژێڕ ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان ،  سلێمانی –  حکوومەتی هەرێمی کوردستان ، ٢٠٠٨، ل١٧ .


[٢] سروە جلال حمە ،  شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان  لە قەزای شارباژێردا (١٩٥٧- ٢٠٠٩) ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی جوگرافیا ، تۆماری بلاونەکراوە ، سلێمانی ، ٢٠١١ ، ل٥ .

[٣] بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی ، سەنتەری تەکنۆلۆجیای زانیاری ، بەشی Gis  ، بلاو نەکراوە ،  ٢٠١٦ .

[٤] سەرۆکایەتیی شارەوانیی چوارتا ، بەشی هونەری ، بلاو نەکراوە ، ٢٠١٦ .

## نەخشەی ژمارە ( ١ )

### شوێنی جوگرافی ( چوارتا ) لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان نیشان دەدات





سەرچاوە /

بەڕێوەبەرایەتیی ئامـاری سـلێمانی ، سـەنتەری تـەکنۆلۆجیای زانیـاری ، بەشـی GIS ، بڵاونەکراوە ، ٢٠١٦.

## نەخشەی ژمارە ( ٢ )

## شوێنی جوگرافی ( چوارتا ) لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی نیشان دەدات





سەرچاوە /

بەڕێوەبەرایەتیی ئامـاری سلێمانی ، سەنتەری تەکنۆلۆجیای زانیاری ، بەشی GIS ، بڵاونەکراوە ، ٢٠١٦ .

**نەخشەی ژمارە ( ٣ )**

**شوێنی جوگرافی ( چوارتا ) لەسەر ئاستی قەزای شارباژێڕ نیشان دەدات**





**سەرچاوە /**

**بەڕێوەبەرایەتیی ئامـاری سلێمانی ، سـەنتەری تـەکنۆلۆجیای زانیـاری ، بەشـی GIS ، بڵاونەکراوە ، ٢٠١٦.**

## نەخشەی ژمارە ( ٤ )

## شوێنی جوگرافی چوارتا لەسەر ئاستی سنوری گەڕەك نیشان دەدات




سەرچاوە /

بەڕێوەبەرایەتیی ئامـاری سلێمانی ، سەنتەری تەکنۆلۆجیای زانیاری ، بەشی GIS ، بڵاونەکراوە ، ٢٠١٦.

**٢. بەرزو نزمی :** بەرزو نزمییەکانی سەر ڕووی زەوی جیاوازن و بە چەند جۆرێك پۆلێن دەکرێن ، لەبەرزییەوە تا نزمترین ئاست کە ئاوی دەریاکانە ، وەك شاخ و گردو دۆڵ و دەشت و بانەکان کە هەریەکەیان ئاستێکی جیاوازیان هەیە [١] . هەروەها هەرێمی کوردستانی عێراق بە ژمارەیەك گەشەی جیۆلۆجیدا تێپەڕیوە و چەندین بەرزو نزمیی هەیە : یەکەمیان ناوچەی چیا بڵندەکانە، کە چەمانەوەو بەرزیی زۆری تێدایە ، دووەم ناوچەی چیا نزمەکانە و شاخەکانی کەمتر تیژن و پێچی گەورەی تێدایە ، سێیەمیان ناوچەی گردو بانەکانە کە بە بڵندایی نزم ناسراون[٢] .

لە ڕووی جوگرافیەوە شاری چوارتا بەرزو نزمی جیاوازی هەیە، نزمترین ئاست لە ڕووی دەریاوە ( ٦٠٠) مەترە ، هەروەها بەرزترین ئاست ( ١٨٠٠) مەترە ، ژمارەیەك بەرزو نزمیی تریشی تێدایە ( ٩٠٠ مەتر، ١٢٠٠ مەتر، ١٥٠٠ مەتر) کە هەریەك لەم بەرزییانە بەشێك لە شوێنی جوگرافی چوارتا پێك دێنن [٣] .

هەروەها لەڕووی بەرزی و نزمیی شاری چوارتاوە ( شاخ، گرد، دۆڵ ) هەیە ، کە بریتیین لە :

أ. گرد : ئەو شوێنەی بەبەراورد بە شوێنەکانی دەوروبەری بەرزترە و هاوشێوەی شاخە ، بەڵام لەو نزمترە [٤] . لە چوارتادا چەند گردێك هەیە ، بریتیین لە ( گردە موس ) لە باشوری ڕۆژئاوای چوارتا ( باسکی دەرخۆنە) لە باشوری خۆرئاوا ( گردی نەمام) لە باکوری خۆرئاوا ( باسکی سماق) لە باکوری خۆرئاوا ( گردی کۆمەڵە پەینان ) لە باشور ( قەڵاتێ) لە باشوری شاری چوارتادایە [٥] .

ب. دۆڵ : بەگشتی شێوەیەکی لاکێشەییان هەیە و لەنێوان بەرزاییەکانەوە درێژ دەبنەوە ، هەندێکجار ڕووباریان بەناودا دەڕوات ، یان لایەکانی ئەشکەوتیان تێدایە ، هەروەها ڕوخسارێکی جوانیان هەیە ، کە سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت[٦] . لە شاری چوارتادا چەند دۆڵێکی تێدایە کە بریتین لە ( دۆڵێ) لە باکور ( اغا جونی) لە باشور ( تروم تاس) لە باشور (دێمە سەر ) لە باشور ( گەزێ ) لە ڕۆژهەڵاتی شاری چوارتادایە [٧] .

---

[١] صلاح الدين بحيرى ، مبادئ الجغرافيا الطبيعية ، دارالفكر ، دمشق – سورية ، ١٩٩٦ ، ص ١٣٦ – ١٣٧ .

[٢] دانانی کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر - کوردستانی عێراق ، ١٩٩٨، ل٤٩-٥٠ .

[٣] بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی ، سەنتەری تەکنۆلۆجیای زانیاری ، بەشی GIS ، تۆماری بلاونەکراوە ، ٢٠١٦.

[٤] صلاح الدين بحيرى ، مبادئ الجغرافيا الطبيعية ، المصدر السابق ، ص ١٦٢ .

[٥] سەرۆکایەتیی شارەوانیی چوارتا ، بەشی زەوی و زارو موڵکایەتی ، نەخشەی کاسترۆی چوارتا ، تۆماری بلاو نەکراوە ، ٢٠١٦ .

[٦] محمد وتمان محمد ، بنەما جوگرافیەکانی پلاندانانی گەشتیاری لەقەزای شارباژێڕ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣ .

[٧] بەهاوکاری سالار محێدین چنارەیی ، بەرپرسی بەشی زەوی و زارو موڵکایەتیی لە سەرۆکایەتیی شارەوانیی دیاریکروە ، ٢٠١٦/٢/٢٨.



وێنەی ژمارە ( ١ )        دۆڵی ( دۆڵێ ) نیشان دەدات

ت.  شـاخ : بەگشـتی شـاخەکان لـە ڕووی بـەرزوو نزمیـەوە ، بەبەرزییـەکانیان لـە سەرئاسـتی ڕووی زەوی ناسـراون  و یـەکێکن لـە ڕواڵەتـە جـوان و سـەرنج ڕاکێشـەکان ، کـە سـەرنجی مـرۆڤ و گەشـتیارانی ڕاکێشـاوە ، هەندێکیان بەتەنهان و هەندێکی تریان بـە جۆرێکی زنجیرەیـی پەیوەسـتن پێکـەوەو درێـژ بوونەتـەوە [١].  لـە سنوری شارەوانیی چوارتادا  تەنها دوو شـاخ  هەیـە، کـە بـریتیین لـە : شـاخی  ( حـاجی مووسـا ) لـە بـاکوری ڕۆژهەڵات و شاخی ( بەردی قەلێ ) لە باکوری شاری چوارتا .

٣ . سەرچاوەکانی ئاو  :  بەیەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکان دادەنرێت  و بایەخێکی زۆری بۆ دانیشتوانی سەر ڕووی زەوی هەیـە ،  پێداویسـتییەکی سـەرەکییە و بوونـەوەران بەگشـتی بـەبێ ئـاو ناتوانن بژین [٢] . هەروەها  بۆ ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێر زەوی دابەش دەکرێت،  ئـاوی سـەرزەوی لـە شـێوەی ڕووبـارو چـەم و دەریاچـەو زۆنگـاوو دەریـاو زەریاکانـدا دەردەکـەوێت ،  کـە زیـاتر لـە ( ٧٠٪ ) سـەرزەوەی داپۆشـیوەو تـەنها لـە ( ٣ ٪ ) بـۆ خواردنـەوە دەشـێت وەك ئـاوی ڕوبـارو چـەم و دەریاچـەو زۆنگاوەکـان [٣] . ئاوی ژێر زەویش لەئـەنجامی ڕۆچونی ئـاوی بارانـاوو جۆگـەو چـەمەکان  بـەناخی زەویـدا دروست دەبێت ، جارێکی تر لە شێوەی کانی و کارێزو بیردا دەردەکەونەوەو بەکاردەهێنرێنەوە [٤] .

---

[١] الجبال ( موسوعة الجغرافية المصورة ) ، الطبعة الاولى ، مكتبة لبنان ناشرون ، بيروت – لبنان ، ٢٠٠٠ ، ص٤ .

[٢] حسن أبو سمور و حاميد الخطيب ، جغرافية الموارد المائية ، الطبعة الاولى ، دار صفاء ، عمان ، ١٩٩٩ ، ص ٩-١٠ .

[٣] کامەران حەمە ساڵح کارگەچی ، سەرچاوەکانی ئاو ، چاپی یەکەم ، شارەوانیی سلێمانی ، سلێمانی ، ٢٠٠٣ ، ل ٥٢ .

[٤] خەبات عبدلله ، بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشور، چاپی دووەم ،  چاپخانەی ڕوون ، سلێمانی – حکومەتی هەرێمی کوردستان ، ٢٠٠٥ ، ل١٩٤.

بەگشتی لەشاری چوارتادا سوود لە هەردوو جۆرەکەی ئاو وەردەگیرێت ، سەبارەت بە ئاوی سەرزەوی تەنها ئاوی چەم بەکاردەهێنرێت، پرۆژەی ئاو لەسەر چەمی کەناروێ کە دەکەوێتە دەرەوەی چوارتا دروستکراوە ، بەهۆیەوە ئاودابەش دەکرێت بەسەر شارەکەدا ، کە رۆڵێکی زۆری لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خەڵکی لەڕووی بەکارهێنانی ئاوو کەمکردنەوەی کێشەی بێئاوی هەیە .

هەروەها ئاوی ژێر زەوی لە چوارتادا سەرچاوەیەکی گرنگیی ترەو سوودیان لێوەردەگیرێت وەك ( بیر، کارێز، کانی ) سەبارەت بە بیر لە ناو ماڵەکاندا خەڵکێکی کەم بەکاری دەهێنن ، چونکە چوارتا پڕۆژەی ئاوی هەیەو هەموو ماڵێك لە ڕێگای بۆرییەوە ئاوی بۆ ڕاکێشراوە ، هەر بۆیە پێویستیان بەبەکارهێنانی نییە .

یەکێك لەسەرچاوەکانی تری ئاوی ژێر زەوی ، بریتییە لە (کانی و کارێز ) هەندێکیان خراونەتە سەر ئاوی سەرەکیی چوارتا ، کە پڕۆژەی ئاوی کەناروە ، بەشێکی تریشیان بۆ ئاودانی باخ بەکاری دێنن ، یان دەڕوات و سوودی لێنابینرێت . لە شارەکەدا (١١) کارێز هەیە ، بەم ناوانە ( دێمەسەر ، دۆڵێ ، کانی ساردکێ ، هەرەساوێ ، بەردی قۆریان ، دێبەر، سێڵان ، تروفناس ، صۆفی سعید ، دێبەر ، بەری ماڵان) لەگەڵ (٥) کانی ، کە بریتیین لە ( سەلاران ، دێمەسەر، ژنان ، بەهارەکە ، بن چنار ) [١] .



وێنەی ژمارە ( ٢ ) کارێزی دۆڵێ و کانی بن چنار نیشان دەدا

[١] بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی قەزای شارباژێڕ، هۆبەی زەوی و زار ، تۆماری بڵاو نەکراوە ، ٢٠١٦ .

٤ . ئاووهــەوا : ئاووهــەواو ڕەگــەزەکانی لــەلای مــرۆڤ گرنگیــی زۆری هەیــە ، بەتایبەتیی لەسەردەمە کۆنەکاندا ، کە خـەڵکی نـەیان توانیـوە خۆیـان لەسـەرماو گـەرما بپـارێزن ، هـەروەها بابەتێکی گرنگە لەلای زانایان و خەڵکی بەگشتی ، کە پێشبینی بۆ داهاتووەکەی دەکرێت[1]. چوارتاو شارباژێڕ بەگشـتی ئاووهەواکـەی لـە جـۆری ئاووهـەوای دەریـای ناوەڕاسـتە ، بەگشـتی زسـتانی سـاردو باراناوییـە و هاوینی گەرم و وشکە ، بە شێوەیەکی بەرچاویش لە زستاندا بەفر لەسـەر شـاخەکان دەبارێـت ، لـە گـرنگترین ڕەگەزەکان ، کە کاریگەرییی دیاریـان لەسـەر دانیشـتوانەکەی هەیـە ، بـریتیین لـە ( پلـەی گـەرمی و بـەفرو باران )[2] . کە لەم توێژینەوەیەدا باسیان لێدەکرێت :

**أ. پلەی گەرمی :** پلەی گەرمی شاری چوارتا بە دوو جۆر وەرگیراوە ، کە بەرزترین پلەو نـزمترین پلەیـە ، لە ساڵی (٢٠١٠) ەوە تا ساڵی (٢٠١٤) :

**خشتەی ژمارە ( ١ )**

**بەرزترین و نزمترین پلەی گەرما لە چوارتا، ساڵانی ( ٢٠١٠- ٢٠١٤) نیشان دەدات**

| ساڵ | بەرزترین پلەی گەرما | | نزمترن پلەی گەرما | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٠ | ٤٢,٣ | ٧/١٢ | - ٦,٥ | ١/٢٨ |
| ٢٠١١ | ٤٢,٥ | ٧/٢٧ | - ٨,٥ | ١/١٩ |
| ٢٠١٢ | ٤٢,٥ | ٧/١٩ | - ٦,٠ | ١/٢٤ |
| ٢٠١٣ | ٤١,٥ | ٧/١٧ | - ٨,٠ | ١/١٢ |
| ٢٠١٤ | ٤٤,٠ | ٧/١٤ | - ٤,٠ | ١/٩ |

ئــەم خشــتەیەی پێشــەوە پلــەی گــەرمی لەســەر ئاســتی بــەرزترین پلــەو نــزمترین پلــە لەساڵانی ( ٢٠١٠ -٢٠١٤) شاری چوارتا دەستنیشان دەکات ، لەو ماوەیەدا مانگی (٧) وەك گەرمترین مانگی ساڵ وەرگیراوە ، هەروەها لەگەڵ مانگی (١) وەك ساردترین مانگی ساڵ بە نموونە وەرگیراوە.

---

[1] محمد وتمان محمد ، بنەما جوگرافیەکانی پلاندانانی گەشتیاری لەقەزای شارباژێڕ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

[2] سروە جلال حمە، شیکردنەوەی جوگرافیی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای شارباژێردا (١٩٥٧- ٢٠٠٩)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥ .

شاری چوارتا لە هاویندا زۆر گەرمەو پلەی گەرما بۆ سەروو ( ٤٠ ) بەرز دەبێتەوە، هەروەها زستانیش زۆر ساردە ، بە جۆرێك پلەکانی گەرما بۆ خوار پلەی سفر نزم دەبنەوە [١] . هەروەها ئاستی پلەی گەرمی لە شاری چوارتادا کاریگەری زۆری لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی خەڵکی هەیە و پەیوەندی بەلایەنەکانی تری پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە ، بۆ نموونە جۆری بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و گژوو گیا بەپێی سەرماو گەرماو وەرزی هاوین و زستان دەگۆڕدرێن ، جۆری خۆراك گۆڕانکاری بەسەردا دێت ، جۆری جل و بەرگەکان بەپێی پلەکانی گەرمی دەگۆڕدرێن و لە وەرزی زستاندا بەهۆی سەرماوە جلی ئەستور لەبەردەکرێت بەڵام بە پێچەوانەوە لە کاتی گەرماو لەوەرزی هاویندا جلی تەنك و جیاوازتر لەبەردەکرێت ، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و خزمایەتییەکان و چونەدەرەوە بۆدەرەوەی ماڵ لەکاتی دابەزین و بەرزبوونەوەی زۆری پلەی گەرمیدا کەمدەبنەوە ، قووتابخانەکان لەکاتی بەرزبوونەوەو دابەزینی زۆری پلەی گەرمیدا دادەخرێن .

ب. بەفرو باران : لە سنوری شارباژێڕو کۆمەڵگای توێژینەوەدا هەردوو جۆری بەفرو باران هەیە ، بەڵام باران بارین بە جۆرێکی سەرەکی دادەنرێت و زۆرتر دەبارێت ، سەبارەت بە ڕێژەی بەفر و باران لە چوارتا ، ڕێژەکەی بۆ ساڵانی (٢٠١٠ بۆ ٢٠١٥) دەخرێتە ڕوو :

خشتەی ژمارە ( ٢ )

بڕی بارانبارین لەچوارتا، ساڵانی (٢٠١٠- ٢٠١٥ ) نیشان دەدات

| ساڵ | تێکڕای باران/ملم |
|---|---|
| ٢٠١٠ – ٢٠١١ | ٩٤٦,٦ |
| ٢٠١١ – ٢٠١٢ | ٦٦٦,٤ |
| ٢٠١٢ – ٢٠١٣ | ٥٥٨,٨ |
| ٢٠١٣ – ٢٠١٤ | ٦٦٤,٠ |
| ٢٠١٤ – ٢٠١٥ | ٦٧٨,٠ |

[١] بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی قەزای شارباژێڕ، سەنتەری کەشناسی کشتوکاڵی شارباژێڕ ، تۆماری بڵاونەکراوە ، ٢٠١٦ .

**خشتەی ژمارە ( ٣ )**

**بڕی بەفر بارین لەچوارتا، ساڵانی (٢٠١٠ - ٢٠١٥ ) نیشان دەدات**

| ساڵ | تێکڕای بەفر/سم |
|---|---|
| ٢٠١٠-٢٠١١ | ١٩,٥ |
| ٢٠١١-٢٠١٢ | ٤٣,٥ |
| ٢٠١٢-٢٠١٣ | ٦٦,٥ |
| ٢٠١٣-٢٠١٤ | ٢٨,٥ |
| ٢٠١٤-٢٠١٥ | ٢٣,٥ |

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو خشتانەی پێشەوەدا دەکرێت بوترێت ، لە شاری چوارتادا ساڵانە بەفرو بارانی زۆر دەبارێت، بەتایبەتی باران لە ئاستێکی بەرزدایە ، بەرزترین بڕەکەی لە ساڵی ( ٢٠١٠ – ٢٠١١) دایە کە ( ٩٤٦,٦ ملم)ە و نزمترین بڕیش لە ساڵی ( ٢٠١٢ – ٢٠١٣ ) دایە کە ( ٥٥٨,٨ ملم)ە ، هەروەها بەرزترین ڕێژەی بەفربارین ساڵی ( ٢٠١٢ -٢٠١٣) ە یە ، کە (٦٦,٥ سم) ە ، نزمترین ڕێژەش ساڵی ( ٢٠١٠ - ٢٠١١ ) ە یە ، کە ( ١٩,٥ سم )ە [١] . هەروەها بەفرو باران تەنها بابەتێکی سروشتی نییە بەڵکو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و لایەنەجیاوازەکانی وەکو ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری خەڵکی چوارتا هەیە ، بۆ نموونە سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوییە کە دانیشتوانی چوارتا سوودی لێدەبینن ، هۆکارە بۆ ژیانەوەی گژووگیاو ڕوەکی خۆڕسك و چێندراو ، ئەو کەسانەشی جوتیارن و خەریکی کاری کشتوکاڵین پێویستییەکی زۆریان بە ئاو هەیە کە سەرچاوەکەی بەفرو بارانە ، پاشان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و کەمی چوونەدەرەوە لەماڵ بەتایبەتی لەکاتی بەفرو بارانی زۆردا ، هەندێکجاریش هۆکارە بۆ وەستانی هاتووچۆو کارکردنی خەڵکی بەتایبەتی ئەوکاتانەی کە بەفرو بارانێکی زۆر دەبارێت ، هەروەها کاریگەریی لەسەر جۆری جل و بەرگەکان هەیە بۆ نموونە هەوڵ دەدرێت لەکاتی بەفرو باراندا ئەو ئەو جلانە لەبەر بکرێت کە مرۆڤ لەسەرما دەپارێزێت و بەخێرایی تەڕی ناکات .

---

[١] بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی قەزای شارباژێڕ، سەنتەری کەشناسیی کشتوکاڵی شارباژێڕ ، تۆماری بڵاو نەکراوە ، ٢٠١٦ .

**٥. ڕووەکی خۆڕسك و ڕووەکی چێندراو :** شاری چوارتا سەوزاییەکی زۆری هەیە و خاوەن دوو جۆر ڕووەکە : کە بریتییە لە خۆڕسك و چێندراو ، بەگشتی بریتییە لە ( ٣٣٣) دۆنم ، کە ( ٢١٪) ڕووبەری شارەکە پێك دێنێت [١] . لە خوارەوە بەجیا ئاماژە بە هەردوو جۆرەکە دەکرێت :

**أ. ڕووەکی خۆڕسك :** مەبەست لەم ڕووەکە ، ئەو جۆرانەن کە بەرهەمی ژینگەی سروشتیین و لە زەوییەکاندا دەڕوێن بە بێ ئەوەی مرۆڤ دەستی لە ڕواندنیدا هەبێت [٢] . سەبارەت بە ڕووەکی خۆڕسك لە شاری چوارتادا دیاری نەکراوە، ئەو ڕێژەیەی کە لە پێشتردا ئاماژەی پێکرا ، مەبەست هەردوو ڕووەکی خۆڕسك و چێندراوە پێکەوە ، هەروەها گرنگترین جۆرەکانی بریتیین لە داری ( بەڕوو، مازوو، قەزوان، گوێژ، بەلاڵوك، هەرمێ کێویلە، کرۆسك ) . چەندین گژوگیای سروشتی هەیە وەك ( جۆکێویلە ، چاوبازە ، خەرتەلە ، حوشتر لوك) لەگەڵ چەند گوڵێکی سروشتی لە شارەکەدا، وەك ( شلێر، شیلانە ، وەنەوشە ، نێرگز، بەیبون ) [٣] .

**ب. ڕووەکی چێندراو :** مەبەست لە ئەو درەخت و ڕووەکانەن کەلەلایەن مرۆڤەوە چێندراون ، واتا بە سروشتیی نەڕواون و مرۆڤ دەستی تیایدا هەیە ، بەمانایەکی تر بە پێچەوانەی ڕووەکی خۆڕسکەوە کە بەرهەمی ژینگەی سروشتییە ، ئەم جۆرە بەرهەمی دەستی مرۆڤ خۆیەتی [٤] .

ڕووەکو درەختی چێندراو لە چوارتادا ، بریتییە لە ( ٥٠٠٠) درەخت [٥] . لەگەڵ ( ١٢ ) باخ کە چەند کەسێکی چوارتایی خاوەنیانن ، بریتییە لە ( ١٣ ) دۆنم زەوی و ( ٢١٠٠) درەخت ، جۆرەکانی بریتیین لە ( مێو، هەرمێ ، چوالە ، قۆخ ، هەڵوژە ، گوێز ، هەنجیر ، هەنار، توو، سێو ) [*] .

ڕووەکی خۆڕسك یان چێندراو بەگشتی گرنگییەکی زۆریان لەژیانی خەڵکی چوارتا هەیە ، هۆکاری جوانکاری شارەکەو سەوزکردنی شاخ و دەشت و دۆڵ و گردەکانێتی بەجۆرێك کاتێك کەسێك دێتە چوارتاوە هەست بە جوانی شارەکەو زۆری ڕێژەی سەوزایی دەکات ، سەرچاوەی بەرهەمی کشتوکاڵی و خۆراکی هەندێك لە دانیشتوانی چوارتایە ، هۆکارە بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ناو چوارتاو ئەو سەیرانگایانەی سەربە

---

[١] سەرۆکایەتیی شارەوانیی چوارتا ، بەشی هونەری ، تۆماری بڵاو نەکراوە ، ٢٠١٦ .

[٢] يوسف عبدالمجيد فايد ، جغرافية المناخ والنبات ، دار النهضة العربية ، بيروت – لبنان ، بدون سنة ، ص ٢٩٠ .

[٣] بەهاوکاری جمال محمد مارف ، لێپرسراوی هۆبەی خزمەتگوزارییە کشتوکاڵییەکان لە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی چوارتا دیاریکراوە، ٢٠١٦/٣/٢٨.

[٤] يوسف عبدالمجيد فايد ، جغرافية المناخ والنبات ، المصدر السابق ، ص٢٩٠ .

[٥] سەرۆکایەتیی شارەوانیی چوارتا ، بەشی ڕاگەیاندن ، تۆماری بڵاو نەکراوە ، ٢٠١٦ .

[*] ئەم ئامارە بەهاوکاری ( ئازاد عبدالله احمد ) کەسایەتیی بە ئەزموون و کۆنی چوارتا دیاری کراوە .

**چوارتان، گرنگییەکی زۆری هەیە لە دابینکردنی خۆراکی ئاژەڵ و باڵندەکان کە دواتر چوارتاییەکان سوودی لێدەبینن ، بەشێکی ڕوەك لە بواری پیشەسازیدا بەکاردەهێنرێت وەك دروستکردن کۆمەڵێك خواردەمەنی، هۆکاری کۆبوونەوەی خێزان و خزمان و هاوڕێکانە لەناو باخ و شوێنە سەوزاییەکانداو دروستکردنی پەیوەندی لەنێوانیاندا ، هەندێکجاریش لە بواری چارەسەری پزیشکی و نەخۆشیدا بەکاردەهێنرێت ، هەروەها بەتایبەتی لە ڕابردوودا هۆکاری خۆگەرمکردنەوە بووەو وەکو سوتەمەنی بەکارهێنراوە .**



**وێنەی ژمارە ( ٣ ) ڕوەکی چێندراوو خۆڕسك نیشان دەدات**

**٦. ئاژەڵ و باڵندەکان : پەیوەندییەکی بەهێزیان بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە و لە زۆربەی شوێنەکانی جیهاندا هەیە ، لە کۆنەوە وەك هۆکارێك بۆ دروستکردنی جل و بەرگ و ئامادەکردنی خۆراکی ڕۆژانە بەکارهێنراون ، بەشێك لە پێداویستییە گرنگەکانی پڕکردۆتەوە [١] . هەروەها دابەش دەبن بۆ ئاژەڵ و باڵندەیماڵی و کێوی بەم جۆرەی لای خوارەوە :**

**أ. ئاژەڵ و باڵندەی کێوی : لە شارباژێڕو چوارتادا بەگشتی هەیە و بۆ سێ جۆر دابەش دەبن ( خشۆکەکان، ئاژەڵی کێوی ، باڵندەی کێوی ) خشۆکەکان وەك ( مارو دوپشك و مارمێلکەو کیسەڵ) ئاژەڵی کێوی وەك ( کەروێشك ، سمۆرە، بزنی کێوی ، گورگ، چەقەڵ ، پشیلەی کێوی ) هەروەها باڵندەی کێویش وەك ( سوێسکە، مریشکی کێوی ، کۆتری شینکە ، دار کونکەرە ، قازو قولنگ ، قەل و مراوی ) [٢] .**

---

[١] محمد خميس الزوكة ، الجغرافيا الاقتصادية ، دار المعرفة الجامعية ، مصر ، ٢٠٠٠، ص ٨٣-٨٤ .

[٢] محمد وتمان محمد، بنەما جوگرافیەکانی پلاندانانی گەشتیاری لەقەزای شارباژێڕ، سەرچاوەی پێشو، ل٦٢ - ٦٤.

بەشـێك لـە ئـاژەڵ و باڵنـدەی كێـوی هۆكـاری جـوانكردنی لایـەنی سروشـتی و شـاخ و دۆڵ و گـردو دەشـتەكانی شـاری چـوارتایە، هەنـدێكجار ڕاودەكـرێن و وەكـو سەرچـاوەی خـۆراك سـوودیان لێـدەبینرێت ، بەشێكیش وەك ( كەو ، بولبول ، سمۆرە ) لەناو ماڵەكاندا بۆ جوانكاری ڕادەگیرێن .

ب. ئاژەڵ و باڵندەی ماڵی : وەك جۆرێك لە جۆرەكانی ئاژەڵ و باڵندە لە شاری چوارتادا هەیە ، گـرنگترین جۆرەكـانی ئـاژەڵی مـاڵی بـریتیین لـە ( گـا ، مانگـا ، مـەڕ، بـزن، گوێدرێـژ ، سـەگ ) هـەروەها باڵنـدەی مـاڵی بریتییە لە ( مریشك ، قەل ، قاز ، مراوی ، كەو ... هتد ) [1] . بەگشتی گرنگییـەكی زۆریـان هەیـە و یـەكێكن لەسەرچـاوەكانی خـۆراك و بـژێوی ژیـان ، كـڕین و فرۆشـتنیان پێوەدەكرێـت و بووەتـە هـۆی دروسـتكردنی جۆرێك لە كاركردن ، وەك شوانكاری ، یان دۆشینی شیری بەشێك لە ئاژەڵەكان و دواتر دروستكردنی ماست و هەندێك بەرهەمی سپیایی تر ، هەروەها پەیوەندییان بەلایـەنی كلتوریـیـەوە هەیـە بـەو هۆكـارەی لـە چـەند دابونـەریتێكی وەكـو خێركـردن و قوربـانیكردن و هاوكـاری كردنـی هەژارانـدا سـوودیان لێوەردەگیرێـت ، كـە سەردەبڕدرێن و گۆشتەكەیان بەتایبەتی بەسەر هەژاراندا دابەشدەكرێت .

## دووەم : ڕێگاكانی هاتووچۆ

پەیوەندییەكی زۆر لە نێوان ڕێگاو بان و شوێنی نیشتەجێبوون ، یان لە نێوان ڕێگاو دروست بـوونی كۆمەڵگادا هەیە ، هەروەها چەند جۆرێك ڕێگای هاتووچۆ هەیە، وەك (وشكانی ، ئاسمانی ، ئاسـنین ) [2] . لـە هـەرێمی كوردسـتاندا تـەنها سـوود لـە وشـكانی وەردەگیرێـت، لەگـەڵ بـەكارهێنانی ئۆتۆمبێـل وەك ئـامڕازێكی گرنـگ بۆ گواستنەوە [3] .

شاری چوارتاش هەروەك شوێنەكانی تری هەرێمی كوردستان ڕێگاكانی لە ناوخۆو دەرەوەدا وشـكانین، كـە بەشـێكی قیرتـاوەو بەشـێكی خۆڵـە ، سـێ ڕێگـای سـەرەكیی قـیر هەیـە ، كـە چـوارتا دەبەسـتێتەوە بـە شوێنەكانی دەوروبەرەوە لەگەڵ ژمارەیەك ڕێگای دیكەی لاوەكی كە خـۆڵن ، لەگـەڵ چـەند ڕێگایـەكی تـر لـە ناوخۆی چوارتادا ، كە زۆرینەیان قیرتاون ، بەم جۆرە پۆلێن دەكرێن :-

---

[1] بەڕێوەبەرایەتیی كشتوكاڵی قەزای شارباژێڕ، سەنتەری كەشناسیی كشتوكاڵی شارباژێڕ ، تۆماری بڵاو نەكراوە ، ٢٠١٦ .

[2] ممدوح دبس ، مفهوم الموقع الجغرافی الاقتصادی – البشري و أهميته كعامل فی تحديد بنية الاقليم الاقتصادی و تخصصه ووظائف مراكزه العمرانية ، مجلة جامعة دمشق ، المجلد (٣٠) ، العدد (١-٢) ، دمشق ، ٢٠١٤ ، ص٧٥٧ .

[3] دانانی كۆمەڵێك مامۆستای زانكۆ، جیۆگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢١٠ .

١. ڕێگای ئۆتۆمبێل : ئەم ڕێگایانە دەگرێتەوە :

أ. ڕێگای ئۆتۆمبێل – قیرتاوکراو : ئەمانە دەگرێتەوە :

- ڕێگای چوارتا – زەلان – نالْپارێز ( ٤٦ کم )
- ڕێگای چوارتا – سلێمانی ( ٢٥ کم )
- ڕێگای چوارتا – کەناروێ – باسنێ ( ٣٩ کم )

ب. ڕێگای ئۆتۆمبێل – خۆڵ : ئەمانە دەگرێتەوە :

- ڕێگای چوارتا – چنارەی چوارتا / ڕۆژهەڵاتی چوارتا.
- ڕێگای چوارتا – سلێمانی / باشوری ڕۆژئاوا
- ڕێگای چوارتا – موبرە – گۆڕە دێم / ڕۆژهەڵات

٢. ڕێگای خۆڵ / پیادە – ئاژەڵ : ئەم ڕێگایانە دەگرێتەوە :

- ڕێگای چوارتا – بناویلە / باشوری ڕۆژهەڵاتی چوارتا.
- ڕێگای چوارتا – بیانە / ڕۆژهەلاتی چوارتا.
- ڕێگای چوارتا – سنجلّی / باکوری چوارتا.
- ڕێگای چوارتا – گەنکێ / باکوری ڕۆژئاوای چوارتا.
- ڕێگای چوارتا – کەناروێ / باکوری ڕۆژ ئاوای چوارتا.
- ڕێگای چوارتا – میکوکان / ڕۆژئاوا.
- ڕێگای چوارتا – شەمساوا / باشوری ڕۆژئاوا.
- ڕێگای چوارتا – قەڵاچوالان / باشوری ڕۆژئاوا.
- ڕێگای چوارتا – سامان / باشور *

* ئەم ڕێگایانە بە هاوکاری ( سالار محێدین چنارەیی ) بەرپرسی بەشی زەوی و زارو موڵکایەتیی لە بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانیی چوارتا لەسەر نەخشەی ( کاسترۆی چوارتا ) دیاری کراون .

لەناو خۆی چوارتاشدا ژمارەیەك ڕێگا هەیە، کەلەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانیی چوارتاوە بە فەرمی ناسێنراون و ناوو ژمارەیان هەیە، بریتیین لە ( ١٦) شەقام بەناوەکانی ( مەولەوی ، هێمن ، وەلی دێوانە ، مەحوی ، دیاربەکر ، قامشلی، سنە ، سەرسیر، زرێبار، شێخ سەعیدی پیران ، قاسملو، زیرەك ، ماملێ، خاك ، اسماعیل بێشکچی ، لەیلا زانا )[١] .

سەبارەت بە ئامرازەکانی هاتوو چۆکردن لە چوارتادا ، بریتییە لە ئۆتۆمبێل ، بەڵام ئاژەڵ بۆ گواستنەوە بەکارناهێنرێت، کە لە ڕابردوودا و پێش ڕاگواستنی ( ١٩٨٨) ئامرازێکی سەرەکی بووە و بریتیی بووە لە ( ئەسپ ، گوێدرێژ ، ماین ، هێستر ) بەتایبەتیی گوێدرێژ کە بە تەواوەتی پشتی پێبەستراوە .

ڕێگاکان و ئامرازەکانی هاتووچۆ بەگشتی گرنگییەکی زۆریان لە ژیانی خەڵکی چوارتادا هەیە و هۆکاری پەیوەندی ئەوانە بەیەکتری و بەشوێنەکانی دەوروبەرەوە ، بەتایبەتی ڕێگای ( ئۆتۆمبێل – قیرتاوکراو ) چونکە ئامرازی سەرەکی هاتووچۆ بریتییە لە ئۆتۆمبێل و زۆرینەی شۆفێرانیش ڕێگای قیر بە گونجاوترین دەزانن بۆ ئەوەی هاتوو چۆی لێوە بکەن ، بەڵام ڕێگاکانی تر ( خۆڵ – پیادە ) لاوەکین و تەنانەت لەلای زۆرێك لە چوارتاییەکان و خەڵکانی دەرەوەش هاتووچۆی لێوە ناکرێت، پاشان ڕێگا سەرچاوەیەکی سەرەکی گەشەکردن و بەشاری بوونی چوارتایە ، هۆکاری دروست بوونی حکوومەتی خۆجێی و دامەزراندنی چەندین فەرمانگەو بەستنی پەیوەندی کارگێڕی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییە لە نێوان چوارتاییەکان و کەسانی دەرەوەی شارەکەیاندا .



وێنەی ژمارە ( ٤ ) ڕێگای هاتووچۆ نیشان دەدات

---

[١] سەرۆکایەتیی شارەوانیی چوارتا ، بەشی زەوی و زارو موڵکایەتی ، نەخشەی کاسترۆی چوارتا ، تۆماری بڵاو نەکراوە ، ٢٠١٦ .

## تەوەری دووەم :  ژینگەی کۆمەڵایەتیی چوارتا

### یەکەم : دانیشتوان

بە نیشتەجێبوونی خەڵکی باس لە مەڵبەندێکی ئاوەدانی دەکرێت ، کە مەبەست لە کەسانێکە لەماوەیەکی دیاری کراودا  لەو شوێنەدا دەژین و نیشتەجێبوون ،  هەمیشە ئەم ژمارەیە بەبارێکدا جێگیر نابێت ، بەڵکو لە زیادبوون ، یان کەمبووندا دەبێت [1] . سەبارەت بە شاری چوارتا یەکێکە لەو شوێنانەی لەکۆنەوە خەڵکی تێدا نیشتەجێبووە ، ژمارەی دانیشتوانەکەی زیادو کەمی کردووە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ،  لە (١٩٣٤) دا کە سەرژمێری گشتی عێراق ئەنجامدرا، دانیشتوانەکەی (٩٦) ماڵ بووە و (٧٦٨) کەسی لێنیشتەجێبووە ، ئەمە بەیەکەمین ئامار لەسەر دانیشتوانی شاری چوارتا دادەنرێت [2] . هەروەها لە ساڵی (١٩٥٧) دا وەك سەرژمێرییەکی فەرمی لەسەر ئاستی عێراق دانیشتوانی چوارتا ( ١٣٥١) کەس بووە [3] .

دواتر  لە  (١٩٧٧)  دەگاتە ( ٢٢١٦) کەس [4] . پاشان لە ( ١٩٨٧) ژمارەکە کەم دەبێتەوە بۆ (١٥٠٨) کەس[5]. لێرەدا ئەگەر سەیرێك بکرێت ، دەبینرێت ئامارەکان بەرزبوونەوەو نزم بوونەوەیان  پێوەدیارە،  کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ، سەرژمێریەکانی  ( ١٩٦٥ ، ١٩٧٧ ، ١٩٨٧ ) وردەکاری و گشتگیرییان تێدانەبووە، چونکە لە (١٩٦٥) دا  بەخەملاندن دیاریکراوە بە پشت بەستن بە ئاماری ( ١٩٥٧) ، ساڵی ( ١٩٧٧) سیاسەتی ڕاگواستن جێبەجێکرا و (١٩٨٧) جەنگی ( ئێران-عێراق) و دەرکردن و تەنگ پێهەڵچنینی خەڵکی ڕوویداوە [6] .

لە دوای ساڵی ( ١٩٨٧) ەوە  سەرژمێری لە چوارتادا ئەنجام نەدراوە ، (٢٠٠٢) لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانییەوە  خەملاندنێك کرا ، لەسەر ئەو بنەمایە ژمارەی دانیشتوانی چوارتا بریتی بووە لە ( ١٢٧٢) کەس،  کۆی گشتیەکەی پێکهاتبوو لە ( ٢٢٢) خێزان ،  (٦٠٥) نێر و (٦٦٧) مێ [7] .

---

[1] سروە جلال حمە،  شیکردنەوەی جوگرافیی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان  لە قەزای شارباژێردا (١٩٥٧- ٢٠٠٩) ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٠.

[2] قەزای شارباژێڕ ، گۆڤاری ساڵنامەی سلێمانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٤ .

[3] سەرۆکایەتیی شارەوانیی چوارتا ، بەشی ڕاگەیاندن ، تۆماری بڵاونەکراوە ، ٢٠١٦ .

[4] جمهورية العراق ، وزارة التخطيط ، الجهاز المركزى للاحصاء ، مديرية الاحصاء السكاني ، نتائج التعداد العام للسكان سنة (١٩٧٧)، محافظة سليمانية ، ١٩٧٨ ، ص٨١.

[5] جمهورية العراق ، وزارة التخطيط ، الجهاز المركزى للاحصاء ، مديرية الاحصاء السكاني ، نتائج التعداد العام للسكان سنة (١٩٨٧) ، محافظة سليمانية ، ١٩٨٨ ، ص٣٥.

[6] ئەحمەد محەمەد صاڵح ، شیکردنەوەی جوگرافی دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکان لەقەزای شارباژێڕ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

[7] مديرية الاحصاء السليمانية ، عدد السكان و المساحة على المستوى القضاء فى الاقليم الكردستان/العراق ، لسنة (٢٠٠٢) .

لـە (٢٠٠٩) دا لەلایـەن بەڕێوەبەرایـەتیی ئامـاری سـلێمانییەوە (ئەنجامـە سـەرەتاییەکانی کـاری ژمارەلێدان و گـەمارۆ) بـڵاو کرایـەوە ، لـەو سـاڵەدا دەبینـرێت ژمـارەی دانیشـتوان بەرزبووەتـەوەو گەیشـتۆتە (٣٧٢٦) کەس ، لـە کـۆی ئـەو ژمارەیـە (٨٢٣) خێـزان هەیـە : لەگـەڕەکی شـاخی ( ٨٨) خێـزان نیشـتەجێیە و ژمارەیان دەگاتە (٣٨٥) کەس ، لەبەری ماڵان (٨٨) خێزان هەیەو لـە (٤٢٤) کـەس پێکهاتوون ، لـە بـاخی( ١٢٣) خێـزان نیشـتەجێیە ، کـە دەکاتـە (٥٠٣) کـەس ، گـەڕەکی بابـان ژمـارەی خێزانـەکانی بریتییـە لـە ( ٩٣) خێـزان ، لەگـەڵ ( ٤١٤) کـەس ، داری جەژنـەش ( ١١٣) خێزانـی لێنیشـتەجێیە کـە ژمارەیـان دەکاتـە ( ٥١٨) کـەس ، هـەروەها لـە سـەربەڕۆژیش ( ١٩٢) خێـزان هەیـە کـە کـۆی گشـتی دانیشـتوانەکەی بریتییـە لـە (٨٩٤) کـەس[١] . هـەروەها بـە پێـی خەمڵانـدنێکی تـر ( ٢٠١٦ ) ژمـارەی دانیشـتوانی چـوارتا بەرزبووەتـەوە بـۆ ( ٤٠٧٤ )کـەس، کـە ( ٢٠٨٤) لـە ڕەگـەزی نێـرن و ( ١٩٩٠ ) لـە ڕەگـەزی مـێن ، لـە کـۆی ئـەو ژمارەیـە ( ٩٢٠ ) خێزان هەیە [*] .

ئەگـەر سـەیرێکی ژمـارەی دانیشـتوان لـە ( ٢٠٠٢) بکـەین و بـەراورد بکرێـت بـە ( ٢٠٠٩) هـەروەها ( ٢٠١٦ ) دەبینـرێت لـەماوەی دوایـدا بەرزبونەوەیـەکی بەرچـاوی بـەخۆوە بینیـوە ، واتـا ژمـارەی دانیشـتوان بەجۆرێکی بەرچاو ڕووی لەبەرز بونەوە کردووە، کـە دەکرێـت بەگشـتی بـۆ چـەند هۆکارێـك بگەڕێنرێتـەوە ، وەك : زۆری ژمـارەی لـە دایکبـوون بەبـەراورد لـە مـردن ، هـاتنی خـەڵکێکی زۆر لـە لادێکـانی دەوروبـەرو دەرەوەی شارباژێڕ بۆ مەبەستی کاری فەرمانبـەری لـە چـوارتادا ، بـەو هۆکارەی ناوەنـدی قـەزای شـارباژێڕەو قایمقامییـەت و فەرمانگەیـەکی زۆری لێنیشـتەجێیە ، پاشـان گەڕاندنـەوەی هەنـدێك لـە چـوارتاییەکان و نیشـتەجێبوونیان لـە شـارەکەیاندا هۆکـارێکی تـرە بـۆ زیـادبوونی ژمـارەی دانییشـتوان ، ئـەمانیش بەشـێکیان هۆکاری هاتنەوەیان ئەوەیە کە بوونەتە فەرمانبەر ، هەروەها بەشێکی تریان خاوەنی خانوو دووکان و زەوی کشـــتوکاڵی بـــوون ، گەڕاونەتـــەوە بـــۆ مەبەســـتی ئاوەدانکردنـــەوەیان و کـــارکردن تیایانـــدا ، هـــەروەها ئاســـایش و ئـــارامی بەتایبـــەتی لـــە ڕووی سیاســـیەوە هۆکـــارێکی تـــرە بـــۆ کـــۆچ کردنـــی خـــەڵکی بـــۆ چـوارتاو نیشـتە جێبوونیـان لـە شـارەکەدا ، چـونکە گرنگییـەکی زۆری هەیـە بـۆ مانـەوەی خـەڵکی لـە شوێنێکی دیاریکراودا .

---

[١] بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی ، ئەنجامە سەرەتاییەکانی کاری ژمارەلێدان و گەمارۆ ، مانگی١٢/ ٢٠٠٩ .

[*] لە ( دابان کمال صالح ) موختاری شاری چوارتا وەرگیراوە ، ٢٠ / ٨ / ٢٠١٦ .

## دووەم : پەیوەندییەکانی خەڵکی چوارتا

### ١. پەیوەندیی خەڵکی چوارتا بەدەوروبەرەوە – شاربازێڕ :

پەیوەندییەکانی خەڵکی چوارتاو دەوروبەر ( شاربازێڕ ) لەسەر چەند بنەمایەکە، کە لەخوارەوە بە خاڵ ئاماژە بە پەیوەندییە ( جوگرافی و کارگێڕی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوریی ) ەکان دەدرێت :

أ. پەیوەندیی جوگرافی : یەکێك لە پەیوەندییەکانی خەڵکی چوارتا بە دەوروبەرەوە بریتییە لە لایەنی جوگرافی و دراوسێیەتی ، کە هاوسنورە لەگەڵ ناحیەکانی ( سیوەیل و زەڵان و سیتەك و گاپیلۆن و قەزای ماوەت ) [1] واتا لە ڕووی سنوری جوگرافییەوە هاوسێن و نزیکی یەکترین ، کە هۆکارە بۆ دروست بوونی چەند پەیوەندییەکی تری وەك ( کارگێڕی ، کلتوری ، ئابوری ، کۆمەڵایەتی ) .

ب. پەیوەندیی کارگێڕی : پەیوەندییەکی تری نێوان خەڵکی چوارتاو دەوروبەر ، لە ڕێگای فەرمانگەو دامەزراوەکانەوەیە ، بەو هۆکارەی ناوەندی قەزای شاربازێڕەو دانیشتوانی گوندو ناحیەکانی تر سەردانی فەرمانگەکانی چوارتا دەکەن بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان ، هەروەها هەندێکیان پەیوەندیی ناسیاوییان لەگەڵ فەرمانبەراندا بۆ دروست بووە و بەشێکیشیان ئەو کەسانەی خزم و ناسیاویان هەیە بە ئاسانی دەتوانن سەردانیان بکەن .

ت. پەیوەندیی کلتوری : پەیوەندییەکی تر لایەنی کلتورییە ، چوارتاییەکان بەگشتی خۆیان بە بەشێك لە کلتوری شاربایڕو خەڵکەکەی دەزانن ، هەروەها بە پێچەوانەوە ناوەندی قەزای شاربازێڕە و کلتورو داب و نەریتی شارەکە بۆ شاربازێڕییەکان گرنکە ، لە یەکچوونێکی زۆریش لە نێوانیاندا هەیە لە ڕووی داب و نەریت و جۆری کلتوری مادی و داب و نەریت و ئاییننداری و یاسایی و سیاسی و هونەری و پەروەردەییەوە .

پ. پەیوەندیی ئابوری : یەکێکی ترە لە پەیوەندییەکان ، بەوهۆکارەی هەندێك لە خەڵکی لە گوندو لادێکانی دەوروبەرەوە هاتونەتە چوارتاوەو تیایدا نیشتە جێبوون ، زەوییان هەیەو کشتوکاڵ دەکەن لەو شوێنانەی کە پێشتر تیایدا ژیاون ، هەروەها هەندێکی تر کە خۆیان بە چوارتایی ڕەسەن دەزانن ، لە چواردەوری شارەکەیاندا زەوییان هەیە و کاری کشتوکاڵی دەکەن .

---

[1] بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی ، سەنتەری تەکنۆلۆجیای زانیاری بەشی GIS ، نەخشەی قەزای شاربازێڕ ، نەخشەی ژمارە ( ٣ ) ، ٢٠١٦ .

ج.  پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و خێزانی :  لایەنێکی تره که پەیوەندیی دروستکردووه لەگەڵ دەوروبەردا ، بەو هۆکارەی بەشێك له چوارتاییەکان ژن و ژن خوازییان  لەگەڵ شوێنەکانی تردا ئەنجامداوه ، بەشێکیشیان ئەوانەی کە خەڵکی شوێنەکانی دەوروبەرو گوندەکانن و خزم و ناسیاویان هەیە، هەندێکی تریش لە چوارتاییە ڕەسەنەکان بەهۆی نزیکی شوێنی جوگرافیەوه پەیوەندی ناسیاوی و کۆمەڵایەتیان لەگەڵ کەسانی چواردەوری شارەکەیاندا بۆ درووستبووه ، کە ئەمانە هۆکارێکی گرنگن بۆ تێکەڵاوی و دروست بوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و خێزانی .

٢.  پەیوەندیی خەڵکی چوارتا  بە دەرەوەی شارباژێڕ :  پەیوەندییەکانی خەڵکی چوارتا بەدەرەوەی شارباژێڕ لەچەند ڕوویەکەوەیە ،  وەك لایەنی جوگرافی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری و کارگێڕی ، کە لە خوارەوە بە خاڵ ئاماژەی پێدەکرێت :

أ.  پەیوەندیی جوگرافی :  یەکێکە لە پەیوەندییەکانی نێوانیان ،  چوارتا بەشێکە لە شارباژێڕ، لەو ڕێگایەوە هاوسنورو دراوسێیە لەگەڵ  ( ئێران ، ماوەت،  سلێمانی ، سەید سادق ، پێنجوێن، دوکان ) [1] و دەبەسترێتەوە بەهەریەك لەو شوێنانەوە .

ب.   پەیوەندیی ئابوری : ئەمە لایەنێکی تره ، کە زۆر کات پەیوەندیی بازرگانی و هەناردەکردن و هاوردەکردن هەبووه ،  بەرهەمی کشتوکاڵی و دانەوێڵەو ئاژەڵ هەناردەکراوه بۆ بازاڕەکانی دەوروبەر لەبەرامبەریشدا هەندێك کەل و پەلی پێویستی تر کڕدراون و هێنراونەتە چوارتاوه ، بەڵام ئەمە گۆڕدراوەو بووەتە هاوردەکردن ، کەل و پەل و خۆراکی پێویست لەلایەن بازرگان و دووکاندارەکانی چوارتاوه دەهێنرێتە ناوەوه ، بەتایبەتیی لە سلێمانییەوه ، هەروەها دانیشتوانی چوارتا خۆشیان دەچنە بازاڕی سلێمانی و شارەکانی تری کوردستان و وڵاتی ئێران و چەندین شوێنی تر بۆ کڕینی کاڵاو کەل و پەلی پێویست .

ت.   پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و خێزانی :  ئەمە یەکێکی تره لە پەیوەندییەکان و چەند جۆرێکە : بەشێك لە خەڵکی چوارتا پەیوەندیی ژن و ژن خوازییان لەگەڵ شوێنەکانی دەرەوەی شارباژێڕ هەیە ، وەك وڵاتی ئێران و شاری سلێمانی و قەزاو ناحیەکانی و  شاری هەولێرو شوێنی تر ، هەندێکی تریان خزم و ناسیاویان لە شوێنەکانی دەرەوەی شارباژێڕ هەیە ، بەشێکیش لە چوارتاییەکان دوو بنەن و دوو ماڵیان هەیە، بەگشتی یەکێکیان لە سلێمانییەو ئەوی تریان لە چوارتایە ،

---

[1] بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی ، سەنتەری تەکنۆلۆجیای زانیاری بەشی GIS ، نەخشەی قەزای شارباژێڕ، نەخشەی ژمارە ( ٢ ) ، ٢٠١٦ .

له خانووەکەی سلێمانییدا بەشێك لە منداڵەکانیان نیشتەجێکردووە و خۆشیان جاروبار سەردان دەکەن ، لەو ڕێگایەوە پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکەکەی دروست کردووە .

پ . پەیوەندیی کلتوری : پەیوەندییەکی گرنگە کە چوارتاو شوێنەکانی دەرەوەی شارباژێڕ بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەتایبەتیی شاری سلێمانی و ماوەت و سید سادق و دوکان و هەندێك شوێنی نزیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، کە بەهۆی نزیکی سنوری جوگرافییەوە ، لێکچوونێکی زۆر لە لایەنی کلتوری مادی و مەعنەویاندا هەیە و لە ڕووی جل و بەرگ و خانووبەرەو خواردن و کەل و پەلی ناو ماڵ و ئایینداری و پەروەردەو زۆر لایەنی ترەوە هاوشێوەییان هەیە .

ج. پەیوەندیی کارگێڕی : لە ڕووی کارگێڕییەوە چوارتا بەشێکە لە پارێزگای سلێمانی ، پێویستە پابەندی ڕێنماییەکان بێت کە لە بەڕێوەبەرایەتییە جیاوازەکانییەوە دەردەچێت ، دواتر پەیوەستە بە بڕیارو ڕێنماییە کارگێڕییەکانی حکومەتی هەرێم کە دەری دەکات بۆ شارو شارۆچکەو ئەو شوێنانەی بەڕێوەیان دەبات .

### ٣. پەیوەندییەکانی خەڵکی چوارتا بە فەرمانگە حکومییەکانەوە :

خەڵکی چوارتا پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ فەرمانگە حکومییەکانی شارەکەیان هەیە ، کە تەنها لایەنی کارگێڕی نییە ، بەڵکو پەیوەندییەکی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و جوگرافیشە ، کە لە خوارەوە بە خاڵ ئاماژەی پێدەکرێت :

أ. پەیوەندیی جوگرافی : فەرمانگە حکومییەکان دەکەونە شاری چوارتاوە ، ماڵەکان بە گشتی لە دەوریان کۆبوونەتەوە ، کە واتای ئەوەیە پەیوەندییەکی هاوسێیەتی نزیك لە نێوانیاندا هەیە .

ب. پەیوەندیی کارگێڕی : خەڵکی چوارتا بەشێك لە پێداویستی و کارە جۆراو جۆرەکانیان لە ڕێگای فەرمانگەکانی شارەکەوە ڕادەپەڕێنن ، وەك : کێشەکانی کشتوکاڵ و خانوبەرەو تەندروستی و پەروەردەو ئاسایش و کێشەی کۆمەڵایەتیی و خێزانی و چەندین بواری تر ، کە بەو هۆیەوە سوود مەند دەبن .

ت. پەیوەندیی ئابوری : بۆ بەشێك لە چوارتاییەکان ، فەرمانگەکان شوێنی دەستکەوتی ئابوریی و بەدەست هێنانی بژێوی ژیانە ، بەو هۆکارەی هەندێك لەژن و پیاوەکان مووچەخۆرن و وەك فەرمانبەر کاری تێدادەکەن .

پ. پەیوەنـدیی کۆمەڵایـەتی : بـەو هۆکـارەی چـوارتا شـوێنێکی بچـووکە و ژمـارەی دانیشـتوانی کەمـە ، بووەتـە هـۆی دروسـت بـوونی پەیوەنـدیی کۆمەڵایـەتیی و ناسـیاوی لـە نێـوان فەرمانبـەران و بەشـێك لـە خەڵکەکەی ، کە بەباشی یەکتری دەناسن و وەکو فەرمانبەرو هاوڵاتییەك مامەڵە لەگەڵ یەکتری ناکەن .

## سێیەم : خانوبەرە

١. جۆری خانوو : شـوێنی نیشـتەجێبوون گرنگییـەکی زۆری بـۆ مـرۆ هەیـە ، چـونکە جێگایەکـە بـۆ ئارامبوونـەوەو کۆبوونـەوەی ئەنـدامانی خێـزان ، ئـەم گرنگییـەش بـۆ چـوارتاییەکان بەهـەمان جـۆرە . بـە گشـتی خانووەکـانی چوارتا لـە ڕووی ڕووبـەرو نەخشـەوە وەکـو یـەك نـین و لەیـەکتری جیاوازن ، جگە لە ( ٥٠٨ ) خانوو کە لەلایەن ڕێکخراوی هابیتاتەوە لە سەر بڕیاری نەوت بەرامبەر خـۆراك دروسـتکراوە ، کـە دەکەونـە گەڕەکـەکانی ( داری جەژنـە، نێرگزەکـان ، سـەربە ڕۆژ ) ەوە ، بـە گشـتی ڕووبەرەکانیان ( ٢٠٠ ) م□ ە و لە سێ ژوورو تەوالێت و حەمام پێکهاتوون .

هەروەها زۆربەی ئەو خانوانەی لە ئێستادا دروست دەکرێن ، لەسـەر ڕووبـەری ( ٢٠٠ ) م□ یـە ، کە لـە سێ ژوورو حـەمام و تـەوالێت پێـك دێـن ، بـەڵام خانووەکـانی تـر کـە لـە شـاری چـوارتادا هەیـە و پێشـتر دروستکراون ، نەخشەو ڕووبەڕو ژمارەی ژوورەکانیـان جیـاوازە و لـە ( ٥٠ ) م□ وە بـۆ ( ٢٠٠ ) م□ و زیـاتر هەیە ،ئەو کەرەستانەشی بـەکارهێنراوە لـە دروسـتکردنیاندا بـریتیین لـە ( بلـۆك ، خشـت ، چیمەنتۆ ، لم ، کاشی .. هتد ) . بەگشتی چەند خزمەتگوزارییـەکیان هەیـە وەك ( ئـاو ، کارەبـا ، ئـاوەڕۆ ) هـەروەها تـەنها کارەبای حکومی هەیە .

٢. گـەڕەك : چـوارتا لـە ڕووی گەڕەکـەوە لـە کۆنـەوە تـا ئێسـتا ، چـەند گۆڕانکارییـەکی بـەخۆوە بینیـوە و ژمارەکـەی زیـادی کـردووە . تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـت تـەنها ( ٢-٣) گەڕەك بووەو لەلای سورەچنارەکەوە بەرەو ڕێگای سەرسیر درێـژ بووەتـەوە ، بـەڵام لـە ساڵی(١٩٥٤) فـراوانتر کرا، قوتابخانەی پاش پیرالك دروستکراو گەڕەکی ناوەڕاست ( باخی) خانووی تێکەوت ، دواتر لە حەفتاکانـدا زۆرتر فراوان بوو ، واتا پێکهاتەی گەڕەکەکانی زیادی کرد [1] . بە پێـی سـەرژمێریەکانیش چوارتا لـە (٢٠٠٢) دا لـە (٤) گـەڕەك پێکهـاتووە بـەم ناوانـە ( بـەری مـاڵان ، نـاودێ ، شـارەوانی ، فەرمانبـەران ) [2] .

---

[1] سەرۆکایەتیی شارەوانیی چوارتا ، بەشی ڕاگەیاندن ، تۆماری بڵاونەکراوە ، ٢٠١٦ .

[2] مديرية الاحصاء السليمانية، عدد السكان و المساحة على المستوای القضاء فی الاقليم الكردستان/العراق، لسنة (٢٠٠٢).

لەدوای ئەو بەراوردەشەوە چەند گەڕەكێكی نوێ دروستكران و بوونە حەوت دانە بەناوی ( شاخی ، بەری ماڵان ، باخی ، بابان ، داری جەژنە ، نێرگزەكان ، سەربەرۆژ ) [1] .

لەو حەوت گەڕەكەی چوارتادا ( ٩٩٦ ) خانوو هەیە ، بەم جۆرە دابەش بوون : گەڕەكی شاخی ( ١١١ ) خانوو ، بەری ماڵان ( ٨١ ) خانوو ، باخی ( ١٢٩ ) خانوو ، بابان ( ٢٢٤ ) خانوو ، داری جەژنە ( ١٠٧ ) خانوو ، نێرگزەكان ( ١٣٦ ) خانوو، سەربەرۆژ ( ٢٠٨ ) خانوو [2] . كە زۆربەیان موڵكی تایبەتن ، هەرچەندە بە فەرمی و بە پێی یاسا نەكراوە بەناوی خاوەنەكانیانەوە . تەنها (٣٧) خانوو نەبێت بەناوی ( ئیدارە مەحەلی) و ( ٨) خانوو كە خانوی شارەوانییە ، موڵكی گشتین واتا حكومەت خاوەنێتی [3] .

ئەگەر سەیری ژمارەی گەڕەك و خانووەكان بكرێت ، بەردەوام ژمارەیان لەزۆربووندا بووە ، یەكێك لە هۆكارەكان پەیوەندی بە گەشەی ژمارەی دانیشتوانەوە هەیە ، كە پێویستی كردووە شوێنی نیشتەجێبوونی نوێ دروستبكرێت ، هەروەها پێشتر ( ٥٠٨ ) خانوو لەلایەن رێكخراوی هابیتاتەوە دروستكراوەو دابەشكراوە ، كە ڕۆڵی هەبووە لە فراوانكردنی گەڕەكەكان و زیادكردنی ژمارەی خانووەكان ، پاشان هۆكاری گەشەكردنی گەڕەكەكانی چوارتا بە جۆرێكی ئاسۆیی و نەبوونی شوقە وایكردووە بەردەوام خانووی نوێ دروستبكرێت و ژمارەی گەڕەك و خانووەكان زیاد بكات ، هۆكارێكی تر ئەوەیە كە نرخی زەوی زۆر گران نییە و ئاسانتر دەتوانرێت خانوویەكی نوێ دروستبكرێت ، لە ڕووی كۆمەڵایەتییشەوە بەشێك لە چوارتاییەكان كاتێك كوڕێكیان هاوسەرگری دەكات ماڵی جیای بۆ دەكەن و هەوڵ دەدەن لە خانوویەكی سەربەخۆدا نیشتەجێی بكەن .

٣. بازاڕ : لە شاری چوارتادا بازاڕێكی بچووك هەیە ، چەند دووكانێكی كەم و بچووكی تێدایە ، كە توانای پڕكردنەوەی پێداویستییە ماددییەكانیان نییە ، هەر بۆیە خەڵكی بەتایبەتیی بۆ كڕینی جل و بەرگ و كەل و پەلی ناوماڵ سەردانی شاری سلێمانی دەكەن . ژمارەیان (١٢٩) دووكانە كە ( ٤٤) یان دووكانی شارەوانیین (٨٥) یان دووكانی هاوڵاتیانن [4] . بەشێكیان دوان یان سیان كراون بەیەك و بەینەكانی ڕووخێندراون ، تەنها ( ٧٩) یان كراوەیەو كڕین و فرۆشتنی تێدا دەكرێت، بەم جۆرەی لای خوارەوە :

---

[1] سەرۆكایەتیی شارەوانیی چوارتا ، بەشی ڕاگەیاندن ، تۆماری بڵاونەكراوە ، ٢٠١٦ .

[2] بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی ، ئەنجامە سەرەتاییەكانی كاری ژمارەلێدان و گەمارۆ ، مانگی٢٠٠٩/١٢ .

[3] سەرۆكایەتیی شارەوانیی چوارتا ، بەشی ڕاگەیاندن ، تۆماری بڵاونەكراوە ، ٢٠١٦ .

[4] هەمان سەرچاوە .

**خشتەی ژمارە ( ٤ )**

**ژمارەی دووکان و جۆری دووکان نیشان دەدات**

| جۆری دووکان | ژمارە | جۆری دووکان | ژمارە | جۆری دووکان | ژمارە |
|---|---|---|---|---|---|
| سەرتاشخانە | ٤ | مارکێتی بچووك | ٦ | دووکانی کۆمپیوتەر | ٣ |
| قەساب | ٢ | سەمونخانە | ١ | دووکانی غاز | ١ |
| چێشتخانە | ٢ | نانەواخانە | ٢ | دارتاشخانە | ٢ |
| کەبابخانە | ١ | دووکانی مریشك | ٤ | پلاستیك | ١ |
| چایخانە | ٢ | بریکاری خۆراك | ١٠ | ڕۆنگۆڕ | ٢ |
| دووکانی لەفە | ٣ | نوسینگەی خانووبەرە | ٢ | فیتەر | ٣ |
| کافتریای گەنجان | ٢ | تەنەکەچی | ١ | ئاسنگەر | ٣ |
| دووکانی وشکە | ٧ | کەلوپەلی کارەبایی | ٤ | وێنەگرو ئیستینساخ | ٣ |
| چەوولم | ٢ | کۆمپانیای فانس نێت | ١ | نوسینگەی شۆفێری | ١ |
| دوکانی شیرینی | ١ | دووکانی پێستە | ١ | دووکانی مۆبایل | ١ |
| ئارایشتگای ژنان | ٢ | | | | |

**بەگشتی دووکانەکان لە ڕوی ڕووبەرەوە ( ٣ × ٤ م ) یان ( ٣ × ٥ م ) دەبن ، بەڵام ئەوانەی کە دووان یان سیان کراون بەیەك ، دەبێت کەرەتی دوو یان سێ بکرێت [*] .**

**هەروەها هۆکاری گەشەنەکردنی بازاڕ و دووکانەکان ، سنورداری پرۆسەی کڕین و فرۆشتنە، کە بەشێکی پەیوەندی بە بچووکی چوارتاو کەمی ژمارەی دانیشتوانەکەیەوە هەیە ، بەشێکیشی پەیوەندیی بە هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و نزیکی لە شاری سلێمانییەوە هەیە ، بەوهۆکارەی بازاڕێکی گەورەو بەرفراوان و نوێی تێدایە ، کاریگەریی لەسەر دانیشتوانی چوارتا بە دوو جۆر دروست کردووە : یەکەمیان خەڵکی بڕۆن لەوێ کەل و پەل و پێداویستییەکان بکڕن، هەروەها بووەتە هۆی گەشەنەکردنی بازاڕو نەکردنەوەی دووکان و نەبوونی بە شوێنێکی بازرگانی و کڕین و فرۆشتن لە شارەکەدا .**

---

[*] ئەم خشتەیە لە کارەکانی توێژەرە .



وێنەی ژمارە ( ٥) بازاڕی چوارتا نیشان دەدات

٤. فەرمانگەو دامەزراوەکان : فەرمانگەکان ڕۆڵێکی گرنگییان هەیە و ڕۆژانە خەڵکی بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان سەردانیان دەکەن ، هەروەها چەند دامەزراوەیەکی سیاسی و ئاینی و پەروەردەیی هەیە کە کاریگەرییان لەسەر دانیشتوانی چوارتا لەڕووی کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و کلتورییەوە دروستکردووە ، بەڵام سەبارەت بە ڕێکخراوە ناحکومییەکان، تەنها دوو ڕێکخراو بارەگای هەیە .

فەرمانگەکان بریتین لە : بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی چوارتا ، دانوسی شارباژێڕ ، دارایی شارباژێڕ ، بەڕێوەبەرایەتیی بەشی پۆلیسی دارستان ، ئاوی چوارتا ، سەرۆکایەتیی شارەوانیی چوارتا ، صیانەی کارەبای چوارتا ، بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی شارباژێڕ ، گواستنەوەی چوارتا ، بەڕێوەبەرایەتیی پۆستەو گەیاندنی چوارتا ، قایمقامیەتی قەزای شارباژێڕ ، بنکەی تەندروستیی چوارتا دادگای بەرایی شارباژێر، نوسینگەی زانیاری ، لێپرسراوی کۆگاکان ، بەڕێوەبەرایەتیی جێبەجێکردنی شارباژێڕ ، ڕەگەزنامەو باری شارستانیی شارباژێڕ ، بنکەی بەرگریی شارستانیی چوارتا ، بنکەی هاتوو چۆی چوارتا ، بنکەی پۆلیسی چوارتا ، بەرگریی فریاکەوتن ، پاسەوانی سنور فەوجی ٤ ، یاریدەدەری ئاسایشی شارباژێڕ ، بانك ، کتێبخانە .

هەروەها پێنج قوتابخانەی هەیە : سەرسیری تێکەڵاو ، شارباژێڕی بنەڕەتی ، چوارتای بنەڕەتی ، دواناوەندیی چوارتای ئێواران ، ئامادەیی چوارتا ، یەك باخچەو یەك دایەنگای هەیە: باخچەی ساوایانی چوارتا ، دایەنگای چوارتا ، چوار مزگەوت هەیە : مزگەوتی گەورەی چوارتا، مزگەوتی مەحوی ، مزگەوتی شەهید دانا ، مزگەوتی بەری ماڵان ، دوو ڕێکخراویش هەیە : یەکێتی ژنانی کوردستان و کازیوەی منداڵان . سێ بارەگای سیاسیش هەیە : کۆمیتەی ڕێکخستنی چوارتای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، مەکۆی شارباژێڕی بزووتنەوەی گۆڕان ، لیژنەی ناوچەی شارباژێڕی پارتیی دیموکراتیی کوردستان .

# بەشی سێیەم

## لایەنی ئابوری

ئەم بەشە باس لەلایەنی ئابوریی شاری چوارتا دەکات و پێکهێنەرەکانی دەستنیشان دەکات، کە بە سێ تەوەر دیاریکراون ، بەم جۆرەی لای خوارەوە :-

**تەوەری یەکەم : سیستمی خاوەندارێتی**

1. خاوەندارێتیی گشتی
2. خاوەندارێتیی تایبەت

**تەوەری دووەم : بەرهەمهێنان**

1. کشتوکاڵ و ئاژەڵداری
2. پیشەسازی
3. گەشتوگوزار
4. ئاڵو گۆڕ

**تەوەری سێیەم : دابەشکردنی کار**

1. دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای تەمەن و ڕەگەز
2. دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای پسپۆڕی

## لایەنی ئابوری

**ئەم بەشە لایەنی ئابوریی شاری چوارتاو پێکهێنەرەکانی دەخاتە ڕوو ، کە بە سێ تـەوەر دیاریکراون :**

**لایەنی ئابوریی کە بەشێکی تری پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنێت ، گرنگییـەکی زۆری هەیـە و پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ لایەنەکانی تردا هەیـە، کـە هەریەکـەیان کاریگـەریی بۆ سـەر ئـەوی تریـان دەبێت و تەواو کەری یەکترین ، بەتایبەتی لە کۆمەڵگای سەرەتایی یان نەریتیدا زۆر بە ڕوونـی دەردەکـەوێت، بەڵام لە کۆمەڵگای نوێدا ئەو پەیوەندییە ناڕاستەوخۆیەو هەریەك لە حکوومەت و خێزان و ئاین ڕاسـتەوخۆ دەست لە کاروباری ئابوری و بازاڕەوە وەرنادەن [1].**

**لەم توێژینەوەیەدا ئابوری وەك بەشێکی سەرەکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەخرێتـە ڕوو ، کـە دەبێت بە سێ تەوەرەوە : تەوەری یەکەم بریتییە لە سیستمی خاوەندارێتیی: خاوەندارێتیی گشتی ، خاوەندارێتیی تایبـەت ، خاوەنـدارێتیی تێکـەڵ ، تـەوەری دووەم بـاس لـە بەرهـەم هێنـان دەکـات : کشـتوکاڵ و ئاژەڵـداری ، پیشەسازی ، گەشت و گوزار، ئاڵووگۆڕ، هەروەها تەوەری سێیەم بریتییە لـە دابەشـکردنی کـار : دابەشـکردنی کار لەسەر بنەمای تەمەن و ڕەگەز ، دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای پسپۆڕی .**

**تەوەری یەکەم : سیستمی خاوەندارێتی**

**خاوەندارێتیی بە واتای مافێکی دیاریکراو دێت بۆ کەسێك یان کۆمـەڵێك بـەبێ ئـەوەی ئـەوانی تـر ماف بەکارهێنان و مامەڵە پێوەکردنیـان هـەبێت [2] . کەسـی خاوەنـدار دەتوانێت ئـەو موڵکـەی هەیـەتی بـە ویست و ئارەزووی خۆی بەکاری بهێنێت و ماف ئەوەشی هەیە کـە بـۆ چ شـتێك بـەکاری بهێنێـت ، دەتوانێـت مامەڵەی پێوە بکات بۆنموونـە بیفرۆشـێت ، یـان بیبەخشـێت [3] . هـەروەها سیسـتمی خاوەنـدارێتیی لەسـەر دوو بنەما دروست دەبێت: کە یاسا و عورف کۆمەڵگان ، لایەنی یاسایی دەگەڕێتـەوە بـۆ یاسـای ڕۆمـانی کـۆن ، کە بەپێی یاسا دان نرابـوو بـە سیسـتمی خاوەندارێتیـدا ، هـەروەها لـە ڕووی عورفیشـەوە هەنـدێك کۆمـەڵگا**

---

[1] احمد أبوزيد ، البناء الاجتماعى مدخل لدراسة المجتمع ، المصدر السابق ، ص٩٥ – ٩٦ .

[2] المصدر نفسه ، ص١٣٠.

[3] مليحة عونى القصير و معن خليل عمر، المدخل الى علم الاجتماع ، جامعة بغداد ، بغداد ، ص ٣٨٤ .

گرنگییان پێداوە ، لەوانە کۆمەڵگای ئـەوروپی لەسـەددەکانی ناوەڕاسـتدا ، کـە سیسـتمی دەرەبەگایـەتی بـووەو خاوەنداریێتی لەسەر بنەمای عورف و هێزبووە [١] .

سەبارەت بە پۆلێنکردنی جۆرەکانی موڵکایەتی لەم توێژینەوەیەدا دابەشکراوە بۆ خاوەنـداریێتی ( گشتی ، تایبەتی ، تێکەڵ ) .

١. **خاوەنـداریێتیی گشـتی :** یەکێکـە لـە جۆرەکـانی خاوەنـداریێتی و لـەنێوان تاکەکانـدا هاوبەشـە ، واتـا بەتەنها کەس و لایەنێك ناتوانێت خۆی بکات بەخاوەنی [٢] . لەسەردەمی ئێستادا بەهەموو ئەو دامەزراوەو پـڕۆژەو موڵکانـە دەوترێـت ، کـە حکومـەت یـان دەوڵـەت خاوەنییـەتی ، ئەمـەش لـەدوای چـەندین گەشـەی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی هاتە ئاراوە ، بەتایبەتی بەیاسایی بوونی موڵکایـەتیی کـە حکومەتـەکان ڕاسـتەو خـۆ دەستیان لـە کاروبـاری گشـتیەوە وەردا ، بـەڵام لەلایـەن خـەڵك سـوودی لێـدەبینرێت و بـەکاردەهێنرێت ، یـان بەرهەمەکانی دەخرێتە خزمەتی کۆمەڵگاوە بە گشتی [٣] .

خاوەنداریێتیی گشتی یەکێکە لە جۆرەکانی خاوەنداریێتی لەشاری چوارتادا و خەڵکی بەگشتی دەتوانن سوود مەند ببن لێی ، یان بەمانایـەکی تـر مـوڵکی تایبـەت نـین و هـیچ کەسـێك ناتوانێـت بەتایبـەتی خـۆی بکات بەخاوەنیان . کە ئەمانیش چەند جۆرێکن وەك لەخوارەوە ئاماژەی پێدەکرێت :

أ. لە ڕووی بیناوە ژمارەیەك خانوو و دوکـان و بینـای گـەورە هەیـە ، وەك ئـەو بینایانـەی کـە مزگـەوت و قوتابخانـەو فەرمانگـەکانی تێـدا نیشـتە جێیـە. لەگـەڵ (٨) خـانوو کـە بـە مـوڵکی شـارەوانیی نـاودەبرێن ، هەروەها (٣٧) خانوو هەیە بـەناوی ( ادارة المحلی ) و دەسـەڵاتی خـۆجێی چوارتا خاوەنییـەتی ، لەگـەڵ (٤٤) دوکان کە خاوەنەکەی حکومەتە [٤] .

ب. لـە ڕووی خاوەنـداریێتیی زەوییـەوە چـەند شـتێك بـەموڵکی گشـتی ، یـان حکومـەت دادەنـرێن ، وەك : سەرجەم شەقامە سەرەکی و لاوەکییەکانی شاری چوارتا ، شاخ و گردو دۆڵەکان .

---

[١] عبدالحمید لطفی ، علم الاجتماع ، المصدر السابق ، ص٨٦ .

[٢] المصدر نفسه ، ص٨٦ .

[٣] احسان محمد الحسن ، کۆمەڵناسی ئابوری ، و: فەیسەڵ عەلی ، چاپخانەی پەنجەرە ، تاران ، ٢٠١٥، ص٣٠٤.

[٤] سەرۆکایەتیی شارەوانیی چوارتا ، بەشی ڕاگەیاندن ، تۆماری بڵاو نەکراوە ، ٢٠١٦ .

ت. له ڕووی ڕواڵەتی سروشتییەوە ژمارەیەکی زۆر لە درەخت و گوڵ و گژوگیا هەیە ، سود لە بە شێکیان وەردەگیرێت وەك داری ( مازوو، قەزوان ، گوێژ ) کە بەکاردەهێنرێن وەك بابەتێکی خۆراکی و ئالیك بۆ ئاژەڵ و باڵندەکان ، لەگەڵ بەکار هێنانیان وەك ڕێگایەك بۆ چارەسەرکردن . باڵندەو ئاژەڵە کێویەکانیش موڵکی گشتیین و لەلایەن خەڵکەوە سودیان لێوەردەگیرێت وەك (کەروێشك، سمۆرە ، بزنی کێوی ، سوێسکە، مریشکی کێوی ، کۆتری شینکە ، قازو قوڵنگ ) [1] .

لەدوای ناساندنی خاوانداریتی گشتی لە شاری چوارتادا ، دەکرێت بوترێت کە گرنگییەکی زۆری هەیە و جگەلەوەی هەموان دەتوانن سوودمەند ببن لێی ، هۆکارێکیشە بۆ یەکخستنی چوارتاییەکان و دروستکردنی هەستێکی هاوبەش و پەیوەندیی لەنێوانیاندا ، چونکە خەڵکی پێیان وایە ( خانوو ، ڕێگا ، شاخ ، دەشت ، دۆڵ ، باڵندەی کێوی و ماڵی ....هتد )خاڵی هاوبەشی نێوانیانەو موڵکی تەنها کەس و کۆمەڵێك نییەو بەهۆیەوە هەست بەخۆشحاڵی و شانازی دەکەن .

٢. **خاوەنداریێتیی تایبەت :** یەکێکی ترە لە جۆرەکانی خاوەنداریێتیی ، کە ماف بە مرۆڤ دەدات بۆ بەکارهێنان و سوود لێوەرگرتنی ، یان گواستنەوەی بۆ کەسێکی تر، پەیوەندیی بە شتە گواستراوەکانەوە هەیە وەك کەرەستە و نەخت ، پەیوەندیی بە خاوەنداریێتیی نا گواستراوەشەوە هەیە وەك زەوی [2] .

هەروەها ئەم بابەتە تەنها لە تاکدا کورت ناکرێتەوە ، بەڵکو هەندێکجار خاوەنداریێتیی بەکۆمەڵ دەچێتە بواری تایبەتەوە، بۆ نموونە پارچە زەوییەك ، یان کێڵگەی خێزانێك ، تاکەکان مافی بڕیاردان و دەستکارییان نییە، بەڵکو بڕیاری ڕەها لەلای ئەو کەسەیە، کە دەسەڵاتی بنەماڵەو خێزانەکەی بەدەستە [3] .

لە ڕووی ئەنسرۆپۆلۆجییەوە پەیوەندییەکی قوڵ لەنێوان دەرکەوتنی کشتوکاڵ و خاوەنداریێتیی تایبەت هەیە. ئەمەش بەو هۆکارەی بە دەرکەوتن و گەشەکردنی سنوری زەوی باشتر دیاریکرا و وەکو چالاکییەکی جێگیر ، مرۆڤی بەشێوەیەکی بەهێز بە زەوییەوە بەستەوە [4] . پاشان خەڵکی بۆ چەند خێزانێك دابەش بوون و ئەوانیش هەریەکەیان لە شوێنێکی تایبەتدا کۆبوونەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی بەرە بەرە لە موڵکایەتیی تایبەتیی کۆمەڵەوە بەرەو موڵکایەتیی تایبەتیی تاکەکەسی بڕۆن [5] .

---

[1] بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی قەزای شارباژێڕ، سەنتەری کەشناسیی کشتوکاڵی شارباژێڕ ، تۆماری بڵاو نەکراوە ، ٢٠١٦ .

[2] احسان محمد الحسن ، کۆمەڵناسی ئابوری ، و: فەیسەڵ عەلی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٠١.

[3] سيد محمد بدوي ، فى علم الاجتماع الاقتصادي ، دار المعرفة الجامعية ، مصر،١٩٨٣ ، ص١٤٠ -١٤١ .

[4] احمد أبوزيد ، البناء الاجتماعى مدخل لدراسة المجتمع ، المصدر السابق ، ص ١٥٧ .

[5] عبدالحميد لطفى ، علم الاجتماع ، المصدر السابق ، ص ٨٧ .

کەواتە سەبارەت بە شاری چوارتا دەکرێت بوترێت خاوەندارێتیی تایبەت مێژوویەکی کۆنی هەیە ، چونکە کشتوکاڵ پیشەیەکی کۆنە و وگرنگترین جۆری خاوەندارێتیی زەوییە ، کە دەکرێت بکرێتە دووبەش : یەکەمیان زەوی کشتوکاڵییە کە بە پێی یاسا بەسەر جوتیاراندا دابەشکراوە ، دووەمیان زەوی نیشتەجێبوونە کە نازانرێت لەسەر چ بنەمایەك دابەشکراوە و تا ئێستا بەپێی یاسا خانوو موڵکەکان نەکراون بەناوی خاوەنەکانیانەوە .

سەبارەت بە زەوی بە پێی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی ژمارە (١١٧) ساڵی( ١٩٧٠) دابەشکراوە بەسەر جوتیاراندا [1] . هەروەها یاسای ژمارە (١) ساڵی ( ٢٠٠٨) دەرچووە ، کە لەسەر ئەو بنەمایە دەستکاری زەوی کشتوکاڵی دەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا [2] . بەو هۆیەوە حکومەت مافی دەستکاری هەیە ، بۆنموونە ئەو زەوییانەی دەستی بەسەردا دەگرێت بە (١٢٪) ی زەوی نیشتەجێبوون قەرەبوو دەکرێتەوە [3] . سەبارەت بە زەوی نیشتەجێبوون و ئەو خانووانەی دانیشتوانی چوارتا تیایدا نیشتەجێن ، بەشێکی زۆری بە موڵکی خەڵکەکەی دادەنرێت ، بەڵام تا ئێستا بە فەرمی و بەیاسایی نەکراوە بەناویانەوە ، بەشێکیان لەکۆنەوە لەسەری نیشتەجێبوون ، بەشێکی تریان پێیان بەخشراوە، یان کڕدراون لەخاوەنەکانیان .

خاوەندارێتیی تایبەت لە شاری چوارتادا دوو بەشە : بەشێکیان موڵکی تاکەکەسە وەکو : زەوی ، خانوو، ئۆتۆمبێل . بەشێکی تریان موڵکی گروپە ، بەو هۆکارەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تا ئێستا بەهێزە و سیستمی خزمایەتیی بەهاو گرنگی زۆری لەلای خەڵکەکەی هەیە ، بەشێك لەکەسەکان لەدوای پڕۆسەی هاوسەرگریش لەگەڵ ماڵە باوانیان دەمێننەوە و پێکەوە لەسەر یەك زەوی نیشتەجێ دەبن ، سوود لەکەل و پەلە تایبەتەکانی خێزانەکە وەردەگرن .

لە شاری چوارتادا خاوەندارێتیی تایبەت تەنها زەوی و خانوو نییە ، بەڵکو هەموو ئەو شتانەیە ، کە موڵکی تایبەتەو مرۆڤ خۆی بەخاوەنی دەزانێت ، وەك : سەیارەو کەل و پەلی ناوماڵ و پارە . هەروەها هەندێك شت خاوەندارێتی تایبەتن وەك ( پارە ، کەل و پەلی ناوماڵ ، جل و بەرگ، سەیارە ) بەڵام لەلایەن چواردەورەوە سوودی لێدەبینرێت و بەکاردەهێنرێت ، سەبارەت بەم بابەتە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێکی بە ئەزموونیدا ئەنجامدراوە :

---

[1] بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی قەزای شارباژێڕ، هۆبەی زەوی و زار ، تۆماری بڵاو نەکراوە ، ٢٠١٦ .

[2] یاسای ڕێکخستنی مافی دەسکاریی زەوی و زاری کشتوکاڵی ، یاسای ژمارە (١) ، هەرێمی کوردستان – عێراق ، ٢٠٠٨ ، ٢٠١٦/٥/١٥، www.perleman.org .

[3] سەرۆکایەتیی شارەوانیی چوارتا ، بەشی زەوی و زارو موڵکایەتی ، تۆماری بڵاونەکراوە ، ٢٠١٦ .

تویژەر : پرسیار / تاچەند خەڵکی چوارتا سوود لە شتە تایبەتییەکانی یەکتری وەردەگرن ؟

توێـژراو : وەڵام /  خـەڵکی بەگشـتی و خزمــە نزیکـەکان لەگـەڵ یەکتریـدا بەتایبـەتیی ، پەیوەنــدیی و ڕێـزوو خۆشەویستییەکی زۆر لـە نێوانیانـدا هەیـە ، ئەمـە وایکـردوە جیـاوازی نەکـەن و خۆیـان بـەخاوەنی شـتەکانی یـەکتری بـزانن ، بۆنموونــە کەسـێك ئۆتـۆمبێلی خزمەکـەی بـەکاربهێنێت ، هــەروەها ئەگـەر پێویسـتی کـرد پـارەی پێـدەدات و دەسـتی دەگرێـت، تەنانــەت سـوود لــە جـل و بــەرگ و کەرەسـتەکانی خۆڕازاندنەوەش لەنێوان یەکتردا وەردەگـرن [١] . واتـا خاوەنـدارێتی تایبـەت پەیوەندییـەکی بـەهێزی بەلایـەنی کۆمەڵایـەتی و کلتـوری کۆمـەڵگای چـوارتاوە هەیـە ، لەبـەر ئـەوەی بـەهێزی پەیوەندییـە کۆمەڵایـەتیی و خێزانی و خزمایەتییەکان هۆکارێکن بۆ ئەوەی کە خەڵکی لـەنێوان یەکتریـدا سوود لەهەنـدێك کـەل و پـەلی تایبەتی یەکتری ببیـنن ، هـەروەها بەشێکیشـە لـەداب و نـەریت و لایـەنی کلتـوری کۆمەڵگاکـە ، کـە ڕاهـاتوون لەسەر ئەوەی داوای هەندێك شتی تایبەت لەیەکتری بکەن و بەرامبەریش بەلایـەوە ئاسـایی بێـت ئـەو موڵکە تایبەتەی خۆی بەکاتی یان بەبەردەوامی ببەخشێت .

## تەوەری دووەم : بەرهەمهێنان

### ١. کشتوکاڵ و ئاژەڵداری

أ. کشتوکاڵ  :  چەمکی کشتوکاڵ لە دوو وشە پێکهاتووە  (Agri ) بە واتای  خاك دێـت ، هـەروەها  ( Cultura) بـە واتـای چـاودێری دێـت ، هـەردوو وشـەکە پێکـەوە واتـای ( چـاودێری زەوی ) دەگەیەنن ، بەڵام ئەم تێگەیشتنە بۆ کشتوکاڵ زیاتر گەشـەی کـردووەو فـراوان بـووە ، لـە ئێسـتادا تـەنها بـەو مانایە نایەت ، بەڵکو چەند بابەتێکی تریش دەگرێتەوە وەك ئاژەڵداری و چاودێری درەخت و دارستان [٢] .

کشتوکاڵ چالاکییەکی ئابوریی گرنگەو یەکێکە لـە گـەورەترین پیشـەکان لـە جیهانـدا [٣] . لـە هـەرێمی کوردستانیشدا بە چالاکییەکی ئابوریی دادەنرێت لە دوای بەرهەم هێنانی نـەوت  و تـا ئێسـتا بەبـەراوورد بـە بوارەکانی تر گرنگییەکی زۆرتری هەیە، هۆکاری ئەوەش  ژینگەیەکی گونجاوە  بۆبەرهـەم هێنـانی کشـتووکاڵ و ئامادەیی ژینگەی سروشتی کوردستانە بۆ بەرهەمهێنانی ئەم چالاکییە ئابورییە [٤] . هەروەها لە کوردسـتاندا

---

[١] ئازاد عبدالله احمد ،  چاوپێکەوتن ، کەسایەتیی بە ئەزموون و کۆنی چوارتا  ، چاوپێکەوتنی ژمارە (٣)  ، ٢٠١٦/٤/٣ .

[٢] احمد حبيب ، الموارد الاقتصادية ، جامعة بغداد ، العراق ، ١٩٨١ ، ص١٣.

[٣] محمد خميس الزوكة ، الجغرافيا الاقتصادية،  المصدر السابق ، ص٢٢٧ .

[٤] نزار ذياب عساف و سامي حميد عباس ، الاستثمار الزراعى فى اقليم كوردستان العراق ... الواقع و الافاق ، مجلة جامعة نوروز، العدد ( صفر ) ، اقليم الكردستان العراق ، ٢٠١٢، ص ٧٣.

**کۆنترین بەرهەمی کشتوکاڵیی بریتیە لە گەنم و جۆو برنج و توتن ، لەگەڵ چەندین جۆر درەختی میوەی وەك ( مێو ، هەرمێ ، هەڵووژە، قۆخ، قەیسی )** [1] **.**

**هەروەها لە شاری چوارتاشدا چالاکی کشتوکاڵی گرنگییەکی زۆری هەبووە ، بنەمای سەرەکیی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خەڵکی شارەکە بووە. بۆ ئەم مەبەستە چاوپێکەوتنێك ئەنجامدراوە :-**

**توێژەر / پرسیار :- تاچەند لە لەلایەن خەڵکی چوارتاوە گرنگی بە چالاکی کشتوکاڵی دراوە ؟**

**توێژراو / وەڵام :- بەتایبەتیی پێش ڕاگواستنی خەڵکی چوارتا و کردنی بە ناوچەی قەدەغەکراو ( ١٩٨٨ ) گرنگییەکی زۆر بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دراوە ، بە جۆرێك بەشێکی زۆر لەخەڵکەکەی لەسەر ئەم پیشەیە ژیاون، تەنها هۆکارێك نەبووە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان بەڵکو بازرگانی پێوە کراوەو بەرهەمەکەی فرۆشراوە ، کە بەزۆری توتن و گەنم و جۆ بەرهەمهێنراوە ، هۆکاری ئەوەش : گونجاوی جۆری زەوی ، بڕی ئاو ، شارەزایی خەڵکی ، ئامێرو ئامرازی تایبەت بووە** [2] **.**

**لە شاری چوارتاداو لە سنوری شارەوانییدا لەگەڵ ئەوەی بەگرنگییەوە سەیری ئەم چالاکییە ئابورییە دەکرێت، بەڵام بەکردار وەکو ڕێگایەك بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان پشتی پێنابەسترێت ، تەنانەت چالاکییەکی زۆر لاوەکییەو زۆرینەی دانیشتوانەکەی ئەو کارە ناکەن ، ئەگەر کشتوکاڵ بکرێت لەلایەن کەسانێکەوە ، لە دەرەوەی سنوری شارە یان لە نزیك ماڵەکانیان لە شێوەی پارچە زەوییەك و باخێکی بچووکدایە ، زۆرتر بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی تایبەتیی کەسەکانە، نەوەك فرۆشتن و بازرگانی پێوەکردنی، هەروەها بە پێچەوانەی ڕابردووەوە زۆرینەی خەڵکی لە کەرتی خزمەتگوزارییدا کاردەکەن ، واتا مووچە خۆرن و لەناو فەرمانگەکاندا کاردەکەن .**

**سەبارەت بەکەم بوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی ، چەند هۆکارێك هەیە ، کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدەکرێت :**

- **یەکێك لە هۆکارەکان هۆکاری سیاسی و ڕاگواستنی خەڵکی چوارتایە ، لە ساڵی ( ١٩٨٨ ) و پێش ئەو بەرواره، کە بە زۆرە ملێ خەڵکی لە شوێنی خۆیان دەرکران و بەشێکیان دواتر نەگەڕاونەتەوە .**

---

[1] **تۆمابوا ، ژیانی کوردەواری ، و : حمە سعید حمە کریم ، بە ڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ، عێراق ، ١٩٨٠ ، ل ٢٢ .**

[2] **صدیق حاجی قادر چوارتایی ، چاوپێکەوتن ، کەسایەتیی بە ئەزموون و کۆنی چوارتا ، چاوپێکەوتنی ژمارە ( ٤ ) ، ٢٠١٦/٣/٢٧ .**

- به جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوون بە ئارەزووی کەسەکان خۆیان و کۆچکردنیان بۆ شوێنی تر بەتایبەتی بۆ سلێمانی .
- ساغ نەبوونەوەی بەرهەمەکان لە بازاڕدا هۆکارێکی ترە بۆ کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی .
- خەڵکی چوارتا بە گشتی مووچە خۆرن ، کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دوورکەوتنەوەیان لە چالاکی کشتوکاڵی .
- ئامرازەکانی کشتوکاڵکردن زۆر سادەو ساکارن، تا ئەم کاتە پاچ و خاکەناز و چەند ئامرازێکی سادە بەکاردێت ، ئەمەش وایکردووە کارەکان وەك پێویست نەبن و قازانجێکی باش بەدەست نەهێنرێت .

لە شاری چوارتادا تەنها چەند کەسێك باخیان هەیە ، بەشێکیان دەکەونە دەرەوەو بەشێکی تریان دەکەونە ناوەوەی سنووری شارەوانیی چوارتا ، ئەوانەی دەکەونە ناو شاری چوارتاوە بریتیین لە ( ١٢ ) باخ و لە ( ٢١٠٠ ) درەخت پێکهاتوون ، هەروەها ( ١٤ ) باخ هەیە کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانیی لە ( ٨٥٠٠ ) درەخت پێکهاتوون ، بەگشتی جۆرەکانی بریتیین لە ( مێو، هەرمێ ، چواله ، قۆخ ، قەیسی ، هەڵوژە، گوێز، هەنجیر ، هەنار، توو ، سێو ) . تەنها ( ٣ ) کەسیش هەیە دانەوێڵە دەکەن کە بەگشتی گەنمە [*].

بە پێ ی داتایەکی ساڵی (٢٠٠٢) ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی سەر بەناحیەی چوارتان بە بێ لادێکان ، بەم جۆرەیە :

- بەراو ( ٤٣٣،١١،٦٠ دۆنم ) ه
- بەراو بە ترومپا ( ١٢ دۆنم ) ه
- باخی بەراو ( ٣٣،٢٠،٢٥ دۆنم ) ه
- زەوی پشتاو ( ٢٥٣٤،١٩ دۆنم ) ه
- گاکێڵ ( ١٢٤٠،٢١،٢٥ دۆنم ) ه
- ڕەز ( ٣١٠،١٩،٢٥ دۆنم ) ه [١] .

---

[*] ئەم ئامارە بەهاوکاری ( ئازاد عبداللە احمد ) کەسایەتیی بە ئەزموون و کۆنی چوارتا دیاری کراوە .

[١] بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی شارباژێڕ، هۆبەی زەوی و زوار ، تۆماری بلاو نەکراوە ، ٢٠١٦ .



وێنەی ژمارە ( ٦ )  وێنەی یەکێك لە باخەکانی ناو چوارتا نیشان دەدات

ب.  ئاژەڵداری : جۆرێکە لە چالاکی ئابوریی  ، کە سەربەخۆ ، یان  وەك بەشێك لە چالاکی کشتوکاڵی دەردەکەوێت ، هەروەها جۆرێکیشە لە کلتور کە کەسانێك ژیانی خۆیان لە ڕێگای ئاژەڵدارییەوە بەڕێوە دەبەن [1] . لە ڕووی مێژووییەوە  کاتێك  پەیدا بووە ، کە هەندێك  ئاژەڵ لەلایەن مرۆڤەوە بەخێوکران و توانرا  لە چەند ڕوویەکەوە سودیان لێوەربگیرێت بۆ ( خواردن ،  دروست کردنی جل و بەرگ ،  کاری کشتوکاڵی ،  گواستنەوە)  لێرەوە ئاژەڵداری بووە پیشەیەك و چەندین  شوێن لە جیهاندا کەوتنە بە خێوکردن و سوود لێوەرگرتنی [2] .

سەبارەت بە شاری چوارتا  هەندێکجار ئاژەڵداری وەك چالاکییەکی سەربەخۆ ناوی دەهێنرێت و هەندێکجاریش وەك بەشێك لە چالاکی کشتوکاڵی سەیر دەکرێت ، هەروەها گرنگیی بەبەخێوکردنی دراوە وەك چالاکییەکی ئابوریی و بژێوی ژیان و بەکارهێنانی وەك خۆراکی ڕۆژانە ، بۆ ئەم مەبەستە چاو پێکەوتنێك ئەنجامدراوە :

توێژەر / پرسیار : لە شاری چوارتادا تاچەند ئاژەڵداری وەك پیشەیەك  گرنگی پێدراوە ؟

توێژراو / وەڵام :  بەتایبەتیی پێش ڕاگواستن و چۆڵکردنی چوارتا ( ١٩٨٨ ) لەلایەن خەڵکەوە گرنگی بە ئاژەڵداری دراوەو سەرچاوەیەکی بژێوی  ژیانیان بووە ، مە ڕو بزن و مانگاو چەند جۆرێکی تر بەخێو کراون، هەروەها بازرگانی و کڕین و فرۆشتنی پێوە کراوە [3] .

---

[1] بدرخان السندی ، المجتمع الکردی فی المنظور الاستشراقی ، الطبعة الثانية ، مطبعة حجی هاشم ، اربیل ، ٢٠٠٧، ص ٣٧٩ .

[2] علی وهب ، جغرافية الاقتصاد الزراعی ، الطبعة الاولی ، المؤسسة الجامعية للدراسات ، لبنان ، ١٩٨٧ ، ص ٢٨٩ .

[3] صدیق  حاجی قادر چوارتایی ، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو ( ٤ ) ،  ٢٧ / ٣ / ٢٠١٦ .

هـەروەها  ئاژەڵداری وەکـو پیشـەیەك  گرنگـی پێنادرێـت ، بەتایبـەتی لـە سـنوری توێژینەوەکـەدا ، کــە شـــارەوانیی چـــوارتایە ، بـــە پێـــی یاســـا ڕێگـــا نادرێـــت لـــە ناوشـــاردا بـــە خێـــو بکرێـــت ، بۆیـە خـەڵکی ئەگـەر بـە خێـوی بکـەن ناچـارن بیـان بـەن بـۆ دەرەوەی شـارو لـەوێ دەیـان لـەوەڕێنن ، بەگشتی کەسانێکی کەم بـەخێوی دەکـەن کـە ( ٦ ) خێـزانن لـە شارەکەدا ، ئـەو ئاژەڵانـەی بـە خێـوی دەکـەن بریتین لە  ( مەڕو بزن و مانگا.. هتد )  وەکو خـۆراك لـە ڕووی شـیرو گۆشـتەکەیەوە سـوودی لێـوەردەگرن ، هەروەها کڕین و فرۆشتنیشیان پێوە دەکرێت .

سـەبارەت بـە هۆکارەکـانی کـەم بوونـەوەی پیشـەی ئاژەڵداری :  گـۆڕانی سەرچـاوەی بـژێوی یـەکێك لەهۆکارەکانە، چونکە دانیشتوانی چوارتا  بەگشتی فەرمانبەرن و پشت بـە مووچـە دەبەسـتن،  هۆکـارێکی تـر لایەنی یاساییە کە ڕێگا بە خەڵکی نادات ئاژەڵ ڕابگرن ،  لە پێناو ئەوەی ژینگە تێك نەچێت ، هـەر بۆیـە بـە ئاسانی ناتوانرێت ئەو کارە بکرێت . هەروەها گۆڕانکاری لە کلتـورو جـۆری بیرکردنـەوەی خـەڵکی  هۆکـارێکی ترە ، کە  ژیانی چوارتاییەکان لە شارنشینییەوە نزیکترە وەك لە گوند نشینی ، بەو پاساوەی ئاژەڵداری زیـاتر بـە کـاری مرۆڤـی گونـد نشـین دادەنرێـت ، هەربۆیـە ئامـادە نـین ئـەو کـارە بکـەن . هۆکـارێکی دیکـە بریتییەلـە کـەمی ئـەو دەسـتکەوتە ئابوریيـەی کـە ئـەم چـالاکییە هەیـەتی، بـە پێچـەوانەی کـاری فەرمانبــەری کـــە مووچـــەیەکی جـــێگیری دیـــاری کـــراوی هەیـــە و باشـــتر ژیـــانی کەســـەکانی پێڕێکدەخرێت  .



وێنەی ژمارە ( ٧) لەوەڕاندنی ئاژەڵ لە ناو چوارتا نیشان دەدات

۲. پیشەسازی : چالاکییەکی ئابوریی گرنگەو چەند بۆچونێکی جیاواز دەربارەی هەیە، هەندێك کەس پێیان وایە بریتییە لەو چالاکییە ئابورییەی کە لەناو کارگەدا یان دامەزراوەکاندا ئەنجامدەدرێت و ئامێرو ئامرازی تیادا بەکاردەهێنرێت ، کە لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر یان لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازی هەیەو دەگۆڕدرێت [١] .

لە پێناسەیەکی گشتگیرتردا ، پیشەسازی واتای گۆڕینی ماددەیە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر ، یان گۆڕینێتی لە دۆخە سروشتییەکەیەوە بۆ دۆخێکی نوێ، بەمەبەستی کردنی بە کەرەستەیەکی زیاتر بەسوود بۆ خزمەتی مرۆڤ [٢] . هەروەها دوو بۆچونی جیاواز لەسەر دەستنیشانکردنی جۆری پیشەسازی هەیە ، کەسانێك تەنها گۆڕینی ماددەی خاو بە کەرەستەیەکی جیاوازو بە سوودتر بە پیشەسازی دادەنێن ، بەڵام هەندێکی تر دەرهێنانی کانزاو ماددەی خاویش لەزەوی بەجۆرێکی پیشەسازی دادەنێن کە لە کۆمەڵگاکاندا ئەنجامدەدرێت [٣] .

پیشەسازی مێژوویەکی کۆنی هەیە و لە قۆناغی سەرەتادا بریتی بووە لە پیشەسازی ساددەی دەستی ، کە لە شێوەی دۆزینەوەی کانزاو بەکارهێنانیدا بووە ، وەکو دروستکردنی ئامێرو ئامراز بۆ ڕاوکردن و کاری کشتوکاڵی ، هەروەها دروستکردنی جلوبەرگ لە پێستی ئاژەڵ ، لەگەڵ دروستکردنی گۆزەو قاپ و بابەتەکانی ڕازاندنەوە [٤] . دەرکەوتنی ئەم چالاکییە لە جیهاندا بە جۆرێکی بەرفراوان و گەورە دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا ، کە لە بەریتانیادا دەستی پێکرد لە کۆتاییەکانی سەددەی هەژدە [٥] . چەند گۆڕانکاریەك ڕوویدا ، وەکو بە میکانیکی بوونی پیشەکانی ڕستن و چنین ، فراوان بوونی پیشەسازی ئاسن ، داهێنانی مەکینەی هەڵم ، گۆڕانی سیستمی کشتوکاڵی بۆ سیستمی پیشەسازی [٦] .

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان گرنگیی پێدراوە ، بەڵام جیاواز لەوەی لە ئەوروپاو وڵاتانی تردا ڕوویداوە، شۆڕشی پیشەسازی کوردستانی نەگرتۆتەوە ، تا سەرەتای ساڵانی پەنجاکان جۆرەکانی سەرەتایی و

---

[١] ابراهيم شريف و الاخرون ، جغرافية الصناعية، دارالكتب ، بغداد ، ١٩٨١ ، ص ١٢.

[٢] احمد حبيب، الموارد الاقتصادية، المصدر السابق ، ص ٢٩٦ .

[3] ابراهيم شريف و الاخرون ، جغرافية الصناعية ، المصدر السابق ، ص ١٢ – ١٣ .

[٤] حسين عبدالحميد أحمد رشوان ، الاقتصاد والمجتمع ، الطبعة الثانية ، ابو الخير للطباعة ، مصر، ٢٠٠٩ ، ص ٢٩ .

[٥] عبدالقادر يوسف الجبوري ، التأريخ الاقتصادى ، جامعة الموصل ، العراق ، ١٩٨٠ ، ص ١٤٥ .

[٦] مەنوچێهر موحسنی ، دەروازەکانی کۆمەڵناسی ، و : ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانی تر ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠١ ، ل ٣٣٤ – ٣٣٥ .

دواكەوتوو بووە ، کە بریتی بووە لە پیشەی دەستی ، دووکان و شوێنی بچوك و پەرتوو بڵاو [1]. پاشان چەند ژمارەیەکی کەمی کارگە دروست بووە ، وەك ( کارگەی شەکری سلێمانی ، کارگەی جگەرە ، جل و بەرگ ، دۆشاوی تەماتە ... هتد ) [2] .

سەبارەت بەشاری چوارتا بە چەند جۆرێك باسی پیشەسازیی دەکرێت : سەرەتا وەکو چالاکییەکی ئابوریی هەبووەو هەیە، هەروەها وەکو ئەو کاریگەرییانەی کە شۆڕشی پیشەسازی لەجیهانداو پێشکەوتنە پیشەسازی و تەکنۆلۆجییەکان لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ژیانی خەڵکی دروستی کردووە .

ئەگەر قۆناغەکان بۆ پیشەسازی دەستی و کارگەکانی دوای شۆڕشی پیشەسازی دابەش بکرێت ، ئەوا چوارتا تەنها لە قۆناغی یەکەمدا دەمێنێتەوە، ناچێتە ئەو قۆناغەی کە لە جیهاندا پەیدا بووە ، چونکە پیشەسازییەکان بریتی بوون لەوکارانەی لە ماڵەکاندا ئەنجام دراون ، لەگەڵ چەند شوێنێك بۆ ئەنجامدانی چەند پیشەیەك، سەبارەت بە جۆرەکانی ئەم جۆرە لە چالاکی ئابوریی چاوپێکەوتنێك ئەنجامدراوە :

تویژەر / پرسیار : تاچەند پیشەی دەستی لە شاری چوارتادا هەبووە ؟

توێژراو / وەڵام : چەندین جۆر پیشەی دەستی هەبووە ، بەتایبەتیی پێش ڕاگواستن و چۆڵکردنی چوارتا بۆنموونە: پیشەی جۆلایی هەبووە ، بە ئەنجامدەرەکانیشی وتراوە جۆلا، ڕستن وچنین هەبووە کە ژنان لەماڵەکانیاندا ئەنجامیانداوە ، پاشان چەند دووکانێك هەبووە و پیشەوەر کاری تێدا کردووە، وەك ( ئاسنگەری ، دارتاشی ، تەنەکەچی ، مزگەر ) [3] .

لە شاری چوارتادا ئەوپیشەسازییانەی کە هەبووە گەشەیان نەکردووەو زۆریان نەماون ، جۆلایی نەماوە، ڕستن و چنینی جل و بەرگ بەرەو نەمان چووە ، ئاسنگەری و دارتاشی و ئەوانی تر گرنگی پێشووتریان نەماوە ، چونکە : لە ڕابردووا چوارتا ڕووبەڕووی ڕاگواستن بووەتەوە ، لەگەڵ چۆڵ کردنی شوێنەکەدا پیشەسازییەکانیش نەماون، کە هەندێك لەو پیشەوەرانە نەهاتوونەتەوە بۆ چوارتاو بەشێکی تریشیان نەچوونەتەوە سەرکارەکانیان ، هۆکارێکی تر کاریگەریی بەرهەمی پیشەسازی وڵاتانی ترە ، بەوهۆیەوە پیشەوەرەکان نەیان توانیوە پێشبڕكێی بەرهەمی دەرەوە بکەن ، کەسانێکی زۆریش بوونەتە فەرمانبەرو توانیان ژیانی خۆیانی پێڕێکبخەن، کە بووە ڕێگرییەك بۆ ئەوەی ڕوو لە پیشەی تر نەکەن .

---

[1] دانانی کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٩٥.

[2] هەمان سەرچاوە ، ل ٢١٢ – ٢١٤ .

[3] عوسمانی حاجی محمود ، چاوپێکەوتن ، کەسایەتیی بە ئەزمون و کۆنی چوارتا ، چاوپێکەوتنی ژمارە ( ٥ ) ، ١ / ٣ / ٢٠١٦ .

ئەو پیشەسازییە سەرەتایی یان پیشە دەستیانەی کە ماون دوو جۆرن ، بەشێکی هەندێك لە ژنان لە ماڵەکانیاندا ئەنجامی دەدەن کە زۆر سەرەتایین و سوودەکەی تەنها بۆ خێزانەکەو کەسانی چواردەورە وەکو دروستکردنی هەندێك خواردەمەنی لەچەند کەرەستەیەکی سەرەتایی وەك ( دۆشاوی تەماتە ، مرەبا ، تەرِەساس ، باسوق و سجوق ) لەگەڵ ئەنجامدانی ڕستن و چنین و هەندێك کاری دەستی تر لەلایەن هەندێك ژنانەوە ، بەشێکی تریش لەناو دووکاندا لەدەرەوەی ماڵ ئەنجامدەدرێت ، کەژمارەیان زۆر کەم و سنوردارەو پێداویستییەکی کەمی کۆمەڵگای توێژینەوە پڕدەکەنەوە ، واتا کاریگەرییەکی کەمیان لەسەر لایەنی ئابوری و ژیانی گشتی خەڵکی چوارتا هەیە ، کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە * :

**خشتەی ژمارە ( ٥ )**

**ژمارەو جۆری پیشە دەستییەکان لە چوارتادا نیشان دەدات**

| جۆری دووکان | ژمارە | جۆری دووکان | ژمارە |
|---|---|---|---|
| دارتاشخانە | ٢ | تەنەکەچی | ١ |
| پلاستیك | ١ | ڕستن و چنین | ١ |
| ئاسنگەر | ٣ | | |

شتێکی تر کە گرنگە ئاماژەی پێبدرێت ، بەرهەمە پیشەسازییەکانی وڵاتانی ترە ، کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر خەڵکی چوارتاو سیستمەکانی دروست کردووە ، بەو هۆکارەی بەگشتی خەڵکی پشتیان بە کەل و پەل و ئامێرە داهێنراوە نوێکان بەستووە ، کە هاتوونەتە چوارتاوە ، وەکو: تەلەفزیۆن و سەتەلایت و ئامێری جل شۆرین و قاپ شتن و گسکی کارەبایی و چەندان ئامێری پێشکەوتووی تر. کە هەریەك لەوانە کاری کردۆتە سەر ژیانی خێزان و پەیوەندییە خزمایەتییەکان و تاڕاددەیەکیش گۆڕانکاری بەسەریاندا هێناوە ، بۆنموونە تەلەفزیۆن و سەتەلایت هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی پەیوەندییە خێزانی و خزمایەتییەکان ، ئۆتۆمبیل ڕۆڵێکی زۆری لەژیانی مرۆڤدا هەیەو هۆکارێکی سەرەکی هاتوو چۆیە. چەندین بەرهەمی خۆراکی لە قتونراوو ئامادەکراو هەیە ، کە کاریگەریی کردۆتە سەر ژیانی خەڵکی و سیستمی خۆراکیان ، هەروەها بەرهەمی تری هاوردەکراو هەیە کە بەرهەمی شاری چوارتا نییە بەڵام کاریگەریی زۆری بەجێهێشتووە .

---

* ئەم خشتەیە لە کارەکانی توێژەرە .

٣. **گەشت و گوزار** : ئەو چالاکییەیە کەسێك یاخوود ژمارەیەك کەس ئەنجامی دەدەن، بە ڕۆیشتن لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر ، یان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، بەمەبەستی بەجێهێنانی ئەرکێکی دیاریکراو، یان گەشتێکی تەرفیهی ، هەروەها گەشت و گووزار لەسەر ئاستی کۆمەڵگاکان گرنگییەکی زۆری ئابوری هەیە ، بەو هۆکارەی ئەو شوێنانەی گەشتیاری زۆر بۆ دەچێت ئەوا جمووجۆڵی بازاڕو کڕین و فرۆشتن ڕوو لە هەڵکشان دەکات و زیاتر دەبێت [1] .

لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا لە کۆنەوە جمووجۆڵی گەشتیاری بەدی کراوە کە زۆرتر بۆ کەیف و خۆشی و و شارەزابوون لە شوێنەوارو وشوێنە تایبەتییەکانی شاری چوارتابووە ، بەشێك لە گەشتیاران بۆ مەبەستی بینینی شارەکە دێنە ناویەوەو بەناو گەڕەك و شەقام و شوێنەوراو شوێنە گشتییەکاندا دەگەڕێن ، بەشێکی تریان بۆ مەبەستی گەشت و سەیران سەردانی سەیرانگاکانی چوارتا دەکەن .

گەشت و گوزار وەکو چالاکییەکی ئابوریی کەمتر گرنگی بۆ کۆمەڵگای توێژینەوە هەیە ، چونکە بازاڕی چوارتا بچووکە و مارکێتی گەورەو چێشتخانەو کەبابخانەو ئوتێل و شوێنی پشوودانی تێدا نییە ، کە وایکردووە ئەو گەشتیارانەی بەناو شاری چوارتادا تێدەپەڕن یان سەردانی دەکەن زۆرینەیان نەمێننەوەو نەبنە میوانی شارەکە ، بەڵام تەنها چەند سوودێکی سنورداری ئابوریی هەیە، ئەویش دابەزینی هەندێك لە خەڵکە بۆ شت کڕین و نان خواردن ، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لە دانیشتوانی چوارتا دەتوانن بڕۆن لە سەیرانگاکانی شارەکەیاندا هەندێك خواردەمەنی سادده بفرۆشن و دەستکەوتی ئابوریی بەدەست بهێنن ، بەڵام ئەمە زۆرتر بۆ کەسانێکی دیاریکراوەو کاریگەری ئابوری دروستنەکردووە .

## گرنگترین لایەنە گەشتیارییەکانی کۆمەڵگای چوارتا ئەمانەن :

أ. **سورە چنارەکەی چوارتا** : دارێکی گەورەیەو بایەخێکی گەشتیاری و مێژوویی و کۆمەڵایەتیی زۆری لەلای دانیشتوانی شارەکە و گەشتیاران هەیە ، بەوهۆکارەی کۆنترین درەختە و ڕەمزی ئاوەدانی و ژیانی مرۆڤە لە ڕابردووی چوارتادا، تیمێکی دەرەکی دوای ئەوەی لە ساڵانی هەشتاکانی سەددەی ڕابردوو دێنە شارەکەو گەڕان و پشکنین ئەنجام دەدەن تەمەنی ئەو درەختە بەنزیکەی (٧٠٠) ساڵ دیاری دەکەن ، هەروەها بەرزیەکەی زیاتر لە (١٦) مەترو ئەستورییەکەشی بە (٩) مەتر دادەنرێت [2] .

---

[1] خليف مصطفى غرايبة ، السياحة البيئة ، دار ناشري ، كويت ، ٢٠١٢ ، ص ١٠٣.

[2] قادر حاجی عەزیز ، چنارە گەورەکەی چوارتا ، گۆڤاری سلێمانی ، ژمارە ( ١٠٦ ) ، چاپخانەی دلێر ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ ، ل ٢١ .



وێنەی ژمارە ( ٨ ) سورە چنارەکەی چوارتا نیشان دەدات


ب. مـەزاری پیرالْك : لـە سـنوری شارەوانیی چـوارتادایەو دەکەوێتـە بـاکوری شـارەکەوە ، بایـەخ و گرنگیـی زۆری وەك شـوێنەوارێك لـەلای خەڵکەکـەی و گەشـتیاران هەیـە ، ڕواڵـەتێکی ئایینیشـی هەیـە ، کـە خـەڵکی سەردانی دەکەن و دەپاڕێنەوە ، پێیان وایە بەوە مەبەستەکانیان دێتە دی ، ئەم مـەزارە دەگەڕێنرێتـەوە بـۆ پیاوێکی ئایینی زەردەشتی کە زۆر خوا دۆست بووە .



وێنەی ژمارە ( ٩ ) مەزاری پیرالْك نیشان دەدات

ت.  **شوێنەواری باسکی بیرێ :** بەیەکێك لە شوێنەوارەکان دادەنرێت و دەوترێت چەند کوپەیەکی گەورە دۆزراوەتەوەو ئێسکی مردوو لە ناویدا هەبووە ، بەڵام بەو هۆکارەی پشکنینی وردو زانستیانەیان بۆ نەکراوەو نەتوانراوە  مێژووەکەیان  بە تەواوەتی دیاری بکرێت ، کە وایکردووە ڕاو بۆچوونی جیاواز دروست ببێت ، بەشێك لە چوارتاییەکان دەڵێن : دەگەڕێتەوە بۆ مەسیحیەکان و ئەو کوپانە کوپە گاورین [1] .  بەشێکی تریان بۆ زەردەشتییەکانی دەگەڕێننەوە ، بەو هۆکارەی کەسانێکی ژینگە دۆست بوون و مردووەکانیان خستۆتە ناویەوە ، هەروەها بەو هۆیەی شوێنەکەی زۆر دیار نییەو گرنگی پێنەدراوە ، نەبووەتە هۆی ڕاکێشانی گەشتیار بەلای خۆیدا  .

پ.  **ئەشکەوتی بەردی قەلێ :** دەکەوێتە باکوری شاری چوارتاو لە شاخی بەردی قەلێ دایە ، گرنگییەکی زۆری بۆ دانیشتوانی شارەکە هەبووە ، چونکە هۆکاری پاراستنیان بووە لە دوژمن ، لەو کاتانەی کە خەڵکی لەگەڵ ئەوانیتردا کەوتوونەتە شەڕەوە ، بەتایبەتی لەگەڵ حکومەتەکانی پێشوو، چونکە شوێنێکی بەرز بووەو نەتوانراوە بە ئاسانی دەستی دوژمنیان پێبگات . ئەم ئە شکەوتە بەهۆی بەرزییەکەیەوە  و دروست نەکردنی ڕێگا بۆی گەشتیاران بە ئاسانی ناتوانن سەردانی بکەن .



**وێنەی ژمارە ( ١٠ ) ئەشکەوتی بەردی قەلێ نیشان دەدات**

---

[1] محمد وتمان محمد، بنەما جوگرافیەکانی پلاندانانی گەشتیاری لەقەزای شارباژێڕ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٦.

ج.  شوێنەواری بـەردە بـوكێ :  دەكەوێتـە بـاكوری شـاری چـوارتاوە ، لـە دامـێنی شـاخی بـەردی قەلێدایـە ، چـیرۆكێك دەربـارەی دروسـت بـوونی هەیـە و دەوترێـت : خـەڵكی كاتێـك ژن بـە ژنیـان كـردووە ، هاتوونەتـە دامێنی شاخەكە و لەوێ ئەو ئاڵوو گۆڕەیان ئەنجامداوە ، بـەڵام ڕۆژێـك بـەردێكی گـەورە دەكەوێتـە خـوارەوەو دەبێتە هۆی مردنیان ، هەر بۆیە بەم شوێنە دەوترێت بەردە بووكێ .

ح. شوێنەواری بەردی كـانی سـاردكێ :   دەكەوێتـە ڕۆژئـاوای چـوارتاوە ، تـەنها چـەند بـەردێكی گەورەیـەو لەسـەر یـەكتری دانـراوە ، دەوترێـت كـە شـوێنەواری زەردەشـتییەكان بـووە و شـوێنی خواپەرسـتیان بـووە ، بـەیانیان و ئێـواران لـە كـاتی خۆرهـەڵاتن و خۆرئـاوابوون نوێـژیان تێـدا كـردووە . هـەروەها  لەلایـەن دەزگـا پەیوەندییدارەكانەوە گرنگی پێنەدراوەو دیاری نەكراوە تا گەشتیاران بیدۆزنەوەو سەردانی بكەن .



وێنەی ژمارە ( ١١ ) بەردی كانی ساردكێ نیشان دەدات

خ.  سەیرانگاكان :  چوارتا بەگشتی  ئاوو هەوایـەكی گونجـاوو  سروشـتێكی سـەوزی هەیـە ، هـەروەها چـەند سەیرانگایەكی هەیە ، بەتایبەتی لە بەهاراندا گەشتیارێكی زۆر لە شوێنە  جیاوازەكانی هـەرێمی كوردسـتان و دەرەوەی هەرێم ڕووی تێدەكەن وەك سەیرانگای ( سەرسیر ، سنجەڵێ ، گەنكێ  ، گردی) .

بەگشـــتی دەكرێـــت بوترێـــت گەشـــتووگوزار لـــە كۆمـــەڵگای توێژینـــەوەدا نەبووەتـــە هـــۆی ڕاكێشـانی گەشـتیارێكی زۆرو دواتـر بەدەسـتهێنانی دەسـتكەوتی ئـابوری و ناسـاندنی كلتـورو داب و نـەریت و لایەنی كۆمەڵایەتی و مێژوویی و هەروەها بوژاندنـەوەو گەشـەكردنی شـاری چـوارتا ، بـەهۆی ئـەوەی شـوێنی مانــەوەو خزمــەتگوزاری زۆر بەكــەمی تێدایــە ، شــوێنەوارو سەیرانگاكانیشــی وەكــو پێویســت گرنگییــان پێنەدراوەو نەكراون بەشوێنی گەشتیاری گەورەو سەرنجڕاكێش ، هەربۆیە تـەنها ژمارەیـەكی كـەمی گەشـتیار دێنە چوارتاوە .

٤. ئاڵووگۆڕ : پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە ، لە نێوان ئەو لایەنانەی ئەنجامی دەدەن ، کە سوودی هاوبەشی تێدایە و هەریەك ئامانجێتی بەو شتە بگات ، کە بەرێگایەکی تر پێی ناگات [١] . پشت دەبەستێت بە ئاڵوو گۆڕی کاڵاو بەرهەمەکان لە نێوان لایەنەکان و تاك و گروپەکاندا ، بەگشتی لەسەر بنەمای شمەك یان پارەیە [٢] .

ئاڵووگۆڕ بەگشتی دوو جۆرە : یەکەمیان ناڕاستەوخۆیە و دووەمیان ڕاستەو خۆیە ، سەبارەت بە جۆری ناڕاستەوخۆ زیاتر لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا هەیە ، کە بریتییە لە : ئاڵوو گۆڕی دیاری و خزمەتگوزارییەکان لە نێوان خەڵکدا ، ڕێکەوتنێکی ڕواڵەتی لەسەر هەیە ، لایەنی یەکەم دیاری پێشکەش دەکات ، پاش ماوەیەکی تر ئەویش پێشکەشی دەکاتەوە [٣] .

بەڵام ئاڵووگۆڕی ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای شمەك بەشمەك یان پارەیە ، سەبارەت بە شمەك بە شمەك تایبەتە بە کۆمەڵگای سەرەتایی یان نەریتی کە زۆر بڵاو بووە ، هۆکاری کەمبوونەوەشی فراوانبوونی پرۆسەی بازرگانی و پەیدابوونی پارە بووە [٤] . بەشێکی تری ئاڵوو گۆڕی ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای پارەیە و لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا بنەمای سەرەکی ئاڵوو گۆڕە، وەك پێوانەیەك پرۆسەکە ئاسان دەکات، هەروەها بەهای شت و مەك و کاڵاکان دیاری دەکات ، دەبێت چەند تایبەتمەندییەکی هەبێت : کەرەستەکان جۆراو جۆربێ ، بە ئاسانی بگوازرێنەوە ، دابەشبکرێن، نەگۆڕبن، کەم بن ، وەکو ئەوەی لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا قسەی لەسەر دەکرێت [٥] .

پرۆسەی ئاڵوگۆڕ ڕۆڵی لە شاری چوارتادا هەیە ، سەبارەت بە جۆری ناڕاستەوخۆ گرنگییەکی مێژوویی هەیە و مەبەست لێی ئەوەیە خەڵکی شارەکە بەشێك لە شتەکانی خۆیان وەك دیاری دەبەخشنە کەسی بەرامبەریان ، ئەویش هەوڵ دەدات دیارییەك پێشکەش بکاتەوە ، بۆ ئەم مەبەستەش چاوپێکەوتنێك ئەنجامدراوە :

---

[١] مليحه عوني القصير و معن خليل عمر، المدخل الى العلم الاجتماع ، مصدر السابق ، ص ٣٨٧ .

[٢] عبد على مالكى ، المدخل الى الانثروبولوجيا الاجتماعية ، المصدر السابق ، ص ١٢٨ .

[٣] مليحة عوني القصير و معن خليل عمر، المدخل الى العلم الاجتماع ، مصدر السابق ، ص ٣٨٧ .

[٤] قيس النورى ، المدخل الى علم الانسان ، المصدر السابق ، ص ١٩٥ .

[٥] پەیتەر کلۆس، ئەنسرۆپۆلۆجیای کلتوری ، و: خلیل محمد شڵماشی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی بەدرخان ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ ، ل ٨٨ .

**توێژەر / پرسیار : ئایا بەخشینی ماڵ و شتی تایبەتی کەسەکان لە چوارتادا بەبەرامبەریان هەیە؟**

**تویژراو / وەڵام : بەڵێ ئەم بابەتە لە کۆنەوە هەیە ، کۆمەڵێك شت وەك دیاری بەخشراوەتە بەرامبەر ، کە بۆ چەند شتێکە لەوانە ( خواردن ، پارە ، جل و بەرگ ) هەروەها هەندێك شت دەبەخشرێتە بەرامبەر ، بەڵام بەکاتی وەك ( سەیارە ، کەل و پەلی ناوماڵ ، جل و بەرگ ، پارە ) هۆکاری ئەمەش کاریگەریی کلتوری چوارتایە ، کە خەڵکی وەك نەریتێك و ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی و خزمایەتیی ئەو بابەتانە دەبەخشن، بەڵام بۆ ئەو شتانەی بەکاتی دەدرێتە بەرامبەر ، هەندێکجار ماوەیەك دیاری دەکرێت بۆ گەڕاندنەوەی ، جاری واش هەیە بە بێ ئەوەی کات دیاری بکرێت شتەکان دەدرێت بەکەسی دیاریکراو [1] .**

**هەروەها ئاڵوگۆڕی ناڕاستەوخۆ لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا گرنگیی و بەهایەکی کۆمەڵایەتیی و کلتوری باڵای هەیە ، ئەوەندەی کۆمەڵایەتییە ئەوەندە ئابوریی نییە ، چونکە بەهۆی کاریگەریی بەهێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەکلتور بوونی ئەم ئاڵوو گۆڕەوە ئەنجام دەدرێت . زۆرجار تەنها لە پێناو بەهێزکردنی پەیوەندیی و نزیك بوونەوەی زیاترە لەیەکتری ، چونکە بەشێك لە دیارییەکان زیاتر ڕەمزین و سودێکی زۆر بەبەرامبەریان ناگەیەنن ، بۆنموونە بردنی قاپێك برنج بۆ ماڵە دراوسێیەك ، ئەمە نابێتە هۆی پڕکردنەوەی پێداویستی ئەو ماڵەو تێرکردنیان ، بەڵکو هۆکارێکە بۆ زیاتر نزیك بوونەوەو دڵنیاکردنەوەی بەرامبەرەکان بۆ پەیوەندییەکی برایانەو پڕ لە خۆشەویستی . لەدواتردا بەرامبەر بە جۆرێکی تر یان بەهەمان ڕێگا پاداشتی کەسەکەی تر دەداتەوە .**

**سەبارەت بە جۆری ئاڵوگۆڕی ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا لەسەر بنەمای پارەیە، خەڵکی و بازرگانەکان و فرۆشیاران وەکو ڕەمزێك بۆ دیاری کردنی بەهای کاڵاکان و کڕین و فرۆشتنیان بەکاری دێنن ، بەڵام لەبەر ئەوەی چوارتا بازاڕێکی گەورەی نییەو ژمارەی دانیشتوانی کەمە ، کاری بازرگانی تەنها لە سنوری ئەو چەند دووکانە کەمەدایە کە لەشارەکەدا هەیە ، پرۆسەکەش تاکەکەسیە و لە شێوەی کڕین و فرۆشتن و هێنانی کەل و پەل و خۆراکەوەیە لەلایەن دووکاندارەکان و فرۆشتنەوەیان لە چوارتادا نەوەك کارێکی بازرگانی گەورە کە کەسانێك پێوەی سەرقاڵی بن ، کەواتە ئاڵوگۆڕی ڕاستەوخۆ کەلەسەر بنەمای پارەیە لە چوارتادا زۆر فراوان نییەو زۆر گەشەی نەکردووە ، هەروەها ئەم بابەتە لە**

---

[1] ئازاد عبدالله احمد ، چاوپێکەوتن ، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو ( ٣ ) ، ٣ / ٤ / ٢٠١٦ .

چوارتادا تـەنها ڕووە ئابوورییەکەی نییـە ، بـەڵکو کاریگـەریی لەسـەر پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان هەیـە و بــەهۆی بــەردەوامی پرۆســەی کــڕین و فرۆشــتنەوە پەیوەنــدیی لــە نێــوان فرۆشــیارو چــوارتاییەکاندا بەهێزتربووە .

لێـرەدا ئەگـەر هـەردوو جۆرەکـەی ئـاڵوو گـۆڕ بەیەکـەوە باسـبکرێن ، دەکرێـت بوترێـت ئـاڵوو گـۆڕی ناڕاستەوخۆو گۆڕینەوەی شتە تایبەتییەکان لە نێوان یەکتریدا هەیەو گرنگی هەیـە ، پـارەش وەك پێوەرێـك کـە لـە کۆمـەڵگا پیشەسـازییەکاندا هۆکـاری سـەرەکی ئـاڵوو گـۆڕە ، لەشـارەکەدا پشـتی پێدەبەسـترێت و بـە کاردەهێنرێـت ، ئەمـەش واتـای ئەوەیـە کۆمـەڵگای توێژینـەوە گەشـەی کـردووەو گـۆڕدراوە بـەڵام لـە ژێرکاریگەرییـەکانی کلتـوری ڕەسـەنی شـارەکەدا ماوەتـەوە ، هـەروەها توانیویـەتی هـەنگاو بنێـت و پـارە وەك بنەمایەکی ئاڵووگۆڕ بەکاربهێنێت و سوودی لێوەربگرێت .

## تەوەری سێیەم : دابەشکردنی کار

کـار ئــەو هەوڵەیــە مــرۆڤ دەیــدات بــۆ بەرهــەم هێنــانی کــاڵاو خزمەتگوزارییــەکان ، سەرچــاوەی سەرمایەو بەرهەم هێنانە ، بەو هۆیەوە کەرەستەی خاو دەگۆڕدرێت بە شتێکی تر کە زیاتر بە سوود بێـت و بـەکار بهێنرێـت [1] . زۆر جـار بـەهۆی سروشـتی کـارو کۆمەڵگاکانــەوە، دابەشـکردنی کـار وەکـو دیاردەیـەك هــەبووە ، بــەڵام لــە کۆمەڵگایەکــەوە بــۆ کۆمەڵگایــەکی تــر جیــاواز بــووە ، کــە هەنــدێکجار کــەم بــووە ، یان زۆر بووە [2] .

دابەشکردنی کار بەگشـتی لەسـەر چـەند بنەمایەکـە ، گرنگترینیـان بریتیـە لـە ( تەمـەن و ڕەگـەز و پسپۆڕی ) کە لەم توێژینەوەیەدا بە دوو خاڵ باس دەکرێت:

**١. دابەشکردنی کـار لەسـەر بنـەمای تەمـەن و ڕەگـەز :** ئـەم جـۆرە زیـاتر پەیوەسـتە بـە کۆمـەڵگای سەرەتایی و کشـتوکاڵەوە ، زۆرتـر لەسـەر بنـەمای تەمـەن و ڕەگـەزە ، کـە بـە پێـی ڕەگـەزەکان دەگۆڕدرێـت ، هەروەها بەپێی تەمەنیش جیاوازە [3] . هەروەها ئەم بابەتـە لـە کۆمـەڵگا سـەرەتایی و سـاددەکاندا ئەوەنـدەی

---

[1] موفق على الحليل و السيد عدنان حسين يونس ، مبادئ الاقتصاد ، مكتب القبس للطباعة ، بغداد ، ١٩٨٩ ، ص ٥١ .

[2] پەیتەر کلۆس ، ئەنسرۆپۆلۆجیای کلتوری ، و: خلیل محمد شڵماشی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٠ .

[3] لوسى مير ، مقدمة فى الانثروبولوجيا الاجتماعية ، ترجمة : شاكر مصطفى السليم ، دار الشؤون الثقافة العامة ، العراق ، بدون سنة ، ص ١٨٩ .

کۆمەڵایەتییە ئەوەندە ئامانج لێی دەستکەوتی ئابوریی نییە ، واتا کاتێك ئەندامی خێزانێك ئەو کارەی ئەنجامی دەدات ، وەك ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی سەیری دەکات و پەیڕەوی ئەو جۆرە دابەشکارییەیە کە لەکارکردندا هەیە [١] .

سەبارەت بە دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای تەمەن و ڕەگەز چاوپێکەوتنێك ئەنجامدراوە :

توێژەر / پرسیار : لە شاری چوارتادا تاچەند دابەشکردنی کار بە پێی تەمەن و ڕەگەز هەبووە ؟

توێژراو / وەڵام : ئەوکاتەی زۆرینەی خەڵکی خەریکی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بوون ، کەسەکان تاڕاددەیەك بە بێ جیاوازی تەمەن کاریان کردووە ، بەڵام گەنجەکان زیاتر لەوانی تر ئەرکیان لەسەر شان بووە ، ئەمەش لەبەر سروشتی تەمەنەکەیان کە توانایەکی باشیان هەبووە ، سەبارەت بە کارکردن لەسەر بنەمای ڕەگەز ، ژنانی چوارتا زیاتر کاری ماڵ و پەروەردەی منداڵیان لە ئەستۆدا بووە ، بەڵام چەندین کاری تریشیان کردووە وەك ( ئاژەڵ دۆشین ، بەخێوکردنی پەلەوەرو باڵندە ، بەشداری لە کاری کشتوکاڵ ، ئاو هێنان ، بەشداری لە دروێنەی دانەوێڵە ، ڕێسانی خوری ، چنین و ڕستن ، جل دورین ) پیاوانیش چەند کارێکیان لە ئەستۆ بووە ، گرنگترینیان ( کشتوکاڵ کردن ، ئاژەڵ لەوەڕاندن ، بازرگانی، بەشداریکردن لەشەڕ ، ڕاوکردن ) [٢] .

لەڕووی دابەشکردنی کارەوە لەسەر بنەمای تەمەن لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا ، منداڵان زۆرتر ئەرکی خوێندنیان لەسەر شانەو دەخوێنن ، مرۆڤە بەتەمەنەکان ، بەشێکیان خانە نشینن و کارناکەن ، بەشێکی تریان توانای کاریان نییە بەهۆی لەدەستدانی تواناو هەڵکشانی تەمەنیانەوە ، هەندێکی تریان کاردەکەن ، بەڵام گونجاو لەگەڵ تەمەنیان وەك ( دوکانداری ، کشتوکاڵ کردن و ئاژەڵداری ) هەندێکیشیان دەیانەوێت پشوو بدەن ، هەروەها ئەو کەسانەی کە پێیان دەوترێت گەنج لەسەر ئاستی هەردوو ڕەگەز ، یان ئەوانەی کەوتوونەتە نێوان تەمەنی منداڵی و پیرییەوە ئەرکە سەرەکییەکەیان بەر کەوتووە و بژێوی خۆیان و خێزانەکانیان دابین دەکەن .

---

[1] Anthony Giddens, Sociology, Polity Press, Britain, *2001*, *p375*

[٢] عوسمانی حاجی محمود ، چاوپێکەوتن ، بەشێك چاوپێکەوتنی پێشوو ( ٥ ) ، ١ / ٣ / ٢٠١٦ .

له ڕووی دابەشکردنی کارەوە لەسەر بنەمای ڕەگەز ، لە چوارتادا بەگشتی ژنان وەك پێشتر بەشداری لە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییدا ناکەن هەروەها ئاو ناهێنن و ئاژەڵیش نادۆشن ، بەڵام ئەرکی سەرەکیی کاری ماڵیان لە ئەستۆدایە و پێویستە ماڵ پاك بکەنەوەو چێشت لێبنێن ، قاپ و جلەکان بشۆن و منداڵ پەروەردە بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لە ژنان جگە لە ئەرکەکانی ناوماڵ کارێکی تریان هەیە ، دێنە دەرەوەو زۆرینەیان لە ناو فەرمانگەکاندا کاردەکەن، پیاوانی چوارتاش بەگشتی پێویستە بژێوی خێزان دابین بکەن و خۆراك و جل و بەرگ بکڕن و شوێنی نیشتەجێبوون دابین بکەن ، بەشێکیان فەرمانبەرن و هەندێکی تریان لە بازاڕدا کار دەکەن ، بەڵام هەندێکجار پیاوان جگە لە ئەرکی ئابوری ، هاوکاری خێزانەکانیان دەکەن و بەشداری لە پەروەردەی منداڵ و بەڕێوەبردنی کارەکانی ناوماڵدا دەکەن .

کەواتە دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای ڕەگەز لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا تاڕاددەیەك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ، کە بۆ دوو هۆکاری سەرەکیی دەگەڕێتەوە : یەکەمیان گۆڕانی جۆری بیرکردنەوەیە ، کە پەیوەندی بەچەند هۆکارێکی ترەوە هەیە وەك ( جۆری کارکردن گۆڕدراوە ، کە بە گشتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بووەو بووەتە کاری فەرمانبەری ، لەگەڵیدا بیرکردنەوەو هۆشیاری کەسەکانیش گۆڕدراوە ، پاشان ماوەیەکی زۆرە قوتابخانە هەیەو زۆرینەی منداڵان دەخرێنە بەرخوێندن و بەشێکیشیان بوونەتە خاوەنی بڕوانامە ئەمەش تاڕاددەیەك بیرکردنەوەیانی گۆڕیوە، هەروەها خەڵکی لە ژێرکاریگەریی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ئینتەرنێت و ڕێکخراوەکاندان ، لەو ڕێگایەوە زانیاری وەردەگرن دەربارەی ژیانی هاوسەری و هاندەدرێن بۆ ئەوەی ژنان کاربکەن و پیاوانیش بە ئەرکی سەرشانی خۆیان بزانن بەشێك لە ئەرکی ناوماڵ ڕاپەڕێنن ) هۆکاری دووەم پەیوەندی بە لایەنی ئابورییەوە هەیە ، بۆ ئەوەی بژێوی ژیانیان بەباشی دابین بکەن و هاوکاری هاوسەرەکانیان بن بەشێك لە ژنان چوونەتە دەرەوە بۆکارکردن ، کە زۆرێکیان کاری فەرمانبەرییان هەڵبژاردووە .

٢. **دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای پسپۆڕی :** جۆرێکی تر لە دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای پسپۆڕییە ، مەبەستی ئابوریی لە پشتەو ئامانج لێی دەستکەوتنی پارەیە ، هەروەها سوودە لەو کارەی کەسێك ئەنجامی دەدات [١] . بەرە بەرە بە پێی ئاڵۆز بوونی کۆمەڵگا ئەم بابەتە تایبەتمەندبوونی وەرگرت ، کارێك دابەش بوو بۆ چەند کارێکی بچوکتر [٢] . بەتایبەتی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجییاوە پسپۆڕبوون

---

[1] Stephen Harris , Sociology, Longman Singapore Publishers Pte, Singapore, *1996*, *p115*.

[٢] احمد أبوزيد ، البناء الاجتماعى مدخل لدراسة المجتمع ، المصدر السابق ، ص ١٨٧ .

زیاتردەرکەوت ، بۆ نموونە لە دروستکردنی ئۆتۆمبێلدا هەریەکەی کارێکی بەردەکەوێت ، یەکێك پارچەیەك جێگیر دەکات و کەسێکی تریش کارێکی تر دەکات [1] .

دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای پسپۆڕی لە شاری چوارتادا لەسەر دوو بنەمایە : یەکەمیان بڕوانامەیە و دووەمیان پیشەیە ، سەبارەت بە بڕوانامە چەندین کەس هەیە، کە هەریەکەیان لە بوارێکدا تایبەتمەندو پسپۆڕن ، وەك ( پزیشك ، ئەندازیار ، مامۆستا ، ژمێریار ، پارێزەر ، یاریدەدەری پزیشك ، توێژەری کۆمەڵایەتی ) . دەکرێت بوترێت پسپۆڕبوون لەسەر ئاستی بڕوانامە گرنگییەکی زۆری مادی و واتایی هەیە، کە بە پێی پلەبەندی بڕوانامەکەیان پێگەو ڕۆڵ و دەستکەوتی ئابورییان گۆڕانکاری بەسەردا دێت . دووەمیان پسپۆڕییە لەسەر بنەمای پیشە ، کە تەنها چەند پیشەیەکی کەم لەشارەکەدا هەیە وەك ( دارتاشی ، ئاسنگەری ، خەیاتی ، سەرتاشی ، کەبابچێتی ) . بەوهۆکارەی چوارتا لە ڕووی جوگرافییەوە بچووکەو شوێنی کاری بەرفراوانی تێدا نییە ، ئەوکەسانەی پیشەوەرن و پسپۆڕن لەو بوارەدا تەنها چەند کەسێکیان دەتوانن کاربکەن و دوکان و شوێنی کار دابنێن، ئەوانی تر دەرفەتیان لەبەردەمدا نییە ، هەربۆیە بەناچاری ڕوو لە کەرتی خزمەتگوزاری و بوارەکانی تر دەکەن .

گرنگی پسپۆڕبوون لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا بەتایبەتی بۆ ناوفەرمانگەکان ، واتای ئەوەیە کە گۆڕانکاری بەسەر ژیان و کلتوری چوارتادا هاتووە ، کە گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی گرنگە بەپێی شارەزایی و پسپۆڕی جۆری ئەرکی سەرشانی کەسەکان دیاریبکرێت ، بۆ نموونە هەوڵ دەدرێت ئەو کەسەی دەرچووی بەشی ژمێریاری پەیمانگا یان زانکۆیە بکرێتە ژمێریار ، ئەوکەسەی دەرچووی ئەندازیارییە ببێتە ئەندازیارو کاری تایبەت بەخۆی بدرێتێ ، دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن بکرێتە بەرپرسی ڕاگەیاندنی فەرمانگەکان ، کەسانی یاسایی لە دادگاکاندا دابنرێن ، هەروەها چەندین پسۆڕی تریش ئەرکی جۆراو جۆریان هەیە ، بەڵام دەکرێت بوترێت تاڕاددەیەك ئەمە جێبەجێکراوە ، چونکە هەندێکجار کەسانێکیش هەندێك ئەرك و بەرپرسیارێتیان پێدراوە کە پسپۆڕی کەسەکان خۆیان نییە .

---

[1] لوسی میر ، مقدمة فی الانثروبولوجیا الاجتماعیة ، ترجمة : شاکر مصطفی السلیم ، المصدر السابق ، ص١٨٨ .

# بەشی چوارەم

## لایەنی کۆمەڵایەتی

ئەم بەشە باسی لایەنی کۆمەڵایەتی  شاری چوارتا دەکات و پێکهێنەرەکانی دەستنیشان دەکات، کە بە سێ تەوەر دیاریکراون  بەم جۆرەی لای خوارەوە :-

**تەوەری یەکەم :  هاوسەرگری**

یەکەم : جۆرەکانی هاوسەرگری

دووەم : ڕێگاکانی هاوسەرگری

سێیەم : ڕێوڕەسمی هاوسەرگری

**تەوەری دووەم : خێزان**

یەکەم  : جۆرەکانی خێزان

دووەم : ئەرکەکانی خێزان

**تەوەری سێیەم : خزمایەتی**

یەکەم : زاراوە سەرەکییەکانی خزمایەتی

دووەم : جۆرەکانی خزمایەتی

سێیەم : ڕێساکانی خزمایەتیی  و بنەماڵە

## لایەنی کۆمەڵایەتی

ئـەم بەشـە باسـی لایـەنی کۆمەڵایـەتیی کۆمـەڵگای چـوارتا دەکـات و پێکهێنـەرەکانی دەستنیشان دەکات ، کە بە سێ تەوەر دیاریکراون :

پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی لـە چـەند لایـەنێك پێکهـاتووە و هەریەکـەیان بـە بـەهێزی بـەوی تریانـەوە بەستراوەتەوە، لایەنی کۆمەڵایەتی و سیستمی خزمایەتیی یەکێکە لەوانـە ، ئـەوانی تـر کاریگـەرییان لەسـەری هەیە و لایەنی کۆمەڵایەتییش پێیانەوە پەیوەستـە و کاریگـەری لەسـەریان دروسـت دەکاتـەوە [1] . سـەبارەت بەم توێژینەوەیە، لایەنی کۆمەڵایەتیی بەشێکی سەرەکییە و گرنگیی زۆری پێدراوە ، هەوڵدراوە زانستیانە و بە وردی بـاس بکرێت ، کـە کـراوە بـە سێ تـەوەرەوە ئـەوانیش (تـەوەری یەکـەم : هاوسـەرگری ، تـەوەری دووەم : خێزان ، تەوەری سێیەم : خزمایەتی )ە ، هۆکاری ئـەوەش کـە بـەو جـۆرە بـاس دەکرێت ، سـەرەتای پەیوەندییەکان لـە هاوسـەرگرییەوە دەسـت پێـدەکات ، پاشـان خێـزان دروسـت دەبێت و دواتـر خزمایـەتیی لەسەر ئەو پەیوەندییانەی پێشوو پێك دێت.

هـەروەها لایـەنی کۆمەڵایـەتیی ئـەم توێژینەوەیـە گوزارشـت لـە بەشـێك لـە پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتیی چـوارتا دەکـات لـە ڕووی چـۆنێتی گـوزەران و ئـەو گۆڕانکارییانـەی کـە بەسـەریدا هـاتووە ، دواتـر هۆکـارو دەرەنجامی گۆڕانکارییـەکان دیـاری دەکـرێن و دەبەسـترێنەوە بەلایەنـەکانی تـرەوە ، واتـا پەیوەسـتبوون بـە لایەنی ( ئایکۆلۆجی و ئابوری و کلتوری ) کۆمەڵگاکەوە .

### تەوەری یەکەم : هاوسەرگری ( الزواج )

هاوسـەرگری لـەڕابردوو و لـە ئێسـتادا گرنگـی زۆری هـەبووە و هۆکـاری دروسـتکردنی پەیوەنـدیی و بەستنەوەی کەسەکان بووە پێکەوە ، بەوهۆیـەوە چـەند کارێـك ئەنجامـدراوە وەك : تێرکـردن و ڕێکخستنی پەیوەنـدیی سێکسـی، خسـتەوەی نـەوەو بەردەوامیـدان بـە ژیـان ، لەبەرئـەوەی کۆمـەڵگاکان هاوسـەرگریان بەباشترین ڕێگا زانیوە کە منداڵ دروست ببێت تـا چاودێری و پـەروەردە بکرێت ، جێگربـوون و ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا بەهۆی هاوسـەرگرییەوە ، چـونکە پەیوەندییـەکان ڕێـك دەخـات و لـە دۆخـی تـاکی و گۆشەگیرییەوە بەرەو کۆمەڵایەتیی دەبات [2] .

---

[1] فاتن شريف ، الاسرة و القرابة دراسات فى الانثروبولوجيا الاجتماعية ، الطبعة الاولى ، دار الوفاء ، مصر ، ٢٠٠٦ ، ص ٣٥ .

[2] على القائمى ، الاسرة و قضايا الزواج ، الطبعة الثالثة ، دار النبلاء ، بيروت - لبنان ، ٢٠٠٤ ، ص ١٥ — ١٧ .

هاوسـەرگری پەیوەندییـەکی گرنگـەو هەوڵێکـە بـۆ تێرکردنـی پێداویسـتی سێکسـی ژن و پیـاو ، لـە چوارچێوەی ڕازیکردنی کۆمەڵگاو دان پیادانان بە ئەو پەیوەندییەدا ، بەهۆی ئەم پرۆسـەیەوە دەتوانرێت منداڵ ببێت و پەروەردە بکرێت [1] .

لـە ڕوویـەکی تـرەوە هاوسـەرگری بریتییـە لـە دیاردەیـەکی کۆمەڵایـەتیی ، لـە کۆمەڵگایەکـەوە بـۆ کۆمەڵگایەکی ترو لە قۆناغێکی مێژووییەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازی هەیە ، کە لە ئەنجامی یەکگرتنی دوو ڕەگـەزی جیـاوازەوە دروسـت دەبێـت و بەهۆیـەوە نـەوە خسـتنەوە بـەردەوام دەبێـت ، هـەروەها ناوەڕۆکی پەیوەندییەکەش بریتییە لە پەیوەندیی سێکسی نێوان ژن و پیاو [2] .

بەگشتی دەتوانرێت بوترێت هاوسەرگری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو ڕێگایەکی گرنگە بۆ تێرکردنـی ئـارەزووی سێکسـی ، بەهۆیـەوە هاوسـەران دەتـوانن ببنـە خـاوەن منـداڵ و پـەروەردەی بکـەن ، هـەروەها پەیوەندییـەکی بـەهێز لـە نێـوان کۆمـەڵگاو پێکهێنـەرەکانی تـری کۆمـەڵگاو ئـەم پرۆسـەیەدا هەیـە ، هاوسـەرگری دەبێـت لەگـەڵ ئـایین و خێـزان و داب و نـەریتی کۆمەڵایەتییـدا گونجـاو بێـت و دژ نەبێت ، بەگشتی لەلایەن کۆمەڵگاوە دان پێدانراو بێت .

ئـەم تـەوەرە بـاس لـە چـەند بابـەتێك دەكـات وەك ( یەکـەم : جۆرەکـانی هاوسـەرگری ، دووەم : ڕێگاکـانی هاوسەرگری ، سێیەم ڕێوڕەسمی هاوسەرگری ) .

**یەکەم : جۆرەکانی هاوسەرگری : جۆری هاوسەرگری زۆرە ، بەناوبانگترینیان ئەمانەن :-**

١. **هاوسەرگری تێکەڵ ( الزواج الاباحیة )** بریتییە لە پەیوەندییەکی سێکسی تێکەڵ بە بێ ڕێگری و ئاستەنگ ، کە بۆ ئەنجامدانی هیچ جۆرە کۆت و بەنـدێك لـە بـەردەم ژن و پیـاودا دانـەنراوە ، واتـا ڕێکخستن لە پەیوەندییەکاندا لەم قۆناغەدا نییە ( مۆرگـان ) نـاوی نـاوە قۆنـاغی ( سێکسـی تێکـەڵ ) [3] . کە بەیەکەم قۆناغ یان سەرەتای دروست بوونی پەیوەندیی هاوسەرگری دادەنرێت ، بـەڵام ئـەم بۆچوونە بـەلای هەنـدێك زانـای تـرەوە خـەیاڵ و بیرکردنەوەیـەکی ڕووتـەو پێیـان وایـە نـە لـە کۆنـدا و نـە لـە ئێسـتادا کۆمەڵگایەکی لەو جۆرە نەبووە ، کە ڕێکخستنی سێکسی نەبووبێت [4] .

---

[1] ابراهیم ناصر، الانثروبولوجیا الثقافیة، الطبعة الثالثة ، جمعیة عمال المطابع التعاونیة ، عمان – الاردن ، ١٩٨٥، ص ١٢٨ .

[2] عزت فتاح حمه صالح ، ابلاخ دراسة انثروبولوجیة ، اطروحة دکتورا ، کلیة العلوم الانسانیة ، قسم علم الاجتماع ، غیر منشورة ، سلیمانیة ، ٢٠١٢ ، ص ٩١ .

[3] احمد أبوزید ، البناء الاجتماعی مدخل لدراسة المجتمع ، المصدر السابق، ص ٢٧٧ – ٢٧٨ .

[4] مصطفی الخشاب، علم الاجتماع و مدارسه ، مکتبة الانجلو المصریة ، قاهرة – مصر، بدون سنة ، ص ٣٦٦ .

**٢. هاوسەرگری بە کۆمەڵ ( الزواج الجماعی ) ئەم جۆرە دەگەڕێتەوە بۆ توێژینەوەی زانایانی سەدەی (١٩) کە زۆرێکیان بە ناڕێکخراوو نازانستی دادەنرێن ، لەوانە ( هنری مۆرگان ) پێی وایە بەواتای پەیوەندیی سێکسی چەند ژن و پیاوێك دێت لەیەك کاتدا و بەو هۆیەوە هەریەکەیان دەبنە هاوسەری یەکتری [١]. بە ڕای توێژەران هۆکاری ئەمجۆرە هاوسەرگرییە بەگشتی ئابووری بووە ، ئەو منداڵانەشی لەم خێزانەدا لە دایك دەبن لەلایەن هەموانەوە سەرپەرشتی دەکرێن [٢] . لە کۆمەڵگای توێژینەوەشدا ئەم هاوسەرگرییە نییە چونکە پێچەوانەی داب و نەریت و ئایینی خەڵکی چوارتایە .**

**٣. فرە هاوسەری ( الزواج التعددی ) بریتییە لە هاوسەرگری چەند ژنێك لەگەڵ پیاوێکدا ( فرە ژنی) هەروەها بریتییە لە هاوسەرگری ژنێك لەگەڵ چەند پیاوێکدا ( فرە پیاوی ) ، ئەوەی یەکەمیان بڵاوە ، بەڵام ئەوەی دووەمیان بەکەمی ئەنجامدراوە [٣] . لەم توێژینەوەیەدا باس لە ( فرە ژنی و فرە پیاوی ) دەکرێت بەم جۆرەی لای خوارەوە :**

**أ. فرە ژنی ( تعدد الزوجات ) بریتییە لە ڕێگادان بە پیاو بۆ هاوسەرگری کردن لەگەڵ ژنێك زیاتر، کە هەموویان لە لایەن ئەوەوە بەڕێوە دەبرێن و سەرپەرشتی دەکرێن ، واتا پیاو هاوبەشە لە نێوان ژن و منداڵەکاندا ، هەرژنەو پێگەیەکی جیاوازیی هەیە ، بۆنموونە بەتەمەنترینیان ، یان یەکەمیان پێگەو دەسەڵاتی لەوانی تر زیاترە [٤] .**

**سەبارەت بە فرەژنی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەیە ، زانایەك بەناوی ( مردوك) ڕاپرسییەکی لەسەر (٢٥٠) کۆمەڵگا ئەنجامدا ، لە دەرەنجامدا بۆی دەرکەوت ( ١٩٥ ) یان ڕێگایان بە فرە ژنی داوە [٥] . هەروەها لەسەر ئاستی کۆمەڵگای کوردی فرەژنی بەجۆرێکی بڵاو دانانرێت و زۆرتر تایبەت بووە بەو کەسانەی پێگەیەکی بەرزیان هەبووە بەتایبەتی لە ڕووی ئابورییەوە ، وەك ئاغاو دەسەڵاتداران و دەوڵەمەندان ، ئەوان بە ئاسانی توانیویانە مارەیی ژنێکی تر دابین بکەن [٦] . لە ئێستاشدا بەتایبەتی لە**

---

[١] جوردون مارشال ، موسوعة علم الاجتماع ، ترجمة : محمد الجوهري والآخرون ، الطبعة الثانية ، المجلس الاعلى للثقافة ، مصر ، ٢٠٠٧، ص ٦٨١ .

[٢] ابراهيم ناصر، الانثروبولوجيا الثقافية، المصدر السابق، ص ١٣٣ .

[٣] على محمد المكاوى، الانثروبولوجيا و قضايا الانسان المعاصر، المصدر السابق ، ص ٦٦ .

[٤] سناء الخولى ، الزواج و الاسرة في العالم المتغير ، دارالمعرفة ، الاسكندرية – مصر ، ١٩٨٩ ، ص٦٨ .

[٥] قيس النورى ، المدخل الى علم الانسان ، المصدر السابق ، ص ٢٣٢.

[٦] شاكر خصباك ، الاكراد ، الطبعة الاولى ، الدار العربية ، بيروت – لبنان ، ٢٠٠٥ ، ص ٤٦٠ .

هەرێمی کوردستاندا فرەژنی جۆرێکی بڵاو نییە ، بە پێی ئامارە فەرمییەکان کە ئەنجوومەنی دادوەری بڵاوی کردووەتەوە جۆری هاوسەرگری بەم جۆرەیە :

* لە ٢٠١٣ لە کۆی ( ٥٢٧٤٩) هاوسەرگری ( ٦٢ ) پیاو بە فەرمی ژنی دووەمیان هێناوە .
* لە ٢٠١٤ لە کۆی ( ٤٧٤٤٤ ) هاوسەرگری ( ٧٥ ) پیاو بە فەرمی ژنی دووەمیان هێناوە .
* لە شەش مانگی سەرەتای ( ٢٠١٥ ) لە کۆی ( ٢١٧٩٥ ) هاوسەرگری ( ٤٣ ) پیاو بە فەرمی ژنی دووەمیان هێناوە [١] .

هەریەك لەم ژمارانە ئاماری فەرمی هەرێمی کوردستانن بڵاو بوونەتەوە ، کە ژمارەیەکی کەم جۆری هاوسەرگرییەکەی فرەژنی بووە .

سەبارەت بە کۆمەڵگای توێژینەوە ، هەرچەندە نەتوانرا بە فەرمی ئامارێك وەربگیرێت [*] ، بەڵام بەپێی بەدواداچوونەکانی توێژەر لەم چەند ساڵەی دواییدا بەتایبەتی ( ٢٠١٥ و ٢٠١٦ ) ژنی دووەم نەهاتووە ، لە پێش ئەوەشەوە تەنها ( ٥ ) کەس هەیە، کە ژنی دووەمی هێناوەو ئێستا لە شارەکەدا نیشتەجێن .

کەمی ئەنجامدانی فرەژنی لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە : لە هەرێمی کوردستاندا یاسایەك پەیڕەو دەکرێت ، کە ڕێگا بە هێنانی زیاتر لە ژنێك نادات ، بەچەند مەرجێك نەبێت، وەك ( ڕازی بوونی ژنی یەکەم بەو هاوسەرگرییە ، ئەگەر ژن نەزۆك بێت یان نەخۆشی درێژخایەنی هەبێت کە نەتوانێت سەرجێی ئەنجام بدات ، پیاو باری ئابوری باش بێت ) [٢] . واتا یاسا ڕێگرییەکە لەبەردەم پیاواندا کە بە ئاسانی نانوانن هاوسەرگری دووەم و سێیەم و چوارەم ئەنجام بدەن لەدەرەوەی ئەو مەرجانەی کە دیاری کراوە. هۆکارێکی تر بۆ کەمی فرەژنی ڕوودانی گۆڕانکارییە لە بیرکردنەوەی خەڵکدا کە ژنی دووەم بە ئەرکێکی قورس دەزانن و پێیان وایە بەڕێوەبردنی چەند هاوسەرێك ئاسان نییە ، هەروەها لە ڕووی ئابوورییەوە ئەرکێکی گەورەیەو پێویستی بە دابینکردنی برەپارەیەکی زۆرتر هەیە بۆ ئەوەی ژیانی خێزانی پێڕێکبخرێت . ڕازی نەبوونی ژن بەوەی ژنێکی تری بەسەر بێت ڕێگرییەکی ترە

---

[١] بەڕێوەبەرایەتیی پلان و ئامار ، ئەنجومەنی دادوەری ، هەرێمی کوردستان – عێراق ، ٢٠١٦/٦/٢٠ ، www.krjc.org .

[*] نەتوانرا ژمارە و جۆری هاوسەرگری بە فەرمی وەربگیرێت ، لەبەرئەوەی دادگای چوارتا ئامادە نەبوو ، هیچ ئامارێك بدات ، ئەمەش بەو پاساوەی تەنها بۆیان هەیە ئامارەکان بدەن بە سەرووو خۆیان کە ئەنجوومەنی دادوەرییە و ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە ساڵانە بە فەرمی بڵاوی دەکەنەوەو بە جیا نایدەن بەهیچ لایەنێك .

[٢] یاسای هەموارکردنی جێبە جێکردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە ( ١٨٨ ) ی ساڵی (١٩٥٩ ) هەموارکراو ، یاسای ژمارە (١٥) ی ساڵی (٢٠٠٨ ) ، ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ، هەرێمی کوردستان – عێراق ، ٢٠١٦/٦/٢٠ ، www.perleman.com.

لەبەردەم فرەژنیدا، چونکە ژنانێکی زۆر لەوباوەڕەدان ئەو بابەتە هۆکاری پێشێلکردنی مافەکانیانەو پیاو ناتوانێت دادپەروەربێت لەنێوان چەند ژنێکداو بەوەش کێشەیان بۆ دروست دەبێت و ئاسوودەییان تێکدەچێت ، هەروەها بەشێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی ژنانیش دژی فرەژنین و پێیان وایە هۆکاری پێشێلکردنی مافەکانی ژنانە .

ب. فرە مێردی ( تعدد الازواج ) دووجۆری هەیە : یەکەمیان بە واتای هاوسەرگری ژنێکە لەگەڵ پیاوێك زیاتر ، کە دەبێتە ژنی چەند کەسێك و ئەندامێکی هاوبەش لە نێوانیاندا ، ئەم فرە مێردییە زیاتر دەگەڕێندرێتەوە بۆ کۆمەڵگا سەرەتاییەکان ، بەلاَم لە کۆمەڵگای نوێدا زۆر دەگمەنەو بەکەمی دەبینرێت [1] .

جۆری دووەمی فرە مێردی جیاوازە ، ژن چەند هاوسەرگرییەك دەکات بەلاَم یەك لەدوای یەکە ، دوای ئەوەی جیادەبێتەوە ، یان هاوسەرەکەی دەمرێت ، جارێکی تر هاوسەرگری دەکاتەوە ، ئەگەر منداڵەکانی هاوسەری پێشووی لەگەڵ خۆی بەرێت ، ئەوا خێزانێکی گەورەی پێکهاتوو دروست دەکات ، کە هەندێك لە منداڵەکانی دایك و باوکیان هاوبەشەو بەشێکیشیان تەنها دایکیان هاوبەشە [2]. سەبارەت بە فرە هاوسەری ، جۆری دووەم لەشاری چوارتادا بە پێی هەندێك هەل و مەرجی کۆمەلاَیەتی و ئایینی ، گونجاوەو پەیڕەو دەکرێت ، چونکە پێچەوانەی بیروباوەڕی ئاینی و داب و نەریتی کۆمەڵگای توێژینەوە نییە .

٤. تاك هاوسەری ( الزواج الاحادی ) پەیوەندیی پیاوێکە لەگەڵ ژنێك بەتەنها ، بە پێچەوانەی فرە هاوسەری و جۆرەکانی ترەوە ڕێگا نادرێت بەکەسێك کە زیاتر لە ژنێك یان پیاوێکی هەبێت، کە بە هاوسەرگرییەکی بلاَو دادەنرێت لە جیهاندا و لە زۆربەی شوێنەکاندا ئەنجام دەدرێت [3] . هەروەها تاك هاوسەری تەنها لە کۆمەڵگای نوێدا نییە ، بەڵکو لە سیستمی کۆمەڵگا کۆنەکاندا هەبووە ، بەتایبەتیی ڕۆمانی و یۆنانی و میسری ، بۆ نموونە لە ولاَتی میسری کۆندا ، بە پێی یاسا دیاری کراوە کە نابێت پیاوێك دوو ژنی هەبێت لەیەك کاتدا [4] .

---

[1] ملیحة عونی القصیر و معن خلیل عمر، المدخل الى علم الاجتماعیة ، المصدر السابق ، ص ٣٠٤ .

[2] عزت فتاح حمه صالح ، ابلاخ دراسة انثروبولوجیة ، المصدر السابق ، ص ٩٩ .

[3] على محمد المكاوى ، الانثروبولوجیا و قضایا الانسان المعاصر، المصدر السابق ، ص ٦٦ .

[4] نسیم الخورى ، الزواج مقاربة نفسیة و اجتماعیة ، الطبعة الاولى ، دارالمنهل ، لبنان ، ٢٠٠٨ ، ص ٢٢٠-٢٢١ .

تاك هاوسەری لەبەر دوو هۆكار زۆرتر دەركەوت : يەكەم دياريكردنی ئەم بابەتەبوو بە پێی ياسا ، دووەم بەهۆی دروست بوونی گۆڕانكارييەكی كۆمەڵايەتی و ئابوريی بەرفراوان و بەرزبوونەوەی پێگەی ژنەوە بوو لە كۆمەڵگادا ، ئارەزووييەكی كۆمەڵايەتيی دروست بوو ، بۆ ڕووكردنە تاك هاوسەری [1] .

سەبارەت بە تاك هاوسەری و ئەنجامدانی ، ئەگەر لە سەر ئاستی ڕاپرسييەكەی ( مردوك ) باس بكرێت لە كۆی ئەو (٢٥٠) كۆمەڵگايەی وەری گرت ، تەنها (٤٣ ) يان خەڵكەكەی ناچار كردووە بۆ ئەنجامدانی تاك هاوسەری [2] . لە كۆمەڵگای كورديشدا بە جۆرێكی سەرەكيی هاوسەرگری دانراوە ، بەتايبەت لەلادێكان و لای كەسانی هەژار وەك جوتياران ، چونكە ئەوان باری ئابوريی باشيان نەبووە و نەيان توانيوە ئەوپارەيەی بەهۆی مارەيی يان شيربايييەوە دەبێت بدرێت دابينی بكەن ئەگەر بيانەوێت ژنێكی تر بهێنن [3] .

دەربارەی ئاستی ئەم جۆرەی هاوسەرگری لە ئێستای هەرێمی كوردستاندا ، بلاوترين هاوسەرگرييە ، بە پێی ئامارەكان كە ئەنجوومەنی دادوەری بلاوی كردووەتەوە بەم جۆرەيە :

- لە ٢٠١٣ لە كۆی ( ٥٢٧٤٩) هاوسەرگری ( ٥٢٦٨٧ ) لە جۆری تاك هاوسەری بووە .
- لە ٢٠١٤ لە كۆی ( ٤٧٤٤٤ ) هاوسەرگری ( ٤٧٣٦٩ ) لە جۆری تاك هاوسەری بووە .
- لە شەش مانگی سەرەتای ( ٢٠١٥ ) لە كۆی ( ٢١٧٩٥ ) هاوسەرگری ( ٢١٧٥٢ ) لە جۆری تاك هاوسەری بووە [4].

هەروەها لە كۆمەڵگای توێژينەوەدا بەگشتی جۆری ئەو هاوسەرگرييانەی پەيڕەو دەكرێت ، بريتييە لە تاك هاوسەری ، واتا بلاوترين جۆرە لە شارەكەدا ، هەرچەندە نەتوانرا ئاماری فەرمی دەست بكەوێت ، بەڵام بە پێی بەدواداچوون و پرسياركردن لەخەڵكی و لە موختاری چوارتا [*] لەم ساڵانەی دواييدا ئەو هاوسەرگرييانەی كە ئەنجام دراون بەتايبەتی ( ٢٠١٥ و ٢٠١٦ ) تاك هاوسەری بوون ، ئەو كەسانەی ژيانی هاوسەرگرييان پێك هێناوە ، يان يەكەم جاريان بووە ، يان جيابوونەتەوەو بۆ جارێكی تر ئەو پەيوەندييەيان دروست كردۆتەوە .

---

[1] المصدر النفسه ، ص ٢٢٠ – ٢٢١ .

[2] قيس النوری، المدخل الی علم الانسان، المصدر السابق ، ص ٢٣٢.

[3] شاكر خصباك ، الاكراد ، المصدر السابق ، ص ٤٦١ .

[4] بەڕێوەبەرايەتيی پلان و ئامار ، ئەنجومەنی دادوەری ، هەرێمی كوردستان – عێراق ، ٢٠١٦/٦/١٢٠ ، www.krjc.org .

[*] ( دابان كمال صالح ) موختاری شاری چوارتا .

سەبارەت بەم بابەتە چەند هۆكارێك هەیە بۆ ئەوەی تاك هاوسەری بلاوترین جۆر بێت : یەكێك لە هۆكارەكان یاساییە ، كە بە ئاسانی ڕێگا نادرێت بە هێنانی ژنێكی تر . هەروەها گۆڕانی لایەنی كلتوری و بیروباوەڕو تێڕوانینی خەڵكی بەرامبەر ژیانیان هۆكارێكی ترە ، بەو هۆكارەی پێیان وایە سیستمی تاك هاوسەری باشترین جۆرە و بە ئاسانی بەڕێوە دەبرێت و كێشەی كەمە ، لەدوای منداڵ بوونیش بە ئاسانی دەتوانرێت چاودێری و پەروەردە بكرێن ، ژنانیش زۆرتر پشتگیری ئەم هاوسەرگرییەن و بڕوایان وایە بەو جۆرە پێشلكاری ناكرێت بەرامبەر مافەكانیان . هۆكارێكی تر لایەنی ئابورییە ، دانیشتوانی چوارتا ئەو باوەڕەیان هەیە ، كە ئەركێكی ئابوریی كەمتری هەیەو پیاو دەتوانێت ئاسانتر ژن و ماڵ و منداڵی بە ڕێوە ببات ، هەروەها بە باشی پەروەردەیان بكات و ئەرك و مافی ئەندامەكان دیاری بكات .

## دووەم : ڕێگاكانی هاوسەرگری

ڕێگاكانی ئەنجامدانی هاوسەرگری جۆراو جۆرە ، بەڵام باس لە گرنگترینیان دەكرێت :

### ١. ڕێگای داب و نەریتی

أ. ژن بە ژن : بریتییە لە هاوسەرگری خوشك و برایەك لەگەڵ خوشك و برای خێزانێكی تر ، بەوە جیادەكرێتەوە پێویستی بە مارەیی نییە و یەك بەیەكە ، ژنەكان دەگۆڕنەوە لەنێوان خۆیاندا بە بێ ئەوەی پێویست بە تێچوونی ئابوریی و بەخشینی مارەیی ، یان شیربایی بكات [١] .

ب. گەورە بە بچوك : بریتییە لە هەوڵدانی كوڕێك بۆ هاوسەرگری كردن لەگەڵ كچێك ، بەڵام خێزانی بەرامبەر كوڕێكی وایان نییە كە گونجاو بێت بۆ ژن هێنان ، یان خێزانی كوڕ كچێكیان نییە كە تەمەنی هاوسەرگری هەبێت ، بۆ ئەوەی هاوسەنگی دروست بكەن ، كچێك ، یان دووكچی منداڵ دەدەن بە كوڕی بچووكی خێزانەكەی تر لەبەرامبەر ئەو هاوسەرگرییەدا [٢] .

ت. شیربایی : ئەم ڕێگایەی هاوسەرگری لە چەند شوێنێكی جیهاندا جێبەجێ كراوە و هەندێكجار بە جۆرێك لە كڕین و فرۆشتن ناوی دەبرێت ، كە شیربایی وەردەگیرێت لەبەرامبەر پێدانی كچێك بە كوڕێك ، وەك قەرەبووكردنەوەیەك بۆ ئەو ماندووبون و تێچوونە ئابورییەی خێزانەكە كردوویەتی بۆ كچەكەی [٣] .

---

[١] ابراهیم ناصر، الانثروبولوجیا الثقافیة ، المصدر السابق ، ص ١٣٦ .

[٢] بوار نورەدین ، ڕەدووكەوتن لە كلتووری كوردیدا ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی – هەرێمی كوردستان ، ٢٠٠٥ ، ل ٢٧٧ – ٢٧٨ .

[٣] یحي مرسی عید بدر ، أصول علم الانسان (الانثروبولوجیا ) ، الطبعة الاولی ، دار الوفاء ، اسكندریة – مصر ، ٢٠٠٧ ، ص ٢٤٦ .

پ.  خوێن خۆشکردن ( چارەسەری دوژمنایەتی ) بەهۆی دروست بوونی دووژمنایەتییەوەیە لە نێوان دوو خێزان یان دوو بنەماڵەدا ، ئەم ڕێگایە بەکار دەهێنرێت بۆ کۆتایی هێنان بە خوێن ڕشتن و کوشتنەوەی کەسێکی تر، کە کچێك یان دوو کچ دەدرێت بە  خێزانی کوژراو و لەبەرامبەردا  ئەوانیش لە خوێنی کوژراوەکەیان خۆش دەبن [1].

٢.  ڕێگای یاسایی :  ئەم هاوسەرگرییە لەنێوان ژن و پیاوێکدا ئەنجام دەدرێت ، بەڵام لەبەردەم لایەنێکی حکومیداو لەسەر بنەمای یاساو  بە فەرمی گرێبەستەکە دەبەسترێت ، کە لە کۆمەڵگا نوێکاندا بەردەوام ژمارەی لەبەرزبوونەوەدایەو خەڵکی ڕوو لەم جۆرە هاوسەرگرییە دەکەن [2] .

٣.  ڕێگاکانی تر :

أ.  ڕفاندن – فڕاندن  :  ئەم ڕێگایە ئەنجامدراوە  لەهەندێك شوێندا  بەتایبەت  لەلای کۆمەڵگا سەرەتاییەکان وەك ( سامیۆن و هندی و ئەوروپی و عبرییە کۆنەکان )  ئەو ڕفاندنە هەندێکجار بەهۆی شەڕو کوشتاروو داگیرکارییەوە بووە ، یان پیاوێك هەستاوە بە ڕفاندنی ژنێك لە دەرەوەی ، ئەو شوێنەی لێی دەژی[3] .  لە نموونەی ئەم کارە لەسەردەمی نوێدا، ڕفاندنی نزیکەی ( ٤٠٠٠ ) کچ و ژنی کوردی ئێزیدییە لە ساڵی ( ٢٠١٤ ) لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی عێراق – شام  ( داعش ) وە ، کە ڕووبەڕووی ئازاردان و دەست درێژی سێکسی بوونەوە، هەروەها بە زۆر هاوسەرگرییان پێکراوەو ژمارەیەکی کەمیان ڕزگار کران [4] .

ب.  کڕین و فرۆشتن : وەك ڕێگایەکی هاوسەرگری ئەنجام دەدرێت لە هەندێك کۆمەڵگادا ، کە ڕێکەوتنێك دەبەسترێت لە نێوان ئەو کەسەی کچەکە دەفرۆشێت و ئەو کەسەی دەیکڕێت ، لەسەر ئەو بنەمایە ژن دەبێتە موڵکی پیاو وەك هەر موڵکێکی تر  ( خانوبەرە ، مەڕو ماڵات ) هەروەها دەتوانرێت دواتر دەستاو دەستی پێبکرێت و بە میرات بمێنێتەوە ، کە لە کۆمەڵگای کۆنی ئاشوری و ڕۆمانی و هەندێ کۆمەڵگای سەرەتاییدا بڵاو بووە ، تەنانەت لە ئێستاشدا هەندێکجار ئەنجام دەدرێت [5] .

---

[1] بوار نورەدین ، ڕەدووکەوتن لە کلتووری کوردیدا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٧٨ .

[2] مليحة عونى القصير و معن خليل عمر،  المدخل الى علم الاجتماعية ، المصدر السابق ،  ص ٣٠٥ – ٣٠٦ .

[3] نسيم  الخورى ، الزواج مقاربة نفسية و اجتماعية ، المصدر السابق ، ص ٢٢٩-٢٣٠ .

[4] فى ذكرى سقوط الموصل – شهادات حية لنساء تعرضن لعنف و تشريد داعش ، ١٦ / ٦ / ٢٠١٥  ،  www.kitabat.com .

[5] مليحه عونى القصير و صبيح عبدالمنعم احمد ، سۆیۆلۆژیای خێزان ، و : صابر بكر بۆكانی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی داناز ، هەرێمی کوردستان – عێراق ، ٢٠٠٢ ، ل ١٠٧ – ١٠٨ .

ئەم ڕێگایانەی هاوسەرگری بەشێکیان لە کۆمەڵگای چوارتادا هەبووە ، وەك ( ژن بە ژن ، گەورە بە بچووك، شیربایی ، خوێن خۆشکردن ، لەسەر بێشکە ) بەڵام لە ناو ئەو هاوسەرگرییە داب و نەریتیانەدا زۆرتر ژن بە ژن ئەنجامدراوە ، سەبارەت بە ڕێگاکانی وەك ( فڕاندن ، کڕین و فرۆشتن ) لە لایەن ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە ، بەرچاو نەکەوتوون . هەروەها لەگەڵ هەموو ڕێگاکاندا لایەنی ئایینی تەواوکاریان بووەو زانای ئایینی ( مەلا ) دانی پێداناون ، کە دواتر یاساش وەك ڕێگایەکی تر پەیدا بووەو لەلایەن خەڵکی چوارتاوە گرنگی پێدراوە ، تا ئەو ڕاددەیەی زۆرینەی کەسەکان پەیڕەویان کردووە .

ئەو ڕێگایانەی هاوسەرگری کە ئاماژەیان پێدرا گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووەو تەنها ڕێگای یاسایی ماوەتەوە ، لەگەڵیدا لایەنی ئاینیش تەواوکاری پرۆسەی هاوسەرگرییەکەیە ، ئەمەش بەهۆی ڕوودانی گۆڕانگاری لە داب و نەریت و بیرکردنەوەی چوارتاییەکاندا ، هەروەها پێویستی خەڵکی بۆ گرتنەبەری ڕێگای یاسایی و مانەوە لەسەر ڕێگای ئاینی کە لە ڕابردوودا تەواوکاری پرۆسەکە بووە . جیهانگیری و ئەو بیروباوەڕانەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا هاتووەتە ناو کۆمەڵگای کوردییەوە ، دژایەتی بەشێکی زۆر لەو ڕێگا داب و نەریتییانەی کردووە کە هەبوون و هانی خەڵکی داوە بۆ دوورکەوتنەوە لێیان ، پاشان بڵاو بوونەوەی خوێندەواری و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری هۆکارێکی تربووە بۆ هاندانی دانیشتوانی کۆمەڵگای توێژینەوە بۆ گرتنە بەری ڕێگای یاسایی و ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگریی لەو ڕێگایەوە ، لەگەڵیشیدا دادگاکان لە کوردستان و چوارتادا کارا تربوون لەکارکردن و هاندانی کەسەکان بۆ گرتنەبەری ڕێگای یاسایی ، هەروەها خەڵکی چوارتا گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە یاسا گرنگەو ڕێگایەکی فەرمییەو مافی ژن و پیاو بەباشی دەپارێزێت ، لەکاتی دروست بوونی کێشەو پێشێلکردنی مافەکاندا یان هەوڵدان بۆ جیابوونەوە دادپەروەرانە کێشەکانیان یەکلایی دەکاتەوە ، بەڵام بەپێچەوانەوە بەشێکی زۆر لەو ڕێگا دابوونەریتیانەی تر کە پێشتر هەبووە بۆ ئەوان گرنگ نییە و پێشێلی مافەکانیان دەکات . ڕێگای ئاینیش وەکو خۆی ماوەتەوەو تەواوکاری لایەنی یاساییەو لەلایەن خەڵکییەوە پەیڕەو دەکرێت ، ئەمەش بەهۆی کاریگەریی ئاین و پیرۆزییەکانی لەلایەن دانیشتوانی کۆمەڵگای توێژینەوەوە .

کەواتە ئەوەی کە ماوەتەوەو جێبەجێدەکرێت بریتیە لە ڕێگای ئاینی و یاسایی ، کە بە گشتی لە سەرەتاوە لە ڕێگای زانای ئایینیەوە ( مەلا ) ژن مارە دەکرێت و دانی پێدا دەنرێت ، دواتر لە ڕووی یاساییەوە لە دادگادا هاوسەرگرییەکە ئەنجام دەدرێت ، هەروەها مارەکردنی ژن لەلایەن زانای ئاینیی لەگەڵ

ئەوەی ڕێگایەکی ئاینییە بەڵام جۆرێکیشە لە داب ونەریت و لە ڕووی کلتوری و کۆمەڵایەتییەوە گرنگیەکی زۆری هەیە و خەڵکی ڕاهاتوون لەسەری ، تەنانەت ئەوکەسانەی پابەندی یاساو ڕێنماییەکانی ئاینی ئیسلامیش نین ناتوانن ئەم ڕێگایە جێبەجێنەکەن و لەسەر ئەوبنەمایە ژن مارە نەبڕن ، پاشان یاساش لایەنێکی ترە کە زۆرینەی دانیشتوانی چوارتا پەیڕەوی دەکەن و بووەتە جۆرێك لە نەریت و دووبارەی دەکەنەوە .

## سێیەم : ڕێوڕەسمی هاوسەرگری

مەبەست لە ڕێوڕەسمی هاوسەرگری نیشانەکردن و مارەبڕین و ئاهەنگی هاوسەرگرییە ، سەبارەت بە نیشانەکردن و مارەبڕین بریتییە : لە یەکێك لەو دیاردانەی لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا هەیە ، کە بە ڕێگایەکی گرنگ دەدانرێت بۆ ئامادەکردنی ژن و پیاو بۆ ژیانی هاوسەری ، سروت و پێشکەشکردنی دیاری و گۆڕینەوەی ئەڵقە لەخۆی دەگرێت لەپێش دەست پێکردن ، یان سەرەتای پرۆسەکەدا ، ئامانج لێی ئاگادارکردنی خەڵك و کەسانی چواردەورە کە ئەو دوو کەسە ژن و مێردن و هاوسەرگرییان ئەنجامداوە [1] .

هەروەها سەبارەت بە ئاهەنگی هاوسەرگری : زۆرێك لە کۆمەڵگاکان ئەنجامی دەدەن و بەبەشێك لە لایەنی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی هاوسەرگری دادەنێن ، کە هەریەك لە ژن و مێرد لە دوای ئەوە ژیانی تایبەتییان دەست پێدەکەن و ئەرك و مافی هەریەکەیان دیاری دەکرێت ، ئەم ئاهەنگە هەر شوێنەو بەپێی کلتوری خۆی ئەنجامی دەدات [2] .

ڕێو ڕەسمی نیشانەکردن و مارەبڕین و ئاهەنگی هاوسەرگری لە کۆمەڵگای کوردیدا زۆر کۆنە ، بە داب و نەریتێکی گرنگ دانراوە ، کە بە بێ جیاوازی چینەکان ئەنجامیانداوە ، زیاتر ڕوویەکی نەریتی و ئایینی هەبووە ، نیشانکردن و مارەبڕین لەسەرەتاوە بووە و دواتر ئاهەنگی هاوسەرگری دەستی پێکردووە ، کە بەگشتی لە کوردستاندا گرنگیی زۆری پێدراوە ، بۆ چەند ڕۆژێك ئاهەنگ سازدراوە بەتایبەت لە لادێکاندا ، گۆرانی وتراوەو خەڵکی هەڵپەڕیون ، لەگەڵ لێنانی خواردن بۆ میوانەکان [3] .

---

[1] امين رويحة ، الحب والزواج ، دار القلم ، بيروت –لبنان ، بدون سنة ، ص ١٧١ .

[2] سناء الخولى ، الزواج و الاسرة فى العالم المتغير، المصدر السابق ، ص ١٧٩ .

[3] حوسێنی خەلیقی ، کۆمەڵناسی کوردەواری ، چاپخانەی الحوادث ، بغداد – العراق ، ١٩٩٢ ، ل ١٣٤ – ١٣٦ .

له کۆمەڵگای توێژینەوەدا  نیشانەکردن و مارەبڕین و ئاهەنگی هاوسەرگری هاوشێوەی کوردستان و کۆمەڵگاکانی تر بەگشتی گرنگی زۆری پێدراوە و لە ئێستاشدا  پەیڕەودەکرێن  لەگەڵ هەندێك گۆڕانکارییدا. بۆ ئەم مەبەستە چاوپێکەوتنێك ئەنجام دراوە :

توێژەر / پرسیار : ڕێوڕەسمی نیشانەکردن و مارەبڕین و ئاهەنگی هاوسەرگری لە شاری چوارتادا چۆنە ؟

توێژراو / وەڵام : لە کۆنەوە ڕێو ڕەسمی نیشانەکردن و مارەبڕین ئەنجام دراوە ، سەرەتا داوای کچ کراوە ، خێزانی کوڕ هەوڵیان دەدا  کەسێکی گونجاو  بۆ کوڕەکەیان بدۆزنەوە ، یان کوڕ خۆی کچەکەی دەبینی و دەیووت بۆی داوا بکەن ، پاشان  ژنێك یان چەند ژنێك دەنێردرا بۆ داواکردنی ، لەدوای ئەوەی باوکەکە ڕازی دەبوو  پرۆسەی نیشانەکردن و مارە بڕین بە ئامادەبوونی زانای ئایینی ( مەلا ) دەستی پێدەکرد و دواتر ئاهەنگی ژن گواستنەوە ئەنجامدراوە ، هەروەها خواردن دروست کراوەو ئاژەڵ سەربڕدراوە ، ژن و پیاو پێکەوە هەڵپەڕیون ، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا  تاڕاددەیەك ئەم بابەتە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری بووەتەوە، گۆڕانەکە ئەوەیە کە کچ و کوڕ ئازاد ترن و خۆیان بڕیار دەدەن ،  نیشانەکردن و شیرینی خواردنەوە  بەشێکی دەبرێتە هۆڵی شەکراو خواردنەوەوە  ، کە پێشتر بەگشتی لەماڵەکاندا بووە ، هەروەها ئاهەنگی ژن گواستنەوە  بۆ چەند کاتژمێرێکە و هەندێك جاریش دەبرێتە هۆڵی ئاهەنگ گێڕانەوە [1] .

له کۆمەڵگای توێژینەوەدا  ڕێوڕەسمی هاوسەرگری ئەنجام دەدرێت ،  بەڵام هەندێك جیاوازی لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر هەیە  . هەندێکجار کوڕو کچ لە نێوان خۆیاندا ڕێك دەکەون  و ڕەزامەندی یەکتری بەدەست دەهێنن ، دواتر کوڕ خێزانەکەی ئاگادار دەکات بۆ ئەوەی بچنە داوای ئەو کەسەی خۆی دەیەوێت ، بەڵام  بۆ هەندێکی تر بە جۆرێکی ترە ، خێزانی کوڕ یان کەسێکی تر کچێك دەدۆزنەوەو بە کوڕ دەڵێن  بۆ  ئەوەی  هاوسەرگری لەگەڵ بکات ، دواتر هەوڵ دەدرێت ڕای کچەکە وەربگیرێت، پاشان  ژنێك یان چەند ژنێك دەچنە داوای .

دوای ئەوەی خێزانی کچ ڕەزامەندی دەردەبڕن ، داواکارییەکانی خۆیان لە ئاڵتوون و بڕی مارەیی و جل و بەرگ و پێداویستییەکانی تر دەخەنە ڕوو ، پاشان کاتێك دیاری دەکرێت بۆ مارە بڕین ، کە لەلایەن مەلاوە  ئەنجامدەدرێت بە ئامادەیی دوو پیاو ، لەگەڵ باوك یان سەرپەرشتیاری کچ و وەرگرتنی ڕەزامەندی

---

[1] عوسمانی حاجی محمود ، چاوپێکەوتن ، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو ( ٥ ) ، ١ / ٣ / ٢٠١٦ .

لێی لەسەر ئەو هاوسەرگرییە . هەروەها شیرینی خواردنەوەو نیشانەکردن بەشێك لە خێزانەکان لەماڵەوە ئەنجامی دەدەن ، هەندێکیش دەیبات بۆ هۆڵ ، کە لە چوارتادا هیچ هۆڵێکی شیرینی خواردنەوەی تێدا نییە ، هەربۆیە زۆرێکیان دەیبەن بۆ سلێمانی ، سەرەتا زانای ئایینی وتارێك پێشکەش دەکات ، دواتر دەست دەکرێت بەخواردنەوەی شیرینی لەلایەن ئامادەبوانەوە .

لە دوای نیشانەکردن و مارەبڕین ماوەی دەستگیرانی دەست پێدەکات ، پاشان کاتێك بۆ گواستنەوە دادەنرێت وشوێنی نشتەجێبوون دابین دەکرێت و کەل و پەلی ناومالّ دەکڕدرێت ، دواتر هەندێك لە چوارتاییەکان ڕاستەوخۆ ژن دەگوازنەوە بەبێ ئاهەنگ ، بەلاّم بەشێکی تر ئاهەنگی بۆ دەکەن ، کەبەگشتی دەبرێتە سەیرانگای گەشتیاری سەرسیر ، هەروەها بەشێك لە کەسەکانیش دەچنە شاری سلێمانی و لە هۆڵدا ئاهەنگ ساز دەکەن و تەنها بۆ چەند کاتژمێرێکە ، خواردنی وەك لەفەو شەربەت یان بیبسی و جۆری خواردنی تر دابەش دەکرێت و مۆسیقا لێدەدرێت و گۆرانی دەوترێت ، هەروەها بەشداربووان هەڵدەپەڕن ، دوای کۆتایی هاتنی ئاهەنگ زۆرینەی هاوسەران دەچنەوە ماڵەکانیان و کەمێکیشیان دەچنە ئوتێلەوە .

لەدوای خستنە ڕووی زانیارییەکان دەربارەی ڕێوڕەسمی هاوسەرگری لە کۆمەلگای توێژینەوەدا ، دەبینرێت گۆڕانکاری بەسەر ئەو ڕێو ڕەسمەدا هاتووەو لە ڕووی پەیڕەو کردنەوە جیاوازە لەوەی کە لە ڕابردوودا هەبووە ، گرنگترین ئەو گۆڕانکاریانە ، کچان و کوڕان ئازادترن لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیان و بڕیاردان لەوەی کە هاوسەرگری لەگەڵ کێ ئەنجام بدەن ، ئەمەش پەیوەندی بە هۆشیاربوونەوەو گۆڕینی جۆری بیرکردنەوەی خێزانەکان و ئەندامانی کۆمەلگای توێژینەوەوە هەیە ، کە گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کەسەکان مافی خۆیانە کە ئازاد بن لەو پڕۆسەیەدا . هەروەها لە ڕوویەکی ترەوە ڕێوڕەسمی هاوسەرگری هۆکاری بەهێز هێشتنەوەی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتی و خێزانییەکانی کۆمەلگاکەیە ، چونکە لەکاتی ئەنجامدانیدا کەسانی نزیکی بووك و زاوا لەگەڵ یەکتری کۆدەبنەوە ، لەم ڕێگایەشەوە هەندێك خەلکی یەکتری دەناسن ، هەروەها ئەوانەی کە ماوەیەکە یەکتریان نەبینیوە پەیوەندییەکانیان بەهێز دەبێتەوە .

## تەوەری دووەم : خێزان ( العائلة )

خێزان ڕۆڵێکی زۆری لە ژیانی مرۆڤدا هەیە ، هەروەها بەشێکی گرنگی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە و پەیوەندییەکیی ئاڵوو گۆڕی لەگەڵ سیستم و پێکهاتەکانی تردا هەیە ، کە کاریگەریی دروست دەکات لەسەر جۆری سیاسەت و ئایین و لایەنی ئابوریی و هەموو سیستەمەکانی تر ، بە پێچەوانەوە ئەوانی تریش کاریگەریی بەجێدەهێڵن لەسەری و ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییەی ئەنجامی دەدات [١] .

خێزان گروپێکی کۆمەڵایەتییەو یەکەیەکی بنەڕەتی و سەرەکییە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا ، بەگشتی ئەندامەکانی لەیەك شوێندا پێکەوە نیشتەجێن و هاوکاری ئابوری و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا هەیە ، کە توانای بەردەوامی و تازەبونەوەی هەیە لە ڕێگای پرۆسەی منداڵ بوونەوە ، هەروەها هەموو ئەندامێك ئەرك و ماڤی دیاریکراوی هەیە [٢] .

لە ڕوویەکی ترەوە دەکرێت زۆر بە سادەیی پێناسەی بکرێت بەوەی کە بریتییە لە " گروپێك کە پێك دێت لە دایك و باوك و منداڵ " [٣] . لە پێناسەیەکی فراوانتردا ئەو پەیوەندییە ڕێکخراوەیە کە جگە لە دایك و باوك و منداڵ کەسانێکی تریش لە هەمان خێزاندا نیشتەجێن وەك خزم و ناسیاو ، پەیوەندییەکی خوێنی یان کۆمەڵایەتیی لە نموونەی منداڵی هەڵگیراو ئەندامەکان کۆدەکاتەوە [٤] .

لەسەر بنەمای ئەو پێناسانەی کە پێشتر خرایە ڕوو ، خێزان بریتییە لە گروپێکی کۆمەڵایەتیی ، ژمارەیەك ئەندامی لەخۆ گرتووە ، کە شوێنێکی نیشتەجێبوونی هاوبەشیان هەیە و پەیوەندییەکی خوێنی، یان کۆمەڵایەتی کۆیان دەکاتەوە ، هەموو پێکەوە ئامانجێکی هاوبەشیان هەیەو لەو چوارچێوەیەدا هەریەکە ئەرك و ماڤی دیاری کراوی هەیە ، بەگشتی پەیوەندیی سێکسی لە نێوان دوو ڕەگەزی جیاوازدا ڕوودەدات ، کە پێیان دەوترێت ژن و پیاو .

لە خێزاندا باس لە چەند بابەتێك دەکرێت وەك ( یەکەم : جۆرەکانی خێزان ، دووەم: ئەرکەکانی خێزان ) کە هەریەکە لەوانە لە ڕووی زانستیەوە باس دەکرێن .

---

[١] احسان محمد الحسن و عدنان سليمان احمد ، المدخل الى علم الاجتماع ، الطبعة الاولى ، دار وائل ، عمان – الاردن ، ٢٠٠٥ ، ص ١٩١ .

[٢] شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثروبولوجيا، المصدر السابق، ص ٣٢٨ .


[٣] عبد على مالكى ، المدخل الى الانثروبولوجيا الاجتماعية ، المصدر السابق ، ص ٩٨ .

[4] Mike o' Donnell , Anew introduction to sociology , Britain , *1987* , p *72* .

**یەکەم : جۆرەکانی خێزان**

**١. خێزانی بچووك – سادە ( العائلة النووية ) بە یەکێك لە جۆرە سەرەکیی و بلاوەکانی خێزان دادەنرێت ، کە پێك دێت لە ژن و پیاوو ئەو منداڵانەی کە هاوسەرگرییان نەکردووە ، جیا دەکرێتەوە بەوەی کاتییەو بۆ ماوەیەك بەردەوام دەبێت و دواتر هەڵدەوەشێتەوە [1] . بە بۆچوونی هەندێك لە زانایان بە منداڵ بوون لەلایەن ژن و پیاوەوە دروست دەبێت ، بە پێچەوانەوە هەندێك ڕای پێچەوانەیان هەیە و لەو باوەڕەدان خێزان دروست دەبێت ئەگەر منداڵیش نەبێت ، هەروەها ئەو پەیوەندییانەی لەم خێزانەدا هەیە بریتیین لە پەیوەندیی ( ژن و پیاو ، دایك و کوڕ ، باوك و کوڕ ، دایك وکچ ، باوك و کچ ، خوشك و برا ، براو برا ، خوشك و خوشك ) [2] . بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە ئەم هێلکاریە دەخرێتە ڕوو :-**

**هێڵکاری ژمارە ( ١ ) پێکهاتەی خێزانی بچووك نیشان دەدات** *




**هێڵکاری ژمارە ( ١ ) خێزانی ( بچووك – سادده ) یە لەگەڵ ( ٣ ) منداڵ کە بریتیین لە سێ کوڕو کچێك ، هەروەها هێڵکاری ژمارە ( ٢ ) بریتییە لە خێزانێك کە منداڵیان نییە .**

---

[1] محمد الجوهری و علياء الشكری ، مقدمة فی الدراسة الانثروبولوجيا ، المصدر السابق ، ص ٦١ – ٦٢ .

[2] محمد رياض ، الانسان دراسة فی النوع والحضارة ، دار النهضة ، بيروت - لبنان ، بدون سنة ، ص ٥١١ – ٥١٢ .

* تێبینی :-

١. هێڵکارییەکانی ژمارە ( ١ ) و ( ٢ ) و ( ٣ ) و ( ٤ ) و ( ٥ ) لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە (عزت فتاح حمه صالح ، ابلاخ دراسة انثروبولوجية ، المصدر السابق ، ص ٩٧ ، ١٠٢ ) .

٢. چەند هێمایەك لە ناو هێڵکارییەکاندا بەکار هاتووە کە هەریەکەیان مانایەکی هەیە بەم جۆرە :

Δ نێرینەی زیندوو ▲ نێرینەی مردوو

○ مێینەی زیندوو ● مێینەی مردوو

**لە کۆمەڵگای تویژینەوەدا خێزانی بچووك بڵاوترین و گرنگترین جۆری خێزانە ، کە زۆرێك لە خەڵکی شارەکە پەیڕەوی لێدەکەن ، لە کۆی ئەو ( ٩٢٠ ) خێزانەی لە شاری چوارتادا هەیە * ( ٨٢٠ ) یان لە جۆری بچووکن ، واتا دایك و باوك و منداڵ پێکەوە لە خانویەکدا دەژین .**

**ئەو ژمارە زۆرەی خێزانی بچووك بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە : ئەو کەسانەی ژیانی هاوسەرگری دروست دەکەن تاڕاددەیەك بە ئاسانی شوێنی نیشتەجێبوونیان دەستدەکەوێت ، بەهۆی ئەوەی کە چەند ساڵێك پێشتر خانوویەکی زۆر لە شارەکەدا دروست کراوەو بەسەر بەشێك لە خەڵکدا دابەشکرا ، ئەمە بووە هۆی کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون، هەروەها کرێی خانوو گران نییەو هاوسەران ئاسانتر دەتوانن کرێ بدەن ، لەگەڵیشیدا توانای دروستکردنی خانوویەکی نوێ ، یان دابینکردنی کرێی خانوویان هەیە .**

**هۆکارێکی تر جۆری بیرکردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوەیە ، کە پێیان وایە سەربەخۆیی کەسەکان و ژیانیان لە تەنها خانوویەکدا گونجاوترەو بەختەوەری و ئارامی زیاتریان پێدەبەخشێت . بەشێکی تریش لە خەڵکی دوو بنەن ، واتا دوو شوێنی نیشتەجێبوونیان هەیە ، شوێنێکیان لە چوارتا هەیە و شوێنێکی نیشتەجێبوونیشیان لە شوێنێکی تر هەیە کە زۆرینە لە شاری سلێمانییە ، کاتێك کوڕێکیان هاوسەرگریی دەکات لەخانووەکەی تریاندا دادەنیشێت . کەمبوونەوەی کاریگەرییەکانی داب و نەریتیش لەسەر نەوەی نوێ هۆکارێکی ترە ، کە مەبەستیانە بەو جۆرە بژین کە خۆیان ئارەزووی دەکەن ، نەوەك ئەوەی کە داب و نەریت و کۆمەڵگا بۆیان دیاری دەکات ، پاشان لاوازتربوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان لە چوارتادا بابەتێکی ترە ، کە ئەو کەسانەی هاوسەرگری دەکەن دەتوانن بڕۆنە خانوویەکی ترەوەو سەربەخۆ بژین .**

**لەگەڵ ئەوەی زۆربەی خێزانەکانی شاری چوارتا لە جۆری بچووکن و سەربەخۆ دەژین ، بەڵام سەربەخۆییەکی تەواو نییە و لە خێزانی درێژ دانەبڕاون ، چونکە پەیوەندییان لەگەڵ خێزانی سەرەکیدا کە دایك و باوکی پیاو یان ژن دەکات هەر بەهێزە و تێکەڵاوی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش بەهۆی بچووکی شوێنی جوگرافی چوارتاو نزیکی خانوو گەڕەکەکانە لەیەکترەوە .**


---

* دابان کمال صالح ، موختاری چوارتا ، ژمارەی خێزانە بچووکەکانی دیاری کردووە .

٢.  خێزانی گەورە – ئالۆز ( العائلة الكبيرة – المعقدة )  جۆرێکە لە جۆەکانی خێـزان کـە دابەش دەکرێتە سەر سێ جۆری تر وەك ( خێزانی درێژ ، خێزانی پێکهاتوو ، خێزانـی یـەکگرتوو) . کـە لـەم توێژینەوەیەدا بە جیا باس لەهەریەکەیان دەکرێت ، بەتایبەتیی لەکۆمەڵگای توێژینەوەدا :

أ.  خێزانـی درێـژ ( العائلـة الممتـدة )  لـە نـەنك و بـاپیرو  بـاوك و دایـك و منـداڵ ، لەگـەڵ نـەوەکان و هاوسەرەکانیان پێکدێت ، هەندێکجار مام و خاڵ و پورو منداڵەکانیان لەخۆ دەگرێت ،  کە دەسەڵات بەدەست بەتەمەنترینیانەو هەروەها لەلایەن بەتەمـەنترین  کەسـەوە سەرپەرشـتی خێزانەکە دەکرێـت [١] . بەگشـتی لـە خێزانـی درێـژدا کـوڕ کـە هاوسـەرگری دەکـات لەگـەڵ بـاوك و دایـك و خێزانەکـەی دەمێنێتـەوەو  لەهـەمان خێزاندا نیشتە جێدەبێت [٢] .  بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ئەم هێڵکارییەی خوارەوە دەخرێتە ڕوو :

هێڵکاری ژمارە ( ٢ ) پێکهاتەی خێزانی درێژ نیشان دەدات




ئەم هێڵکارییەی سەرەوە بریتییە لە ( خێزانی درێژ ) کە نەنك و باپیرو منداڵ و نەوەکانیان پێکەوە لە ماڵێکدا دەژین، کوڕو کچێکی ئەم خێزانە هاوسەرگرییان نەکردووە ، بەڵام کوڕێکیان هاوسەرگری کردووەو خاوەنی دوو کوڕە ، لەگەڵ دایك و باوکیدا نیشتەجێیە .

خێزانـی کـوردی بەتایبـەت لـەڕابردوودا بەگشـتی لـە جـۆری خێزانـی درێـژ دادەنرێـت ، کـە ژیانێکی هاوبەش لەنێوان پاپیرو منداڵ و نەوەکانیدا هەبووە ، باوك کە کوڕەکەی ژنی هێنـاوە لەگـەڵ خۆیـدا

[١] ابراهيم ناصر، الانثروبولوجيا الثقافية، المصدر السابق، ص ١٤٣ .


[٢] احمد أبوزيد، البناء الاجتماعي مدخل لدراسة المجتمع، المصدر السابق، ص٣١٥ .

داینـاوه ،  هـەموویان هـەمان کاریـان کـردووەو پێکـەوە نانیـان خـواردووە  ، بـاوك کـارو بـاری خێزانـی بەڕێوەبردووەو کارەکان بەدەستی ئەو بووە [1] .

سەبارەت بە کۆمەلگای توێژینەوە خێزانی درێژ بە جۆرێکی بلاو دانانرێت ، بـە پێـی ئـەو ژمارەیـەی بەدەسـت هـاتووە لـە ئـەنجامی گـەڕانی توێـژەرو هەوڵـەکانی موختـاری چـوارتا ( ٥٠) جـۆر لـەم خێزانـە لـە چوارتادا هەیە ، کە  بەشێکی زۆریان تەنها دوو خێزانن پێکەوەو نەبوونەتە سیان ، یان زیاتر . بەو هۆکـارەی لە ئێستادا ئابووری کۆمەلگای توێژینەوە کشتوکاڵی و ئاژەڵداری نییەو گۆڕانکاری بەسـەردا هـاتووە ، خێزانـی درێژیش زیاتر پەیوەستە بـە و کۆمەلگایانـەی کـە خـەریکی کشـتوکاڵ و ئاژەڵـدارین و پێویسـتیان بـە دەسـتی کاری زۆر هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکانیـان ، هـەروەها داب و نـەریت ئـەو کاریگەرییـەی ڕابـردووی لەسـەریان نەماوە ، بەو هۆیەوە ئەنـدامانی کۆمـەلگای توێژینـەوە بەگرنگییـەوە سـەیری خێزانـی درێـژ ناکـەن و کـەمتر پەیڕەوی دەکەن .

ب.  خێزانـی پێکهـاتوو ( العائلـة المركبـة )  بەگشـتی  لـە دوو جـۆر خێزانـی پێکهـاتوو پێـك دێـت ، کـە هەریەکەیان چەند خێزانێکی بچووکن یەکیان گرتووەو پەیوەسـتن پێکـەوە لـە ڕێگـای : ئەنـدامێکی هاوبـەش بەناوی پیاو ، یـان ژن ، لەگـەڵ شـوێنی نیشـتەجێبوون و ئـابوریی هاوبەشـدا ، جۆری یەکـەم لەسـەر بنـەمای ( فرە ژنییـە ) کـە بریتییـە : لەوخێزانـەی لـە پیاوێك و چـەند ژنێـك و منداڵـەکانیان پێکهـاتووە ، کـە پیـاو ئەندامێکی هاوبەشە لە نێوانیاندا، هەندێك لە منداڵەکان دایـك و باوکیـان هاوبەشـەو هەنـدێکی تریـان تـەنها باوکیان هاوبەشە [2] . بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لە خوارەوە هێڵکارییەك خراوەتە ڕوو :

هێڵکاری ژمارە ( ٣ ) پێکهاتەی خێزانی پێکهاتوو –  فرەژنی  نیشان دەدات





[1] هادى رشيد الجاوشلى ، الحياة الاجتماعية فى الكردستان ، مطبعة الجاحظ ، بغداد – العراق ، ١٩٧٠ ، ص ٣٩ .
[2] مليحة عونى القصير و معن خليل عمر،  المدخل الى علم الاجتماع ، المصدر السابق ،  ص ٢٩٢ – ٢٩٣ .

ئەم هێڵکارییەی پێشەوە بریتییە لە ( خێزانی پێکهاتوو – فرەژنی ) لە پیاوێك و دووژن پێکهاتووە، ژنی یەکەم دوو کوڕو کچێکی هەیە ، ژنی دووەم سێ کچی لەگەڵ کوڕێك هەیە ، پیاو ( باوك ) ئەندامێکی هاوبەشە لەنێوان ژن و منداڵەکاندا و بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی ئەندامانی خێزان .

جۆرێکی تر لە خێزانی پێکهاتوو لەسەر بنەمای فرە مێردییە : کە ژنێك و چەند پیاوێك و منداڵەکان لە خۆ دەگرێت ، بە پێچەوانەی فرە ژنییەوە کە ژن هاوبەشە لە نێوان منداڵ و هاوسەرەکانیدا کە لە ئێستادا ژمارەی زۆر کەمەو لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بەدی ناکرێت [1] .

هەروەها خێزانی پێکهاتوو لەسەر بنەمای فرە مێردی جۆرێکی تری هەیە : کاتێك ژنێك چەند جارێك هاوسەرگری دەکات ، دوای ئەوەی هاوسەرەکەی دەمرێت ، یان جیادەبێتەوە لێی ، منداڵەکان لەگەڵ خۆی بۆ ماڵێکی تر دەبات ، کە دایك هاوبەشە لە نێوانیاندا ، هەندێکیان دایك و باوکیان هاوبەشە ، هەندێکیشیان تەنها دایکیان هاوبەشە [2] . لە خوارەوە هێڵکاری خێزانی پێکهاتوو لەسەر بنەمای فرەمێردی دیاریکراوە :

هێڵکاری ژمارە ( ٤ ) پێکهاتەی خێزانی پێکهاتوو – فرەمێردی نیشان دەدات




ئەم هێڵکارییەی سەرەوە بریتییە لە فرە مێردی ، کە ژنێك هاوسەری یەکەمی مردووەو دوو منداڵی لێی بووە ، بەڵام هاوسەری دووەمی لە ژیاندایە پێنج منداڵی هەیە لێی ، کە دوو کوڕو سێ کچن .

---

[1] عبد علی مالکی، المدخل الی الانثروبولوجیا الاجتماعیة ، المصدر السابق، ص ٩٩ .


[2] عزت فتاح حمه صالح ، ابلاخ دراسة انثروبولوجیة ، المصدر السابق ، ص ٩٩ .

لـە کۆمـەڵگای توێژینـەوەدا بەگشـتی خێزانـی پێکهـاتوو لەسـەر بنـەمای فرەژنـی بـڵاو نییـە ، لەگـەڵ ئەوەی لە ڕابردووی شارەکەدا کەسانی بەتەمەن و خاوەن ئـەزموون دەڵـێن هـەبووەو ئەنجامـدراوە ، بـەڵام لـە ئێسـتادا تـەنها چـەند خێزانێکـی لـەم جـۆرە هەیـە ، کـە ( ٥ ) خێـزانن * ئەمـەش زیـاتر بـەهۆی نەخۆشـی هاوسـەرەکانیان و نـەزۆکی و هەنـدێك هۆکـاری تایبەتـەوە ئەنجامـدراوە ، بـەڵام وەك دەوترێـت لـە دووسـاڵی کۆتاییدا ( ٢٠١٥ – ٢٠١٦ ) ژنی دووەم نەهێنراوە .

سەبارەت بە فرە پیاوی لەو جۆرەی ژنێك چەند هاوسەرێکی هەبێت لەیەك کاتدا ئەمە لە کۆمـەڵگای توێژینەوەدا نییە و داب و نەریت و ئایینی چوارتا پێچەوانەی ئەو شتەیە ، بەڵام جۆرەکەی تـری فرەپیـاوی کە هاوسـەرگری یـەك لـە دوای یەکـە ، پێچـەوانەی کلتـوری شـارەکە نییـە و بـە پێـی بۆچـونی چـوارتاییەکان جۆرێکە لەجۆرەکانی خێزان لە کۆمەڵگاکەدا .

ج. خێزانی یەکگرتوو ( العائلة المتحدة ) بەجۆرێك لە جۆرەکانی خێزانـی ( گـەورە – ئـاڵۆز ) دادەنرێـت، کە لە جیهاندا هەیەو بڵاوە ، کاتێك کەسی یەکەمی خێزان دەمرێـت وەك بـاوك ، یـان بـاپیر گۆڕانکارییـەکی گەورە ڕوونادات، ژیانی ئەندامەکان پێکەوە بەردەوام دەبێت [١] . واتا لە دوای نەمان و مردنـی کەسـی یەکـەم ئـەو موڵـك و ماڵـەی هـەبووە وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوەو دابـەش ناکرێـت ، خێزانـە بچـووکەکان جۆرێـك لەسەربەخۆیی ڕێژەیی وەردەگرن و لە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیاندا دەمێننەوە [٢] . لە خوارەوە هێڵکاری خێزانی یەکگرتوو دەخرێتە ڕوو :

هێڵکاری ژمارە ( ٥ ) پێکهاتەی خێزانی یەکگرتوو نیشان دەدات




---

* ئەم زانیارییە لە ( دابان کمال صالح ) موختاری شاری چوارتا وەرگیراوە .

[١] علیاء الشکری ، الاتجاهات المعاصرة فی الدراسة الاسرة ، دار المعرفة الجامعیة ، الاسکندریة – المصر ، بدون سنة ، ص١١٠ – ١١١ .

[٢] عزت فتاح حمه صالح ، ابلاخ دراسة انثروبولوجیة ، المصدر السابق ، ص ١٠١ – ١٠٢ .

ئـەم هێڵکارییـەی سـەرەوە بـاس لـە خێزانێـك دەکـات ، کـە دایـك و بـاوك لـە ژیانـدا نـەماون ، بـەڵام منداڵەکان کە هاوسەرگرییان کردووە لەگەڵ یەکتری ماونەتەوەو موڵك و ماڵیان دابەش نەکردووە .

لە کۆمەڵگای چوارتادا ئەم جۆرە خێزانە کەمە ، لەبەر ئەوەی بە گشتی خەڵکی شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت بەخۆیان هەیە ، زۆرێك لەو خێزانانەی کە کەسی یەکەم دەمرێت ، موڵك و ماڵەکەی دەفرۆشرێت و دابەش دەکرێت، یان ئەندامێکی خێزانەکە تیایدا بۆ ماوەیەکی دیاری کراو دەمێنێتەوە تا دابەش دەکرێت .

## دووەم : ئەرکەکانی خێزان

لەم توێژینەوەیەدا بـاس لەچـەند ئـەرکێك دەکرێـت ، کـە دەچـێتە چوارچـێوەی ئەرکـەکانی خێزانـی بچووکەوە، بەو هۆکارەی زۆربەی خێزانەکانی کۆمەڵگای چوارتا لەو جۆرەن :

١. ئەرکی سێکسی و نـەوە خستنەوە : یـەکێك لـە گـرنگترین ئەرکـەکان لـەنێوان ژن و پیـاودا پەیوەنـدیی سێکسییە، بەهۆی ئەوەی لە زۆر کاتدا ئەنجامدانی ئەو پەیوەندییە پێش دروست کردنی خێزان و پێکهێنـانی پرۆسـەی هاوسـەرگری ڕەت دەکرێتـەوە ، هـەروەها نـەوە خسـتنەوەو منـداڵ بـوون تەواوکـەری ئـەو ئەرکەسێکسیەیە کە خێزان هەیەتی ، کە بەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات [1] .

٢. ئـەرکی پاراسـتن : یـەکێك لـە ئەرکـە گرنگـەکانی خێـزان ، پاراسـتنی ئەندامـەکانێتی لـە نەخۆشـی و سەرماوگەرماو برسێتی و ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕوویان دەبێتـەوە ، هەربۆیـە کاردەکـات بـۆ دابـین کردنـی شوێنی نیشتەجێبوون و خۆراکی گونجاوو ڕاگرتنی پاکو خاوێنی و دەرمان لەکاتی نەخۆشییدا [2] .

٣. ئەرکی پەروەردەی کۆمەڵایـەتیی و دەرونـی : زانـای ئـەمریکی ( تـالکوت بارسـونز ) پێـی وایـە ئـەرکی پەروەردەکردن و پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیی کـردن یەکێکـە لـە ئەرکـە گـرنگ و دیارەکـانی خێـزان بەتایبـەتی لەسەردەمی نوێدا ، خێزان کەسێتی مـرۆڤ دروسـت دەکـات و فێـری کلتـورو بـەهاو پێـوەرە کۆمەڵایەتییـەکانی دەکات ، پەروەردەی دەکات چۆن مامەڵـەبکات و خـۆی بگونجێنێـت لەگـەڵ چـوار دەوردا ، هـەروەها لـە ڕووی دەرونییـەوە پـەروەردەی دەکـات کـە ئـارام و جێگیربێـت و سـۆزو خۆشەویسـتی پێدەبەخشـێت ، تـا لـە ژیانـدا کەسێکی بەختەوەر بێت [3] .

---

[1] علی محمد المکاوی ، الانثروبولوجیا و قضایا الانسان المعاصر، المصدر السابق ، ص ٨٦ – ٨٧ .

[2] ابراهیم ناصر، الانثروبولوجیا الثقافیة، المصدر السابق، ص ١٤٥ .

[3] انتونی غیدنز ، علم الاجتماع ( مع مدخلات عربیة ) ، ترجمة : فایز الصیاغ ، الطبعة الاولی ، المنظمة العربیة للترجمة ، بیروت – لبنان ، ٢٠٠٥ ، ص ٢٥٨ – ٢٥٩ .

٤. ئـەرکی ئـابوری : خێـزان لـە ڕابـردوودا یەکەیـەکی بەرهەمهێنـەر بـووەو لـە ڕووی ئابورییـەوە پشـتی بـەخۆی بەسـتووە ، ئەنـدامانی خێـزان پێکـەوە لـە پرۆسـەی بەرهـەم هێنانـدا بەشـدارییان کـردووە ، بـەڵام لەسەردەمی نوێدا ، خێزان ئەو بەشدارییەی نییـەو چـەندین دەزگـای تـر ئـەو ئەرکـە جێبەجێدەکات ، کـە زۆرتر دایك و باوك بەتەنها کاردەکەن و بەرهەمهێنەرن [1] .

٥. ئەرکی ئایینی : یەکێکە لە ئەرکەکانی تر ، کە خێزان جێبەجێی دەکات ، فێرکردنی ئەرکە ئایینییەکان و چۆنێتی ئەنجامدانیانـە ، خێـزان منـداڵ پـەروەردە دەکـات ، کـە لـە ڕووی ئایینییـەوە چـۆن مامەڵەبکات و چۆنیش خوودا بپەرستێت، هەروەها فێری خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزو سروتەکانی ئایینەکەی دەکات [2] .

بەگشتی خێزانەکانی چوارتا ئەم ئەرکانە جێبەجێ دەکەن ، چـونکە زۆربـەیان لـە جـۆری بچووکن و دەچـنە ئـەو چوارچـێوەیەوە ، گرنگترینیـان بریتییـە لـە پەیوەنـدیی سێکسـی ، کـە یەکێکـە لـە ئەرکـە سەرەکییەکانی نێـوان ژن و پیـاو و لـە ڕێگـای پەیوەنـدیی هاوسـەرگریی و دروسـت کردنـی خێزانـەوە ئـەنجام دەدرێت ، هەروەها منداڵ بوونیش ئەرکێکی ترە ، کە تەواوکەری ئەرکی سێکسییە و لـە کۆمـەڵگای چـوارتادا بەگرنگییـەکی زۆرەوە سـەیری دەکرێـت، تەنانـەت ئـەو کاتـەی بـە تـەواوەتی دان دەنرێـت بـە دروسـتبوونی خێزاندا ، کە منداڵ هەبێت .

هەروەها ئەرکێکی گرنگیی تر پاراستنی منداڵە لەدوای لەدایکبوونی ، لە ڕووی ئاسایش و لایـەنی تەندورستی و دابینکردنی خۆراکی تەندروستی ڕۆژانە ، بەتایبەتی سەرەتای تەمەن ، تا ئەو کاتەی دەتوانێت لەسـەر پێـی خـۆی بوەسـتێت و پارێزگـاری لـەخۆی بکـات ، بـەو هۆکـارەی کـە دامـەزراوەکانی وەکـو دایـەنگاو باخچە و قووتابخانە، تەنها بۆ چەند کاتژمێرێکی دیاری کـراو منـداڵ لـەخۆ دەگـرن ، بۆیـە ئـەرکی پاراسـتنی منداڵ بەگشتی لەسەر خێزانە و لەلایەن کۆمەڵگاوە ئەو چاوەڕوانییە لەو دەکرێت .

پەروەردەکردن ئەرکێکی سەرەکی تری خێزانەکانە ، منداڵ فێری چۆنێتی هەڵس و کەوت و مامەڵە دەکرێـت، لـە ڕووی دەرونیشـەوە پـەروەردە دەکرێـت کـە کەسـێتیەکی بـەهێزی هـەبێت و متمانـەی بـەخۆی هـەبێت ، هـەروەها خـۆ ڕاگـر بێـت لـەکاتی ڕووداوی نـەخوازراوو کێشـەکانی ژیانـدا ، جگـە لـەوەش سـۆزو خۆشەویستی پێ دەبەخشرێت و هەوڵ دەدرێت ، کە کەسێکی بەختەوەرو ئارام بێت .

---

[1] سناء الخولی ، الزواج و الاسرة فی العالم المتغیر، المصدر السابق ، ص ٧٣ .

[2] المصدرنفسه ، ص ٧٣ .

له ڕووی ئابورییەوە باوك ، یان دایك کاردەکەن و ئەرکی ئابوریيان لەسەر شانە ، هەروەها بە گشتی خێزانەکان تا ئەو کاتەی منداڵەکانیان خوێندن تەواو دەکەن و کاری تایبەتی خۆیان دەبێت ، ئەرکی ئابوریی جێبەجێ دەکەن و خەرجی منداڵ دابین دەکەن .

لایەنی ئایینی ئەرکێکی ترە ، کە منداڵ فێری خوودا پەرستی و نوێژو ڕۆژوو ئەرکە سەرەکییەکانی ئایینی ئیسلام دەکەن ، هەروەها پەروەردەیان دەکەن لەسەر بنەمای ڕێنماییەکانی ئەو ئایینە .

ئەم خاڵانەی پێشوو نیشانی دەدات ، کە خێزانەکانی چوارتا خاوەنی چەندین ئەرکی جۆراوجۆرن و پەیوەندییەکی زۆریان بەلایەنەکانی تری کۆمەڵگاکەوە هەیە ، کاریگەرییان لەسەر ( بەردەوامی چالاکی ئابووریی و کارکردن ، فێرکردنی داب و نەریت ، گەیاندنی ڕێنمایی و ئەرکە ئاینییەکان بە منداڵ ، بەهێزکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و خزمایەتیی ، جێبەجێکردنی یاسا ... هتد ) هەیە ، هەروەها لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکان زۆر بەهێزن و خێزان گرنگییەکی زۆری لە شارەکەدا هەیە، ئەمە وایکردووە ئەرکەکانی فراوانتر و گەورەتربیێت و کاریگەرییەکی گەورەی لەژیانی خەڵکدا هەبێت .

## تەوەری سێیەم : خزمایەتی ( القرابة )

خزمایەتیی لە ئەنسرۆپۆلۆجیادا گرنگیی و بایەخی زۆری هەیە ، بەهۆکاری ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان سیستمی خزمایەتیی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی زۆربەی کۆمەڵگاکاندا هەیە [1] . کە بەشێکی سەرەکیی و گرنگیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پێك دەهێنێت و ناتوانرێت توێژینەوە لەسەر پێکهاتەکانی خزمایەتی و لایەنەکانی تر بە جیاو دابڕاو لەیەکتری ئەنجامبدرێت ، هەروەها بە پێچەوانەشەوە [2] .

بەگشتی خزمایەتیی لە خێزانی بچووکەوە دەست پێدەکات و دواتر گەورەو فراوان دەبێت ، جگە لە دایك و باوك و خوشك و براکان بۆ پەیوەندیی لەگەڵ مام و خاڵ و پورو کەسانی دورتر دەڕوات ، هەروەها خزمایەتیی نوێ لە ڕێگای هاوسەرگریی و ژن و ژن خوازییەوە دروست دەبێت ، کە مرۆڤ دەچێتە ناو تۆڕێك لە پەیوەندییەوە [3] . لە ڕووی ئەم بۆچوونەوە خزمایەتیی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە لەسەر بنەمای خوێن ، یان پەیوەندیی ژن و ژن خوازی و هاوسەرگری دروست دەبێت [4] .

---

[1] پەیتەر کلۆس، ئەنسرۆپۆلۆجیای کلتوری، و: خلیل محمد شلماشی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٥ .

[2] قباري محمد اسماعيل ، الانثروبولوجيا العامة ، دار المعرفة الجامعية ، مصر ، بدون سنة ، ص ٢٤٩ .

[3] عبدالرؤوف الطبغ ، علم الاجتماع العائلى ، دار الوفاء الدنيا ، الاسكندرية – مصر ، ٢٠٠٢ ، ص ٤٧ .

[4] سميرة احمد السيد ، مصطلحات علم الاجتماع ، الطبعة الاولى ، مكتبة الشقرى ، المملكة العربية السعودية ، ١٩٩٧ ، ص ٨٩ .

له پێناسەیەکی تردا خزمایەتیی ، بریتییە لە پەیوەندییەکی ڕاستەقینە ، یان خەیاڵی و دروستکراو کە لە لایەن کۆمەڵگاو دەوروبەوە دان پێدا نراوە [1] . بە پێی ئەم پێناسەیە مەرج نییە ئەم بابەتە تەنها لەسەر بنەمای خوێن یان ژن و ژن خوازی بێت ، بەڵکو دەکرێت خەیاڵی و دروستکراو بێت .

هەروەها لە تەوەری خزمایەتییدا ئاماژە بە چەند بابەتێك دەدرێت (یەکەم : زاراوە سەرەکییەکانی خزمایەتیی ، دووەم : جۆرەکانی خزمایەتی ، سێیەم : ڕێساکانی خزمایەتیی و بنەماڵە ) .

**یەکەم : زاراوە سەرەکییەکانی خزمایەتی**

١. زاراوەی جۆری ، یان دیاریکراو ( المصطلحات النوعية و المحددة ) بۆ کەسانێکی دیاریکراوو تایبەت بەکاردێت ، کە بەگشتی ئەندامانی خێزانی بچووکە وەك ( باوك ، دایك ، خوشك، برا ، ژن ، پیاو ، کوڕ، کچ ) بە ڕەگەزی یەکەم دادەنرێن ، کە کۆی زاراوەکانی تری لەسەر دروست دەبێت [2] . سەبارەت بە کۆمەڵگای توێژینەوە ئەم جۆرە ، زاراوەی باوی کۆمەڵگاکەیە ، کە بەکاردێت بۆ ئەندامانی خێزانی بچووك و لەسەر ئەو ناوانە پەیوەندییەکانی نێوان خۆیان دیاری دەکەن .

٢. زاراوەی وەسفی ( المصطلحات الوصفية ) بەگشتی بڵاوەو خەڵکی بەکاری دەهێنن ، لەسەر بنەمای پەیوەندیی خوێنی و کۆمەلأیەتی لە نێوان خزمانی پلە دوودا دروست دەبێت [3] . وەك ( برای باوك، کوڕی خوشکی دایك ، باوکی باوك ، باوکی دایك) کە پێیان دەوترێت باپیرو مام وخاڵ و پورزا ، هەروەها بە زاراوەی وەسفی ناودەبرێن و بە وردی پلەی خزمایەتیی دیاری دەکەن ، بۆ نموونە کوڕی براو کوڕی خوشك لەیەکتر جیا دەکاتەوە کە پێیان دەوترێت برازاو خوشکەزا ، هەروەها جیاوازی لە نێوان کوڕی مام و کوڕی پور دەکات و هەریەکەیان جیادەکرێنەوە لە یەکتری و زاراوەی تایبەتییان بۆ بەکاردێت [4] .

لە چوارچێوەی پەیوەندییە خێزانی و خزمایەتییەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەدا ، زاراوە وەسفییەکان جۆرێکی باوو گرنگی زاراوەی خزمایەتیین ، کە بەردەوام دووبارە دەبنەوەو خەڵکی بەکاریان دێنن ، ئەمەش لەبەر ئەوەی پەیوەندیی خەڵکی جگە لە خێزانی بچووك ، لەگەڵ مام و خاڵ و کوڕە پورو کوڕە خاڵ و ... هتد . بەهێزە ، بەو هۆیەوە وەسفی دوورنزیکی ئەو پەیوەندییانە دەخاتە ڕوو .

---

[1] عبد علی مالکی، المدخل الی الانثروبولوجیا الاجتماعیة، المصدر السابق، ص ٩٠.

[2] عبدالرؤوف الطبغ ، علم الاجتماع العائلی ، المصدر السابق ، ص ٤٤.

[3] احسان محمد الحسن ، العائلة والقرابة والزواج ، دارالطلیعة ، بیروت — لبنان ، ١٩٨٥ ، ص ١٩ .

[4] احمد أبوزید، البناء الاجتماعی مدخل لدراسة المجتمع، المصدر السابق، ص٣٨٢ -٣٨٣.

٣. زاراوەی پـۆلێنکردن ( المصـطلحات التصـنيفية ) ئـەم جـۆرە زۆرتـر لـە کۆمـەڵگاو خێڵـە سـەرەتاییەکاندا بـاو بـووە ، کـە هـەوڵ دەدات بـۆ پـۆلێنکردن و لێکـدان و کۆکردنـەوەی ژمارەیـەکی زۆر لـە پەیوەندیی لە چەند زاراوەیەکدا ، بەتایبەتی خزمانی دوور ، هەروەها وردەکارییەکانیان بـە جێـدەهێڵێت [1] . وەك : زاراوەی مام و خاڵ و بـەکارهێنانی بـۆ پەیوەندییـەکی دوور و لاوەکـی لـە پەیوەنـدیی خزمایـەتی ، کـە لەیەك کاتدا ناوی کەسانێکی زۆر لەو زاراوەیەدا کورت دەکاتەوە [2] .

لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا ، زاراوەی پۆلێنکردن بەکاردێت بۆ بەشێك لەو پەیوەندییانەی لە شارەکەدا هەیـە، بەتایبـەتی ئـەو خزمانـەی زۆر نزیـك نـین و پەیوەنـدیی بـایلۆجی و خـوێنی لەگەڵیانـدا بـەرەو دوورکەوتنەوە دەچێت ( مام ، ئامۆزا ، خاڵۆزا ...هتد ) بەکاردەهێنرێت بۆ کـە سـێك کـە مـام ، یـان ئـامۆزا ، یان خاڵۆزای باوکێتی و بەو زاراوانە بانگی دەکات و بۆ چەند پشتێك دوای خۆشی بـە و جـۆرە نـاوی دەبـات . تەنانەت بەکاردێت بۆ کەسانێك کـە لـە بیریـان چۆتەوە پلـەی خزمایـەتییان لەگـەڵ بەرامبـەردا چییە ، یـان جگـە لـە خزمایـەتی لـە پەیوەندییـە گشـتیەکانی ژیـانی ڕۆژانەشـدا بـەکار دێـن ، بـە بـێ ئـەوەی کەسـەکان پەیوەندییەکیی خوێنیان لەگەڵ یەکتریدا هەبێت .

بەکارهێنانی زاراوەکانی پۆلێنکردن لەڕوویەکەوە واتای بەهێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خزمایەتییەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە بووە ، بەتایبەتی لەگەڵ خزمانی بایلۆجیدا تا چەند پشتێك بەبەهێزی ماوەتەوە ،هەروەها لە ڕوویەکی ترەوە هۆکاری بەهێزکردنی پەیوەندییە خزمایەتییەکان بووە ، چونکە کاتێك ئەو زاراوانە کەسێك بۆ کەسێکی تری بەکاردەهێنێت واتای ئەوەیە کە هەروەك ئامۆزا یان مام یان خاڵی ڕاستەقینە سەیری دەکات و دڵنیای دەکاتەوە کە خۆشەویستی و دڵسۆزی لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام تاڕاددەیەك بەهۆی لاواز بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خزمایەتییەکان لەشاری چوارتاداو سەرقاڵبوونی خەڵکی و بەسەربردنی کاتەکانیان لەگەڵ بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیاو ئینتەرنێت و سەیریکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وچەندین بابەتی ترەوە بەکارهێنانی زاراوەکانی پۆلێنکردنیش کەمتربووەتەوە .

---

[1] عبدالرؤوف الطبغ ، علم الاجتماع العائلی ، المصدر السابق ، ص ٤٤.

[2] فاتن شریف ، الاسرة و القرابة دراسات فی الانثروبولوجیا الاجتماعیة ، المصدر السابق ، ص ٢٨.

## دووەم : جۆرەکانی خزمایەتی

خزمایـەتیی دەکرێـت بـە دوو جـۆری سـەرەکییەوە کـە بریتییـە لـە ( خزمایـەتیی بـایلۆجی و کۆمەڵایـەتی ) هـەروەها خزمایـەتیی کۆمەڵایـەتیی دەکرێـت بـە سـێ جـۆرەوە ( خزمایـەتیی لـە ڕێگـای هاوسەرگرییەوە ، خزمایەتیی لە ڕێگای شوێنی نیشتەجێبوونەوە ، خزمایەتیی لە ڕێگای هەڵگرتنەوەوە ) :-

١. **خزمایـەتیی بـایلۆجی :** یـەکێك لـەو هۆکارانـەی کـە کەسـانێك بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوەو دەیانکـات بەخزمی یەکتری ، بریتییە لـە هۆکـاری بـایلۆجی ، دوای ئـەوەی ژن و پیـاو هاوسـەرگری دەکـەن و منـداڵیان دەبێت ، منداڵەکان پەیوەست دەبـن بـەدایك و باوکـەوەو پاشـان خوشـك و براکـان بەیـەکترەوە ، کـە هـەمووان بەیەکەوە دەگەڕێنەوە بۆ هەمان ڕەچەڵەك [١] . ئەم جۆرە خزمایەتیی بایلۆجی ، یان خوێنی پێدەوترێت و بـە بـڕوای مۆرگـان و چـەندین زانـای تـر دروسـت بـوونی خزمایـەتیی پشـت بـەم بنەمایـە دەبەسـتێت ، کـە مێژووەکـەی لـە هاوسـەرگری کۆمـەڵێك ژن و پیـاوەوە دەسـتی پێکـردووەو دواتـر بـە هاوسـەرگری تـەنها ژن و پیاوێك و خستنەوەی نەوە کۆتایی هاتووە [٢] .

ئـەم بابەتـە لـە کۆمـەڵگای توێژینـەوەدا گرنگـی زۆری هەیـە ، چـونکە پەیوەندییـە بایلۆجییـەکان بەهێزترین جۆری خزمایەتین ، بۆ ئەمەش چەند هۆکارێـك هەیـە ، یـەکێك لەوانـە بـۆ لایەنـە بایلۆجییەکـە دەگەڕێتەوە ، کە لەڕێگای منداڵ بوون و پەروەردەکردن و گـەورەکردنی منداڵـەوە ، سـۆزو خۆشەویسـتییەکی زۆر دروسـت دەبێـت و پەیوەندییـەکان بـەهێزدەبێت ، دواتـر لـەنێوان منـداڵ و خزمـانی دایـك و باوکیشـیدا بەهۆی نزیکی ئەوانەوە لەیەکتری ئەو پەیوەندییە بـەهێز دەبێـت . هـەروەها هۆکـارێکی تـر بچـووکی شـوێنی جوگرافی شاری چوارتاو نزیکی کەسەکانە لەیەکەوە ، کە دەتوانن بەئاسانی یەکتری ببیـنن و گفتووگـۆ ئـەنجام بدەن . پاشان جۆری بیرکردنەوەو لایەنی کلتوری هۆکارێکی ترە ، چونکە زۆرێك لە چوارتاییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن پەیوەنـدی بـایلۆجی یـان خـوێنی بـەهێزترین و باشـترین پەیوەندییـە ، لەبەرئـەوەی سـوودی زۆرە و کەسەکان دڵسۆزترن بۆیـەکتری ، لـەکاتی تەنگانـەو کێشەکانیشـدا خێراتـر دەچـن بـەلای بەرامبەرەکەیانـەوەو هاوکاری پێشکەش دەکەن .

---

[١] محمد الجوهری و علیاء الشکری ، مقدمة فی دراسة الانثروبولوجیا ، المصدر السابق ، ص ٥٤ .

[٢] قیس النوري ، مدارس الانثروبولوجیا ، المصدر السابق ، ص ١٥٢ – ١٥٣ .

**٢. خزمایەتیی کۆمەڵایەتی : لە سێ جۆر پێك دێت کە بریتیین لە :**

**أ. خزمایەتی لە ڕێگای هاوسەرگرییەوە ( المصاهرة ) ڕێگایەکە بۆ دروست بوونی خزمایەتیی کۆمەڵایەتی ، بەو هۆکارەی پەیوەندییەکی تاڕادەیەك جێگیرەو لە ڕێگای هاوسەرگریی ژن و پیاوەوە دروست دەبێت و دەبێتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ خزمایەتیی و فراوانکردنی [١] . هەروەها لە دەرەنجامی هاوسەرگری ، پیاو بە خزم و کەسی ژنەوە و ژنیش بە کەس و نزیکانی پیاوەوە پەیوەست دەبێت ، پەیوەندی خزمایەتیان لەگەڵ خوشك و براو دایك و باوك و کەسی یەکتریدا بۆ پەیدا دەبێت [٢] . پاشان پەیوەندی لە نێوان دوو بنەماڵەدا دروست دەکات و بە پێی کۆمەڵگاکان دەگۆڕدرێت ، هەندێك دانی پێدا دەنێت و هەندێکیش دان بە بەشێك لەو پەیوەندییانەدا دەنێت، کە دروست دەبێت [٣] .**

**پەیوەندیی هاوسەرگری لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا ڕۆڵێکی زۆری لە دروستکردنی خزمایەتییدا هەیە، بەگشتی کاتێك پیاوێك ، یان ژنێك هاوسەرگری دەکات دەچێتە ناو تۆڕێك لە پەیوەندیی نوێوە ، کە پێشتر نەبووە ، وەکو پەیوەندیی لەگەڵ خەسوو ، یان خەزور ، خوشك و برای پیاو ، یان خوشك و برای ژن، کە هۆکاری فراوانکردنی خزمایەتییە لە شاری چوارتادا ، لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی بەهێزییەوە لەدوای پەوەندیی بایلۆجییەوە دێت ، بەڵام گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە ، چونکە ژن و پیاو لە دوای هاوسەرگری پەیوەندیان لەگەڵ خزم و کەسی هاوسەرەکەیاندا بۆ دروست دەبێت و پابەندی ئەرك و مافەکانی خزمایەتی لەگەڵیاندا دەبن . هەروەها ئەم بابەتە بەگشتی کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای چوارتا هەیە ، چونکە بەردەوامی ئەنجامدانی هاوسەرگریی دەبێتە هۆی تێکەڵکردنی زیاتری خێزان و بنەماڵەکان و دواتر بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان .**

**ب. خزمایەتیی لە ڕێگای شوێنی نیشتە جێبوونەوە : ڕێگایەکی تر بۆ دروست بوونی خزمایەتیی کۆمەڵایەتی ، لەسەر بنەمای شوێنی نیشتە جێبوون و کۆبونەوەی کەسانێکە لە پارچە زەوییەکی دیاریکراودا ، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە تێکەڵی یەکتری دەبن و لە ئەنجامی بەهێز بوونی پەیوەندییەکانیان و زۆرتر نزیکبوونەوەیان پەیوەندیی خزمایەتیی لە نێوانیاندا دروست دەبێت [٤] .**

---

[١] ملیحة عوني القصیر و معن خلیل عمر، المدخل الی العلم الاجتماع ، المصدر السابق ، ص ٣١٠ .

٢ شاكر مصطفی سلیم، قاموس الانثروبولوجیا، المصدر السابق، ص ٢٩ – ٣٠ .

[٣] عبدالرؤوف الطبغ ، علم الاجتماع العائلی ، المصدر السابق ، ص ٣٨ .

[٤] عزت فتاح حمه صالح ، ابلاخ دراسة انثروبولوجیة ، المصدر السابق ، ص ٧٦ .

هـەروەها  شـوێنی نیشـتەجێبوون ، یـان شـوێنی جـوگرافی تـەنها ڕۆڵـی نییـە لـە دروسـت کردنـی خزمایەتیی، بەڵکو  هەندێکجار ڕۆڵی پێچەوانەشی هەیە و دەبێتە هۆی دابڕانـی خزمایەتییـە بایلۆجیـەکان ، چـونکە  دوور و نـزیکـی کاریگـەریی زۆری هەیـە،  تـا خزمـەکان لـە ڕووی جوگرافییـەوە نزیـك یـەکتری بـن پەیوەندییـەکان بـەهێزترە ، بـەڵام ئەوانـەی دوور لـە یـەکتری دەژیـن و  یـەکتری نـابینن  پەیوەندییـەکانیان بەرەو لاوازی دەچێت ، لەگەڵ ئەوەی لەڕووی بایلۆجییـەوە خـزمن بـەڵام لەیـەکتری دادەبـڕێن و هەنـدێکجار یەکتریش ناناسن [1] .

شوێن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و هۆکارێکە بـۆ پێکهێنـانی پەیوەنـدی خزمایـەتی ،  بەتایبـەتی ئەوانـەی چـوارتایی کـۆنن و ماوەیـەکی زۆرە لـە شـارەکەدا نیشـتەجێن خۆیـان بـە خزمـی یـەکتری دەزانـن ، بـۆ ئـەم مەبەستە و باس کردنی بابەتەکە لەزمانی خۆیانەوە دوو چاوپێکەوتن ئەنجامدراوە ، بەڵام هەمان پرسیاریان ئاڕاستە کراوە: -

توێـژەر / پرسـیار : چـوارتاییەکان بەگشـتی پەیوەنـدییتان لەگـەڵ یەکتریـدا چـۆنە ، بەتایبـەت لەگـەڵ ئـەو کەسانەی کە سەربەهەمان بنەماڵەو خێزانی یەکتری نین ؟

توێژراوی یەکەم  / وەڵام  :  لەکۆنـەوە وەکـو خێزانێـك و خـزم و کەسـی یـەکتری مامەڵـەمان لەگـەڵ یـەکتردا کردووە ، زۆر گرنگی نەدراوە بەوەی کە کێ لە خێزانەکەت یان بنەماڵەکەتە ، تەنانـەت کاتێـك چـوارتاییەکی کۆن دەبینم هەسـت دەکـەم خوشـك و بـرای نزیکـی خـۆم بینیـوە ،  ئـەوەش شـوێنی نیشـتەجێبوونە کـە ئـەو کەسایەتی و خزمایەتییەی بۆ دروست کردووین [2] .

توێـژراوی دووەم / وەڵام : پەیوەندییـەکی بـەهێز لەنێوانمانـدا هەیـە بەتایبـەتی چـوارتاییە کۆنـەکان ، کـە بەگشتی خۆمان بەخزمی یەکتری دەزانـین ، شـاری چـوارتا و شـوێنەکەی و ناوەکـەی گرنگییـەکی زۆری لامـان هەیـە ، بـۆ نموونـە عەشـیرەتی تێـدا نییـە تـا خـەڵکی خـۆی بەناویـەوە بناسـێنێت ، بـەڵکو ناوەکـەی  کۆمـان دەکاتەوە و پێمان دەوترێت  ( چوارتایی )  هەرکەسێك پرسەیەکی هـەبێت ، بـە بـێ ئـەوەی بزانرێـت کێیـەو کێ نییە ، تـەنها لەبـەر ئـەوەی  لـەم شـوێنە دەژی ئـیتر دەسـت لـە ئـیش و کـار هەڵـدەگرین و دەچـین بـەلای پرسەکەو ناشتنی مردووەکەوە [3] .

---

1 Adrian wilson , family society now , London , *1985* , p *7-8* .

[2] پەخشان محمد عباس ، چاوپێکەوتن ، چوارتایی و لێپرسراوی کۆمیتەی ژنانی چوارتا ، چاوپێکەوتنی ژمارە ( ٧ ) ، ٢٠١٦/٧/٢٠ .

[3] ئازاد عبدالله احمد ، چاوپێکەوتن ،  بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو ( ٣ )  ، ٣ / ٤ / ٢٠١٦ .

کەواتە لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا شوێن یەکێکە لە ڕێگاکان بۆ دروست بوونی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز ، بەتایبەتی لە ڕابردوودا ژمارەی دانیشتوان کەمتربووە ، هۆکاری پەیوەندییەکی بەردەوام بووە ، بووەتە هۆی ئەوەی خۆیان بە خزم و کەسی یەکتری بزانن ، هەروەها دڵسۆزییەکی زۆر لە نێوانیاندا دروست ببێت ، تەنانەت هەندێکیان بە مام و ئامۆزاو پورو چەند ناوێکی ترەوە یەکتری بانگ بکەن .

ت. خزمایەتی لە ڕێگای هەڵگرتنەوەوە ( تبنی ) واتا هەڵگرتنەوەی منداڵە لەلایەن خێزانێکەوە کە منداڵی بایلۆجیان نییەو لەو دایك و باوکە نەبووە ، ئەمە تەنها لایەنێکی کۆمەڵایەتیی هەیەو دوورە لەو دەستنیشان کردنەی کە زانستی بایلۆجی ئەنجامی دەدات ، هەروەك ( ڕڤرز ) دەڵێت خزمایەتیی بریتییە لە ( دان پێدانانی کۆمەڵایەتیی بە پەیوەندییەکیی کۆمەڵایەتی ) کە لەم جۆرەدا لەلایەن کۆمەڵگاوە دانی پێدا دەنرێت و منداڵی ( تبنی ) و خێزانەکەی دەبنە خزمی یەکتری [1] .

لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا هەڵگرتنەوەی منداڵ ( تبنی ) زۆر کەم بووە ، ئەوەشی کە ئەنجامدراوە زۆرتر لەنێوان خزمانی نزیکدا بووە ، بۆنموونە کەسێك منداڵی نەبووە کەسێکی تری هەمان خێزان یان بنەماڵە منداڵێکی خۆی پێبەخشیوە ، دەکرێت بوترێت کەمی هەڵگرتنەوەی منداڵ پەیوەندی بەلایەنی کلتورییەوە هەیەو نەبووەتە نەریت ، هەروەها لەلایەن کۆمەڵگاوە وەکو منداڵی ڕاستەقینەی خێزان سەیری ناکرێت و دانی پێدانانرێت ، هەربۆیە هەندێك خەڵك منداڵیان هەڵگرتۆتەوە بەڵام بەنهێنی و هەوڵیانداوە چواردەورو ئەندامانی کۆمەڵگا پێیان نەزانن ، یان منداڵی کەسێکی نزیکی خۆیان وەربگرن و پەروەردەی بکەن چونکە لەلایەن کەسەکان و کۆمەڵگاو ئاینەوە پەسەندترە وپەیوەندیی بایلۆجی ( خوێنی ) لەنێوانیاندا هەیە.

## سێیەم : ڕێساکانی خزمایەتیی و بنەماڵە

**١. ڕێساکانی خزمایەتی :** ڕێساکانی خزمایەتیی بە پێی جۆری پەیوەندییە خزمایەتییەکان دەبن بە دوو پشتەوە :

أ. پشتی باوك ( العاصبون ) مەبەست ئەو کەسانەیە ، کە بەهۆی باوکەوە پێکەوە پەیوەستن و دەبنە خزمی یەکتری ، کە پەیوەندی نێوان باوك و کچ و کوڕەکانی و منداڵی کوڕەکانی دەگرێتەوە بەڵام منداڵی کچەکانی بەپشتی باوکیانەوە پەیوەست دەبنەوەو دەگەڕێنەوە بۆی [2] .

---

[1] لوسی میر ، مقدمة فی الانثروبولوجیا الاجتماعیة ، المصدر السابق ، ص ٨١ – ٨٢ .

[2] احمد أبوزید، البناء الاجتماعی مدخل لدراسة المجتمع، المصدر السابق، ص ٣١٠ – ٣١١ .

سەبارەت بە کۆمەڵگای توێژینەوە گرنگی زۆر بە پشتی باوك دەدرێت ، منداڵ ناوی باوك هەڵدەگرێت و خۆی بە خەڵکی شوێنەکەی دەزانێت ، بڕوایان وایە لەکاتی تەنگانەو ڕوودانی کێشەدا باشتر دێن بەهانای یەکترەوەو دەتوانن هاوکاری یەکتری بکەن و ناپاکی لەیەکتری ناکەن .

ب. پشتی دایك ( ذوی الارحام ) مەبەست ئەوکەسانەیە لە ڕێگای پشتی دایکەوە پێکەوە پەیوەستن ، کە پەیوەندی نێوان دایك و کوڕو کچەکانی و منداڵی کچەکانی دەگرێتەوە، هەروەها ڕێگایەکە بۆ پەیوەستکردنی منداڵ بە نەنك و باپیرو خاڵ و پورو پورزاو خاڵۆزاو هەموو ئەوانەی کە لە ڕێگای دایکەوە مرۆڤ دەگاتەوە پێیان و دەبنە خزمی یەکتری [1] .

سەبارەت بەم جۆرە لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا ، بەگشتی گرنگی پێدەدرێت ، هەرچەندە خەڵکی لەسەر ئەو باوەڕەن کە باوك پشتەو خەڵکی ئەو شوێنەن کە باوکیان تیایدا دەژی و لەدایك بووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەسی دایك بە خزمی خۆیان دەزانن و بەگرنگییەوە سەیری دەکەن و پابەندی ئەرك و مافەکانی پەیوەندیی خزمایەتیین لەگەڵیان ، ئەمەش بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە : یەکەمیان ئەو گۆڕانکارییانەیە کە ڕوویداوە لە لایەنی کۆمەڵایەتی و کلتوریی و و بیرو بۆچوونی چوارتاییەکاندا دەربارەی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەتایبەتی پێگەو ڕۆڵی ژن لەکۆمەڵگادا ، دووەمیان هۆکاری تاکەکەسیە ، بۆ نموونە زۆرێك لە دایکان پەیوەندییان لەگەڵ خزمەکانیاندا بەهێزە ، بەوهۆیەوە منداڵیش پەیوەندیی لەگەڵ کەسەکانی دایکدا بەهێز دەبێت و تێکەڵیان دەبێت و وەکو خزم مامەڵەیان لەگەڵ دەکات [2] .

هەروەها بەپشت نەزانینی دایك و جیاوازیکردن لە نێوان خزمانی دایك و باوك لە کۆمەڵگای چوارتادا ، پەیوەندی بە جۆری سەیریکردنی خەڵکەوە هەبووە بۆ پێگەی ژن و جیاوازی کردنی لەگەڵ پیاو ، بەو هۆکارەی پیاوان خاوەن دەسەڵات و هێزن ، هەربۆیە خزمانی باوك گرنگترن و پشتێکی بەهێزی کەسەکانن ، هەروەها دروستبوونی گۆڕانکاری و بەهێزبوونی پەیوەندی لەگەڵ خزم و ناسیاوی دایك ، واتای گۆڕانکارییە لە لایەنی کلتوری و کۆمەڵایەتی و بیروبۆچوونی چوارتاییەکاندا .

---

[1] المصدر نفسه ، ص ٣١٠ – ٣١١ .

[2] ساڵح احمد محمد ، چاوپێکەوتن ، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو ( ٦ ) ، ٥ / ٦ / ٢٠١٦ .

٢. **بنەماڵـە :** بـە كۆبوونـەوەی چـەند خێزانێكی بچووك خێزانـی درێـژ دروست دەبێـت ، پاشـان كۆبوونەوەی چەند خێزانێكی درێژ و پابەند بوونیـان بەكەسێكی پێشینی هاوبـەش شـتێكی تـر پێـك دێـت ، بـەناوی بنەماڵـە ( البدنـة ) كـە مـەرج نییـە نیشـتەجێبوونی هاوبـەش لـە نێوانیانـدا هـەبێت[١] . بەگشـتی دەتوانـرێـت بوتـرێـت بنەماڵـە گـەورەترە لـە خێـزان و كۆمەڵـە كەسـێكن ، كـە پەیوەنـدیی خزمایـەتیی لـە نێوانیاندا هەیە ، ڕەچەڵەكی بۆ باوك یان دایك دەگەڕێتەوە ، زۆركات پێنج بۆ حەوت نەوە لە خۆ دەگرێت، ئەندامەكانی چـەندین ئـەرك و مافیـان هەیـە ، پەیوەسـت بـوونی كۆمەڵایـەتیی لـە نێوانیانـدا هەیـە [٢] . هـەر بنەماڵەیە كەسێك هەیە ، كە سەرپەرشتی دەكات و ئەندامان بەناوی بنەماڵەكەیانەوە دەناسرێن ، بۆنموونە كاتێـك دەوتـرێـت بنەماڵـەی ( زۆراب ) ئـیتر هـەموو ئەندامـەكانی بـەو نـاوەوە دەناسـرێن ، بـەڵام كاتێـك دەچێتە دەرەوەی ئەو شوێنە بەناوی شوێنەكەوە دەناسرێن ، نەوەك بنەماڵەكەیان [٣] .

كۆمەڵگای توێژینەوە چەند بنەماڵەیەكی تێدایە ، كە هەریەكەیان ژمارەیەك خێزانی لە خۆگرتـووەو و ئەندامەكانی خۆیان دەناسێنن بەناوییەوە ، بۆ دیاریكردنی ناوەكانیان چاوپێكەوتنێك ئەنجامدراوە :

توێژەر / پرسیار : ناوی گرنگترین بنەماڵەكانی شاری چوارتا چییە ؟

توێـژراو / وەڵام : دیـارترین بنەماڵـەكان بـریتیین لـە ( بنەماڵـەی مـیرە ، بنەماڵـەی حـاجی قـادری گـەورە ، بنەماڵەی حاجی محێدین ، بنەماڵەی مەلا قادری مەلا ئەمین ، بنەماڵەی فتـاحی مـام علـی ، بنەماڵـەی كـریم حسنی وەستا احمـد، بنەماڵـەی مـلا امـین ، بنەماڵـەی مـام ابـرهیم ، بنەماڵـەی حـاجی رشـید حـاجی صـاڵح ، بنەماڵەی حاجی رشید حمە حەبێ ، بنەماڵەی كوێخا امین ) [*] .

ئـەو بنەماڵانـە هەریەكـەیان بـەناوی كەسـێكەوە ناسـراون ، كـە بـاپیرە گـەورەیان دەكـات. هـەروەها كەسـێكیش هەیــە كــە سەرپەرشــتیان دەكــات ، لــەكاتی خوشــی و ناخۆشــیدا هاوكــاری پــێش كــەش بــە چواردەورەكەی دەكات، ئەوانیش دەگەڕێنەوە بۆی و ڕاوێژی پێدەكەن. بەكورتی دەتوانـرێـت بوتـرێـت بنەماڵە لـە چـوارتادا گرنگییـەكی واتـایی هەیـەو جۆرێـك لەناسـنامەی بـە ئەندامـەكانی بەخشـیوە ، پاشـان كەسـە سەرەكییەكان بەتایبەتی سەرپەرشتیار ئەركی سەرەكیی پێدانی ڕێنمایی و ڕاوێژە پێیان .

---

[١] علیاء الشكری ، الاتجاهات المعاصرة فی الدراسة الاسرة ، المصدر السابق ، ص ٧٨ – ٨٩ .

[٢] شاكر مصطفی سلیم ، قاموس الانثروبولوجیا، المصدر السابق، ص٥٦٦.

[٣] عزەت فتاح حمە صالح ، ژیانی كۆمەڵایەتی هەورامان ، نامەی ماستەر ، كۆلێجی زانسە مرۆڤایەتیەكان ، كۆمەڵناسی ، بلاوكراوە ، سلێمانی ،٢٠٠٥ ، ل ٥٢ .

[*] ئازاد عبدالله احمد ، چاوپێكەوتن ، بەشێك لە چاوپێكەوتنی پێشوو ( ٣ ) ، ٣ / ٤ / ٢٠١٦ .

# بەشی پێنجەم

# لایەنی کلتوری

ئەم بەشە باس لە پێکهاتەی لایەنی کلتوریی کۆمـەڵگای چـوارتا دەکـات و پێکهێنـەرەکانی دەستنیشان دەکات ، کە بە دوو تەوەری سەرەکی دیاری کراوە ، بەم جۆرەی لای خوارەوە :-

**تەوەری یەکەم : کلتوری مادی**

١. جل و بەرگ
٢. خانوو بەرە
٣. کەرەستەکانی ناوماڵ
٤. ئامرازەکانی کشتوکاڵ کردن
٥. خواردن
٦. ئامرازەکانی گواستنەوە

**تەوەری دووەم : کلتوری واتایی**

١. داب و نەریت ، ئایین ، هونەر .
٢. پەروەردە ، سیاسەت ، یاسا ، ڕای گشتی .

## لایەنی کلتوری

ئەم بەشە باس لە پێکهاتەی لایەنی کلتوری کۆمەڵگای چوارتا دەکات و پێکهێنەرەکانی دەستنیشان دەکات ، کە بەدوو تەوەر دیاری کراوە :

توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە لەلایەن زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجییەوە هەڵگری چەندین ڕاو بۆچوونی جیاوازە، هەندێك لە جێگای کلتور باس لە ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی ( الضبط الاجتماعی) دەکەن ، بە پێچەوانەوە کەسانێکی تر تەنها باس لە کلتور دەکەن و پێیان وایە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی بەشێکە لێی و لایەنەکانی تر هەریەکەیان بەشێکی پێك دەهێنن ، بەڵام ئەم توێژینەوەیە باس لە کلتور دەکات و وەك بەشێك لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی سەیری دەکات ، پێی وایە کاریگەریی لەسەر لایەنەکانی تر هەیە هەروەك چۆن هەریەك لەلایەنی ئایکۆلۆجی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی کاریگەرییان لەسەری هەیە [١] .

کلتور ( Culture ) لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی لاتینییەو لە وشەی ( Colere ) ەوە وەرگیراوە ، بەچەندین واتای جیاواز بەکارهاتووە ، لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتیی گریك و ڕۆمانەکاندا بە واتای کێڵانی زەوی و گەشەکردنی ڕوەك و گیانداران بەکارهاتووە ، بەڵام دواتر واتایەکی تری پەیدا کرد کە بریتی بوو لە ژیری و کامڵ بوونی زیاترو فێربوون و ڕۆشنبیربوون [٢] . زاراوەی ( کلتور ) بۆ یەکەمجار لە ساڵی ( ١٧٥٠ ) لە زمانی ئەڵمانیدا بەکارهێنراوە بەمانا کۆمەڵایەتییەکەی و پەیوەندیی بە کۆمەڵگاوە ، هەروەها ( تایلور ) لە ساڵی (١٨٧١) دا بۆ یەکەمجار بە زانستییانە پێناسەی کرد [٣] . سەبارەت بە زاراوەی ( کلتور ) چەند پێناسەیەك دەخرێنە ڕوو کەبریتیین لەمانەی خوارەوە :

★ تایلور : کلتور بریتییە لە کۆی تێکەڵەیەکی لێکدراو ، کە چەند لایەنێکی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە وەك : زانیاری و باوەڕو هونەر و ئەخلاق و یاساو داب و نەریت و سەرجەم تواناو داب و نەریتەکانی تر، کە مرۆڤ بەدەستی هێناوە وەك ئەندامێك لە کۆمەڵگادا [٤] .

---

[١] عزت فتاح حمه صالح ، ابلاخ دراسة انثروبولوجية ، المصدر السابق ، ص ١٠٧ .

[٢] کامەران محەممەد ، کەلتور لە نێوان وەرگرتن و ڕەتکردنەوەدا ، چاپخانەی ڕۆمان ، سلێمانی – هەرێمی کوردستان ، ٢٠٠٧ ، ل ١٣ .

[٣] داریوش ئاشوری ، کولتور – چەمك و پێناسە ، و : کۆسار فەتاحی ، چاپخانەی ئەلەند ، هەرێمی کوردستان – عێراق ، بێ ساڵی چاپ، ل ١٣ – ١٥ .

[٤] دنیس کوش ، مفهوم الثقافة فی العلوم الاجتماعیة ، ترجمة : منیر السعدانی ، الطبعة الاولی ، المنظمة العربیة للترجمة ، بیروت – لبنان ، ٢٠٠٧ ، ص ٣١ .

★ مالینوفسکی : قەوارەیەکی ئاڵۆزە کە پێکهاتووە لە ئامڕازو یاساو ڕێکخستنی کەسانێکی دیاریکراو ، هەروەها بریتییە لە بیرو بڕواو عورف ، کە ئامڕازێکن لەبەردەم مرۆڤ بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەو چارەسەر کردنی سەرجەم ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە [1] .

★ رادکلف براون : ئەو پرۆسەیە یە کە بەهۆیەوە بیرکردنەوەکانی مرۆڤ و هەستەکانی و جۆری هەڵسووکەوتەکانی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی ترو لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە ، هەروەها پەیوەندییەکی گەورەش لە نێوان کلتورو پرۆسە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە [2] .

★ کلارك وسلر : بریتییە لە ڕێگای ژیان ، کە کەسانێکی دیاری کراو لەسەری دەڕۆن ، پێکهاتووە لە کۆمەڵێك بڕواو ڕێوشوێن کە ئەو کەسانە پێوەی باپەندن [3] .

★ پێناسەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەروەردەو فێرکردن و کلتور ( یونسکو ) : کلتور چەندین لایەنی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە وەك لایەنی واتایی ( معنوی ) و مادی و بیرو لایەنی سۆزداری ، کە کۆمەڵێك لە کۆمەڵێکی تر ، یان توێژێك لە توێژێکی تر پێجیادەگرێتەوە ، بە گشتی یارمەتی مرۆڤ دەدات کە بیر لە خۆی بکاتەوەو خۆی وەك بوونەوەرێکی ئەقڵانی و ڕەخنەگرو پابەند بوو بەلایەنی ئەخلاقی جیابکاتەوە [4].

له دوای خستنە ڕووی ئەو پێناسانەی پێشەوە دەکرێت بڵێین کلتور ڕێگای ژیانی مرۆڤ دەستنیشان دەکات و هەردوو لایەنی مادی و واتایی دەگرێتەوە ، ئایین ، هونەر ، داب و نەریت ، باوەڕ ، یاسا و چەندین بابەتی تر دەچنە ئەو بوارەوە ، کلتور کاریگەریی زۆری لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە و یارمەتی دەدات کە خۆی لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵگادا بگونجێنێت ، هەروەها ئەزموون و داهێنانەکانی ژیانی خەڵکی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازێتەوە .

بەگشتی کلتور دوو ڕەگەزی سەرەکیی دەگرێتەوە ، کە ڕەگەزی مادی و واتاییە و هەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە :

---

[1] قيس النوري ، المدخل الى علم الانسان، المصدر السابق ، ص ١٢٠ .

[2] يحي مرسى عيد بدر ، أصول علم الانسان (الانثروبولوجيا ) ، المصدر السابق ، ص ٣٥١ .

[3] على محمد المكاوى، الانثروبولوجيا و قضايا الانسان المعاصر، المصدر السابق ، ص ٩٨ .

[4] محمد محفوظ ، الحضور والمثاقفة – المثقف العربي و تحديات العولمة ، الطبعة الاولى ، الدار البيضاء ، بيروت – لبنان ، ٢٠٠٠ ، ص ١٩ .

یەکەمیان ڕەگەزی مادیە ، کە بەشێکی سەرەکی کلتور پێکدێنێت و مێژوویەکی کۆنی هەیە ، وەك : هۆیەکانی گواستنەوەو گەیاندن ، خانوو ، ئامێرو کەرەستەکان ، جل و بەرگ ، کەل و پەلی ناوماڵ [1] .

ڕەگەزی دووەمیان واتاییە ، کە تەواوکەری ڕەگەزی مادیەو پێکەوە کلتور پێك دێنن ، چەند بابەتێك دەگرێتەوە ، وەکو : بەها ، ئەخلاق ، ڕێساکانی ڕەفتار ، هونەر ، عورف ، داب و نەریت ...هتد [2] .

لایەنی کلتوری ئەم توێژینەوەیە پشتی بەو دابەشکارییەی پێشوو بەستووە ، کە کراوە بە دوو تەوەرەوە : تەوەری یەکەم بریتییە لە لایەنی مادی کلتور ( جل و بەرگ ، خانوو بەرە ، کەرەستەکانی ناوماڵ، ئامڕازەکانی کشتوکاڵ کردن ، خواردن ، ئامڕازەکانی گواستنەوە ) لەگەڵ تەوەری دووەم کە لایەنە واتاییەکەی کلتورە و بە دوو لق باس دەکرێت ، لقی یەکەمی بریتییە لە ( داب و نەریت ، ئایین ، هونەر ) هەروەها لقی دووەم بریتییە لە ( پەروەردە ، سیاسەت ، یاسا ، ڕای گشتی ) .

هەروەها لە لایەنی کلتوریداو لەهەردوو جۆرەکەیدا ( مادی و واتایی ) هەندێکجار باس لە ڕابردوو کراوە ، مەبەست لێی پێش دروست بوونی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و تەکنۆلۆجی و کلتورییەکانە ، بەتایبەتیی ئەوکاتەی کە زۆرینەی چوارتاییەکان ئابورییەکەیان کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بووە ، پێش ڕاگواستن و کردنی چوارتا بە ناوچەی قەدەغەکراو لە ( ١٩٨٨ ) دا .

## تەوەری یەکەم : کلتوری مادی

کۆمەڵگای توێژینەوە لە ڕووی کلتوری مادییەوە لاوازە ، ئەو دەساوردانەی کە خەڵکی دروستیان کردوون و بەکاریان هێناون بەکەمی ماونەتەوە ، سەبارەت بە ئەم بابەتە چاوپێکەوتنێك ئەنجامدراوە :

توێژەر / پرسیار : هۆکاری لەناو چوونی بەشێکی زۆری کلتوری مادی لە کۆمەڵگای چوارتادا چییە ؟

توێژراو / وەڵام : هۆکاری سەرەکی بۆ ساڵی ( ١٩٨٨ ) و پێش ئەو بەرواره دەگەڕێتەوە ، لەبەر هۆکاری سیاسی و ڕاگواستنی خەڵکی لەلایەن حکومەتی پێشووی عێراقەوە ، کە چوارتا کرا بە ناوچەی قەدەغەکراو ( منطقة المحرمة ) و دانیشتوانەکەی نەیان توانی تێیدا بژین ، خەڵکەکەی تەنها توانیان شتە زۆر پێویستەکانیان لەگەڵ خۆیان بەرن ، من وەکو خۆم تەنها هەندێك شتم بردوو و زۆرینەم بەجێهێشت و لەدوای خۆم لەناو چوون [3] .

---

[1] مەنوچێهر موحسنی ، دەروازەکانی کۆمەڵناسی ، و : ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانی تر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٠.

[2] ابراهيم ناصر، الانثروبولوجيا الثقافية، المصدر السابق، ص ٩٤ .

[3] ئازاد عبدالله احمد ، چاوپێکەوتن ، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو ( ٣ ) ، ٣ / ٤ / ٢٠١٦ .

هۆکارێکی تر دروست بوونی گۆڕانکاریی ئابوریی و تەکنۆلۆجی و کۆمەلآیەتی و کلتوورییە لە جیهان و کوردستان و کۆمەڵگای توێژینەوەدا ، بەو هۆکارەی زۆرێك لەو ئامێرو ئامرازو کەل و پەلانەی خەڵکی بەکاریان هێناون ئێستا بەکارناهێنرێن ، دانیشتوانی کۆمەڵگای توێژینەوە چەندین داهێنراوی پێشکەوتووی تەکنۆلۆجی و پیشەسازی بەکاردەهێنن کە لە دەرەوەی شارەکەو هەرێمی کوردستانەوە هاوردە دەکرێن .

بەگشتی لە چەند خاڵێکدا ئاماژە بە کلتوری مادی شاری چوارتا دەدرێت ، هەروەها باسی دەکرێت کە چەندێکی ماوەو چەندی لە ناو چووە :-

١. **جل و بەرگ :** بەگشتی دابەش دەکرێتە سەر جل و بەرگی پیاوان و جل و بەرگی ژنان ، کە هەریەکەیان بە جیا باس دەکرێت :

أ. **جل و بەرگی پیاوان :** بە گشتی دوو جۆرە ( شەڕواڵ و مرادخانی ) و ( ڕانکو چۆغە ) یەکەمیان ( شەڕواڵ ومرادخانی ) بریتییە لە : شەڕواڵێکی فشی درێژ، لەگەڵ چاکەتێك کە بە قۆپچە دادەخرێت و پشتوێنێکی درێژی لەسەر دەبەسترێت ، دووەمیان ( ڕانکو چۆغە ) جیاوازییەکەی زۆرتر ئەوەیە کە چاکەتەکەی قۆپچەی پێوە نییە ، بەشی سەرەوەی گیرفانی نییە ، قوماشەکەی تەنکترە ، زۆرتر هاوینان لەبەردەکرێت ، زیاتر گەنجانەشە . لەگەڵ جل و بەرگی کوردیدا بەشێك لە خەڵکی بەتایبەتیی بەتەمەنەکان کلآوو جامانەو مشکی بەکاردەهێنن ، کە بەجیا یان پێکەوە لەسەر دەکرێن . بەگشتی پێڵاوی پیاوان بریتییە لە ( قۆنەرە ) کلآشیش جاروبار لە پێدەکرێت ، کە هەردووکیان لە دەرەوە هاوردە دەکرێت، جل و بەرگیش لەدەرەوەی چوارتا دەکڕدرێت . هەروەها سەبارەت بە جیاوازییەکانی جل و بەرگی پیاوان لەنێوان ئێستاو ڕابردوودا ، چاوپێکەوتنێك ئەنجامدراوە :

توێژراو / پرسیار : جیاوازییەکانی جل و بەرگی پیاوان لە نێوان ئێستاو ڕابردوودا چی بووە ؟

توێژراو / وەڵام : ( شەڕواڵ مرادخانی ) زۆرتر قووماشەکەی لەدەرەوە هێنراوەو لە ناوخۆدا دووراوە ، لۆکەی تێکراوە و دووراوەتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی لە سەرما بپارێزێت، هەروەها ( ڕانکو چۆغە ) لە خوری ئاژەڵ درووست کراوە لە ناوخۆدا و لەلایەن جۆلآکانەوە ئامادەکراوە ، دواتر خەیات دووریویەتی . کلآوو جامانە و مشکی بەگشتی پیاوان لەسەریان کردووە ، زۆرینەی پیاوانیش پێڵاوی لاستیکیان لە پێکردووە [١].

---

[١] مامۆستا قادر حاجی عەزیز ، چاوپێکەوتن ، مامۆستای کۆن و کەسایەتیی بە ئەزموونی شاری چوارتا ، چاوپێکەوتنی ژمارە ( ٨ ) ، ٤ /٨ / ٢٠١٦ .

له كۆمەڵگای چوارتادا کەمتر گرنگیی بە جل و بەرگی ڕەسەن دەدرێت ، بەتایبەتی لەلایەن نەوەی نوێوە ، کەسانی بەتەمەن زۆرتر پابەندی لەبەر کردنی جل و بەرگی کوردیین و پێچەوانەی گەنجان کە زۆرتر بۆبۆنەو ئاهەنگ و سەیران لەبەری دەکەن . بەگشتی ( شەرواڵ و مرادخانی ) کەمتر لەبەر دەکرێت ، ئەوەی زۆرتر بلاوە بریتییە لە ( ڕانکو چۆغە ) کلاوو جامانەش زیاتر لەلایەن کەسانی بەتەمەنەوە وەکو نەریتێك لەسەر دەکرێت و لە لایەن گەنجانەوە زۆر بەکەمی گرنگی پێدەدرێت ، ئەگەر هەشبێت زۆرتر بۆ بۆنەو ئاهەنگەکانە . کەواتە لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا بەتایبەتی بۆکەسانی گەنج و نەوەی نوێ جل و بەرگی کوردی ، ڕۆژانەو لە شوێنی کارو کاتە ئاساییەکاندا بەکەمی لەبەردەکرێت .

هۆکاری لەبەرنەکردنی جل و بەرگی کوردی بەشێکی پەیوەندی بە گۆڕانی جۆری کارەوە هەیە کە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە ، بەو پێیەی سروشتی جل و بەرگی کوردی و فراوانییەکەی لەگەڵ کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا زۆرتر گونجاوە ، هۆکارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەرییەکانی تەکنۆلۆجیاو ڕاگەیاندن و ئینتەرنێت ، ئەو وێنانەی دەیبینن کاریگەریی دەکاتە سەریان و وادەکات کە لاسایی بکەنەوەو جل و بەرگی نوێ و جۆراو جۆر ببپۆشن ، پاشان چالاکی بازرگانی و هێنانی جل و بەرگی نوێ و سەرنج ڕاکێش بۆ بازاڕەکانی کوردستانیش هاوکارێکی ترە بەوەی بیانکڕن و بیانپۆشن ، هەروەها لە قوتابخانەو فەرمانگەکانی چوارتاشدا جل و بەرگێکی فەرمی نییەو گرنگی پێنادرێت ، ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی نەبێتە نەریتێکی ڕۆژانەی خەڵکی .

ب. جل و بەرگی ژنان : بریتییە لە کراسێکی تەنکی درێژ کە هەموو جەستەی ژن دەگرێتەوە ، لەگەڵ ژێرکراس و دەرپێی کوردی ، لەسەر کراسەکەوە کەوا هەیە ، درێژەو لەسەرەوە تا خوارەوەی جەستە ، هەروەها هێلەکی بێ قۆڵ هەیە ، پاشان سەڵتە هەیە کە جیاوازیەکەی لەگەڵ هێلەك ئەوەیە قۆڵی هەیە ، هەروەها گۆرەوی و پێڵاو لە پێدەکرێت . بۆ جیاوازی جل و بەرگی ژنان لە ڕابردوو و ئێستادا چاوپێکەوتنێك ئەنجامدراوە :

توێژەر / پرسیار : جیاوازی جل و بەرگی ڕابردووی ژنانی چوارتا لەگەڵ ئێستادا چۆنە ؟

توێژراو / وەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە ، کە سەرو کلاویان بەستووە و بریتی بووە لەکلاوێك ڕازێندراوەتەوە بە موورو لیرەو زەنگیانەو چەند بابەتێکی تر کە جوانی بە ژن بەخشیوە ، لەگەڵ چەندین شتی تر بۆ خۆ ڕازاندنەوە وەك لاگیرە ، لولەو زنجیر ، حێل و مێخەك ، گەردانە [١] .

[١] پەخشان محمد عباس ، چاوپێکەوتن ، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو ( ٦ ) ، ٢٠ / ٧ / ٢٠١٦ .

ئێستا کەمتر کەوا لەبەر دەکرێت ، سەرو بەست و کڵاو ئەگەر هەشبێت زۆر کەمە ، کراسی ژنان بە ئارەزووی کەسەکان دەدوورێت و هەمووی یەکجۆر نییە . هەروەها جل و بەرگی کوردی ژنانیش لەژیانی ئاسایی ڕۆژانەو شوێنی کارکردندا بەتایبەتی لەلایەن گەنجانەوە بەکەمی لەبەردەکرێت ، ئەمەش پەیوەندی بەو هۆکارانەی پێشووەوە لە کاریگەری تەکنۆلۆجیاو ڕاگەیاندن و گۆڕینی جۆری کارو هاتنی چەندین جۆر جل و بەرگی نوێ لەلایەن بازرگانەکان و نەپۆشینیان لە قووتابخانەو فەرمانگەکاندا هەیە .



وێنەی ژمارە ( ١٢ ) جل و بەرگی ژنان نیشان دەدات

وێنەی خاتوو ( حبیبە غەفور مەعروف ) چوارتایی ، کە تا ئێستا بەردەوام جلی کوردی لەبەر دەکات .

٢. **خانوو بەرە** : بۆ دەرخستنی ئاستی جیاوازی و جۆری خانوو بەرە لە کۆن و ئێستادا ، هەروەها بۆ زانینی ئاستی مانەوەی ئەو کلتورە مادیە ، بە جیا باس لە هەریەکەیان دەکرێت :

أ. **خانووی کۆن** : لە شاری چوارتادا دروستکردنی خانوو تایبەتمەندیی بەخۆی هەبووەو خەڵکی خۆیان دروستیان کردووەو کەرەستەکان خۆماڵی بوون ، کە بریتی بووە لەبەردوو قوڕو خشت ، لە ناوخۆدا هەبووە و بەدەست هاتوون ، لە ڕووی ڕووبەرەوە هەموویان وەك یەکتری نەبوون لە ( ٥٠ ) مەترەوە تا ( ٢٠٠ ) مەترو زیاتر هەبووە ، هەروەها لە ڕووی نەخشەوە بە گشتی لەسەرخان و ژێرخان پێك هاتوون ، سەرخان خەڵك تیایدا ژیاوە و ژێرخانیش بۆ ئاژەڵ و کەل و پەلی زیادە بووە ، لە ڕووی ژمارەی ژوورەوە هەیوان و پشت هەیوان هەبووە لەگەڵ ژووری دانیشتن کە بۆ خەوتنیش بەکار هاتووە ، هەروەها دیوەخان بە شێك لە

ماڵـەکان هـەیان بـووە بەتایبـەت دەوڵەمەنـدەکان ، کـە  بـۆ پێشـوازی میـوان بـەکارهاتووە ، هەنـدێك لـە کەسـەکان تـەنها خۆیـان خانوویـان دروسـت کـردووە و خزمـان و کەسـانی چـوار دەوریـان هاوکاریان کردوون ، بەڵام هەنـدێکی تـر بەتایبـەت دەوڵەمەنـدان لـە ڕێگای کرێکارو وەستاوە خانووەکانیـان دروسـت کـردووە . لـە ئێسـتادا خـانووی کـۆن بەتایبـەتی گـڵ زۆر بەکـەمی مـاوە ، کـە ژمارەیـان  ( ٢ ) دانەیە و ئەوانی تر نەماون .



وێنەی ژمارە ( ١٣ ) خانوویەکی کۆنی چوارتا نیشان دەدات

ب.  خـانووی نـوێ :  بەگشـتی خانووەکـان  بـە چـەندین کەرەسـتەی نـوێ دروست دەکـرێن و کەرەسـتەکان لەدەرەوە دەهێنرێن ، لە ڕووی ژمارەی ژوورو ڕووبەرەوە خانوویەك لەگەڵ خانوویەکی تر جیـاوازیی هەیـە ، لـە زۆربـەی ماڵەکانـدا ژوورێکـی تایبـەت  بـۆ پێشـوازی کـردن لـە میـوان بـەناوی ژووری ( میـوان ) هەیـە ، بەگشتی ژووری  خەوتن و دانیشتن جیاوازەو دایك و بـاوك و منـداڵیش لـە ژورێکـی جیـاوازدا دەخـەون ،  لـە هەندێك ماڵیشدا هەر منداڵەو  ژورێکی  تایبەتی هەیە ، بەڵام ئەمە بۆ هەمووان بەیەك جۆر نییەو هەندێك خێزان تا ئێستا ژووری میوان و نوستن و دانیشتنی یەکێکە، یان منداڵ لەگەڵ دایك و باوك لە هـەمان ژووردا دەخەوێت ، هەروەها بەگشتی لە ڕێگای وەستاو کرێکارەوە خانوو دروست دەکرێت بە کرێ .

کەواتە خانووی نوێ لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا جیاوازی زۆرە لەگەڵ خانووی کۆندا لە ڕووی ئەوکەرەستانەی پێی دروست دەکرێت ، هەروەها لەڕووی ژمارەی ژوورو نەخشەی خانووەکەشەوە ، دەکرێت بوترێت خانووی نوێ تایبەتمەندیی کلتورییە مادییەکەی لەدەست داوەو بەجۆرێکی ترە ، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە خەڵکی پێیانخۆشە لەڕووی شێوەوە خانووەکانیان جیاوازوو نوێ بێت و پێداویستییەکانیشیان پڕبکاتەوە .

٣. **کەرەستەکانی ناوماڵ :** چوارتا بەتایبەت پێش ساڵی ( ١٩٨٨ ) لە ناو ماڵەکاندا چەندین کەرەستەی تایبەت بەکار هێنراوە ، بەڵام کەمی ماونەتەوە ، کە دابەش دەکرێن بۆ کەل و پەلی پێویستی و جوانکاری ، هەروەها بەراوورد دەکرێن لە نێوان سەردەمی کۆن و نوێدا :

أ. **کەل و پەلی پێیویستی ناوماڵ :** لە ژووری دانیشتندا کە ژووری نوستنیش بووە سندوقێك دانراوە بەناوی ( بۆراق ) وێنەیەکی پێوە بووە لەسەر شێوەی ئەو گیانداەرەی کە ناوی بۆراق بووەو پێغەمبەری ئیسلام ( د. خ ) بردووە بۆ ئاسمان ، بۆ جوانکاری و پێویستیش بەکارهاتووە ، زۆر جاریش نوێنی خراوەتە سەرو ناوەکەشی کەل و پەلی جوانکاری تێکراوە ، چەند شتێکی تریش بەکارهاتووە وەك : بەڕە ، پشتی ، لێفە ، جاجم ، دۆشەك ، زۆپا ، بێشکە ، سەماوەر ...هتد . هەروەها چەند کەل و پەلێك هەبووە بۆ ئامادەکردنی خواردن بەکار هاتووە، وەکو: ئاگردان بۆ ئامادەکردنی خواردن ، تەختەیەك بۆ دانانی قاپ ، دیزە و گۆزەو کوپە کە لەگڵ دروست کراون و دواتر سورکراونەتەوە زۆرتر بۆ پاراستنی ئاوو دۆشاوو ڕۆن بەکار هاتوون ، دەستاڕ زیاتربۆ هاڕینی گەنم سوودی لێوەرگیراوە ، دۆڵ و دەستوو بۆ کوتانی گەنم و گوێزو چەند خواردنێکی تر ، بێژنگ و هێڵەك بۆ بێژانەوە ، لەگەڵ چەند شتێکی تر کە خەڵکی کۆنی چوارتا بەکاریان هێناوە وەك : تەرازوو ، مەنجەڵ ، قاپ ، کەوچك ، چەقۆ ، مەشکە ، بەڵام زۆرینەیان نەماون .

بەڵام کەلوپەلی پێویستی ناوماڵ بەگشتی گۆڕدراوەو ئەوەی کە هەیە : لە ( مطبخ ) دا کەوانتەرو سەلاجەو تەباخ و چەند شتێکی تری پێشکەوتوو بەکاردێت ، لەژووری میواندا کورسی قەنەفەو تەلەفزیۆن و مێزوو تەپڵەك هەیە ، لە ژووری نوستندا تاقمی نوستن دادەنرێت ، کە کەسەکان لەسەری دەخەون ، لەگەڵ چەند کەل و پەلێکی تری پێویست ، بەڵام ماڵەکان وەك یەکتری نین و مەرج نییە ئەو کەل و پەلەی یەکێك بەکاری دێنێت ئەوی تریش بەکاری بهێنێت .



سندوقی بۆراق



بێژنگ و هێڵەك



مەشکە



دۆڵ و دەستوو

**وێنەی ژمارە ( ١٤ )  چەند کەل و پەلێکی کۆنی ناوماڵ لە چوارتا نیشان دەدات**

**ب.  کەل و پەلی جوانکاری ناوماڵ :   لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا زۆر بەکەمی گرنگی پێدراوە، لە ماڵەکانـدا ( تاق ) یان ( ڕەفە ) هەبووە لە قەراغی دیوارەوە ، هەندێك کەل و پەلیان خستۆتە سەر وەکو گۆزەو قاپ کە مزگەر یـان ئاسـنگەر و دارتـاش دروسـتیان کـردووە ، پاشـان جـاجم وەك چەرچەفی ئێسـتا کەسـەکان داویانـە بەخۆیانـداو بـۆ جوانکـاریش هەڵواسـراوە ، هـەروەها هەنـدێك پارچـە فەرشـی بچـووك ، یـان پارچـە پـەڕۆی نەخشێنراو هەڵواسراوە ، کەوڵ کردنی گیانداران هەبووە ، کە سەری ئاژەڵێك یان هەموو لاشەکەیان هێناوە و وشکیان کردۆتەوەو بۆ جوانی دایان ناوە ، لەگەڵ دانانی هەنـدێك گـوڵی سروشـتی لـە ئینجانـەی تایبـەت بـەو سەردەمە و باڵندەی وەك کەوو بولبول لەماڵدا ، بەڵام دواتر ئەم جـۆرە لـە کەلوپـەلی جوانکـاری گۆڕانکاریـان**

بەسەرداهاتووە ، ئەوانەی پێشوو بەکارناهێنرێن و بەگشتی بوونەتە هەندێك کەل و پەلی نوێ، کە دروستکراوی دەرەوەن ، وەك : سەعات ، وێنە ، پەیکەر ، گۆزە ، چەندین بابەتی تری سەرنج ڕاکێش .

کەواتە لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا کەل و پەلی پێویستی و جوانکاری ئەوەی کە هەبووەو بەشێکە لە کلتوری ماددی زۆرینەی بەکارناهێنرێن ، هەروەها خەڵکی کەل و پەلی نوێیان بەلاوە گرنگە ، چونکە پێشکەوتووترن و جۆریەتییەکەیان باشترە ، پێداویستییەکانیشیان زیاتر پڕدەکاتەوە ، لەڕووی جوانکاریشەوە چەندین کەل و پەلی سەرنج ڕاکێشتر پەیدابوون کە بەلایانەوە گرنگە بەکاریان بهێنن .

٤. **ئامڕازەکانی کشتوکاڵ کردن :** وەك کلتورێکی کۆمەڵگای چوارتا زۆرتر لە بەشە مادیەکانی تر ماوەتەوەو پارێزگاری لێکراوە ، لەگەڵ هەندێك گۆڕانکارییدا کە لێرەدا دەخرێتە ڕوو :

أ. **ئامرازی کشتوکاڵی کۆن :** گرنگترین ئامڕازەکانی کشتوکاڵ کە لە ڕابردووی شارەکەدا بەکارهێنراوە، بریتییە لە ( کێڵانی زەوی بە ئاژەڵ کە پێی وتراوە جوتکردن لە ڕێگای بەستنی هەوجاڕو نیرو چەند پارچەیەکی ترەوە پێوەی ، پاچ بۆ کێڵان ، خاکەناز بۆ گڵ فڕێدان ، کەتوو بۆ جۆگەلە دروستکردن ، داس بۆ دروێنەکردن ، تەوراس بۆ گەڵابڕین ، تەور بۆ دار بڕین ، هەباشە بۆ دروێنەی گیا ) کە زۆربەیان ئامڕازی سادەو سەرەتایین و پێویستیان بەهێزی جەستەیی و دەستی کار هەبووە لە بەکارهێنانیاندا .





بێڵ                                                      کەتوو

وێنەی ژمارە ( ١٥ ) ئامڕازی کشتوکاڵی کۆن نیشان دەدات

**ب.  ئـامرازی کشـتوکاڵی نـوێ :**  لـه ئێسـتادا زۆربـەی ئـەو ئامرازانـەی لـە کۆنـدا هـەبووە وەکـو  خـۆی ماوەتەوە، وەك ( پاچ ، خاکەناز ، بێڵ ، کەتوو ، داس ، تەوراس ، تەور ) بـەڵام جـوتکردن بـە ئـاژەڵ نـەماوە ، لە بری ئەوە تراکتۆری گەورە ، یان  بچووك بەکاردەهێنرێت ،  ئۆتۆمبێلیش هەیە و بە ئاسانی بەرهەمـەکان دەگوازێتـەوە، هـەروەها هۆکـاری سـەرەکی نـەگۆڕانی ئـەو ئامرازانـە پەیوەنـدیی بـە گەشـەنەکردنی ئـابوریی کشتوکاڵ و وپشت نەبەستنی خەڵکی چوارتاوە وەك هۆکارێکی بژێوی پێی هەیە .



وێنەی ژمارە ( ١٦ ) ئامرازی کشتوکاڵی نوێ ( مەکینەی بچووك )  نیشان دەدات

**٥.  خواردن :**   لە کۆمەڵگای چوارتادا چەند جۆرێك خواردن هەبووە ، کە بەشـێکیان تـا ئێسـتاش درێـژەیان هەیەو خەڵکی بەردەوامن لەسەری بەتایبەت بەتەمەنەکان ، سەرەتا باس لە گرنگترین کەرەستەو پێکهاتـەکان دەکرێت و لەگەڵیدا ئاماژە بەو خواردنانە دەدرێت کە لێیان دروست دەکرێت :

٭ **دانەوێڵە :**   یەکێکە لە گرنگترین کەرەسـتەکانی خـواردن لـە کۆمـەڵگای چـوارتادا ، چـونکە بـە ئاسـانی بـە دەست هاتوون و چێندراون وەك  ( نیسك ، نـۆك ، فاسـۆلیا ، مـاش ، پاقلـە ، گـەنم ، جـۆ ) ئـەو خواردنانـەی لێیان دروست کراوە وەك ( ساوەر ، ترخێنە ، دۆینە،  لەپەترشی ، گەنمـە کوتـاو ، قـەرەخرمان ، ترخێنیلـە ، نسکێنە ، نۆکـاو، سـەمەنی ) کـە لـە هـاوین و زسـتاندا ئامـادەکراون ، بـەڵام زۆرتـر تایبـەت بـووە بەزسـتان ، بەتایبەت ترخێنە بەو هۆکارەی وشکن ودەتوانرێـت هـەڵبگیرێن ، هـەروەها دانەوێڵـەو ئـەو خواردنانـەی لێـی دروست دەکرێت تا ئێستا بەردەوامیان هەیـە ، بـەڵام زیـاتر لەلایـەن ژنـە بەتەمەنـەکانی چوارتاوە گرنگییـان پێدەدرێت .

★ گۆشت : یەکێك بووە لە پێکهاتە گرنگەکانیی ئامادەکردنی خواردن لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا ، وەك گۆشتی ( مەڕ، بزن ، مانگا ، مریشك ، کەڵەشێر ، قاز ، مراوی ، قەل ، باڵندەی کێوی ) بەمەبەستی خواردنیان برژێنراون ، یان کوڵێنراون ، هەندێکجاریش گۆشتی سور ( مەڕ ، بزن ، مانگا ) کراوەتە قاورمە ، کە سورکراوەتەوە و لەگەڵ ڕۆنەکەی خۆیدا لە گۆزەدا پارێزراوە ، هەروەها بە جۆرێکی تریش خوراون ، لەگەڵ پێکهاتەکانی دانەوێڵەدا تێکەڵ کراون وەك ( ترخێنە ، نۆکاو ، ساوەر ، قەرەخرمان ، گەنمە کوتاو ) کە لە هاوین و زستاندا خوراوە بەتایبەتیی زستان ، چونکە خواردن کەم بووە ، بە گشتی تا ئێستاش گرنگییان پێدەدرێت و دەخورێن .

★ میوەو سەوزە : گرنگیی زۆری پێدراوە و هەندێکجار وەك ژەمە خۆراکی سەرەکیی بەکار هێنراوە ، کە بەگشتیی میوەی زستانە لە چوارتادا نەبووەو زۆرینەی میوەکان هاوینەبوون و بریتی بوون لە ( ترێ ، کاڵەك ، هەرمێ ، قۆخ، هەڵووژە ) چەند سەوزەواتێك هەبووە وەك ( کەوەر ، کەرەوز ، مەعدەنوس ، کوزەڵە) و لەگەڵ هەندێك تەڕاو ( بامێ ، کولەکە ، باینجان ، خەیار ، تەماتە ) . کە بەشێکیشیان وشك کراونەتەوە بۆ زستان و لە کاتێکی تردا بەکارهێنراون وەك ( بامێ ، تەماتە ، ناوکی کاڵەك ، گوڵە بەڕۆژە ، توو ، ترێ ، هەڵووژە ) لە ئێستادا لەلایەن زۆرێك لە خەڵکەوە وەك جۆرێکی خواردن بەکاردەهێنرێن ، بەڵام بەگشتی لەدەرەوە هاوردە دەکرێن .

★ سپیایی : لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا وەك ژەمە خۆراکی سەرەکیی بەیانیان و هەندێکجار نیوەڕوان و ئێوارانیش بەکار هاتوون ، کە بەرهەمی ئاژەڵین و لە ( مەڕ ، بزن ، مانگا ) ئامادە کراون ، ئەو بەرهەمانەی لێیان دروست کراوە وەك ( ماست ، پەنیر ، کەرە ، کەشك، سیرێژ ، لۆرك ، فرۆ ، دۆ ) زۆرتر لە بەهاراندا هەبووە بەهۆی زۆری شیری ئاژەڵەوە . بەڵام لە ئێستادا زۆر کەم بووەتەوە ، چونکە ئاژەڵ بەکەمی بەخێودەکرێت ، لە جێگای ئەوە وەك بەرهەمێکی ئامادە هاوردە دەکرێت و لە ناو بازاڕدا دەکڕدرێن .

کەواتە دەکرێت بوترێت جۆرو کەرەستەکانی خواردن وەك بەشێك لە کلتوری مادی کۆمەڵگای توێژینەوە زیاتر لە بەشە مادییەکانی تر پارێزگاری لێکراوەو ماوەتەوە ، تاڕاددەیەك گەنجانیش هەوڵی فێربوون و لێنانیان دەدەن، ئەمەش بەهۆی گرنگی و بەهای ئەو خواردنانەوەیە لەلای خەڵکی ، بەڵام

زۆرینـــەی پێکهاتـــەکانیان لـــەو کەرەســـتانەی لێیـــان دروســـت دەکرێـــت لـــەدەرەوە هـــاوردە دەکرێـــت و لەناوخۆدا بەرهەم ناهێنرێن .

٦. **ئامرازەکانی گواستنەوە** : ئامرازەکانی هاتوو چۆ لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا جیاوازی زۆری هەیە ، بۆ مەبەستی زانینیان باس لە ئامرازی کۆن و نوێ دەکرێت :

أ. ئامرازی هاتووچۆی کۆن : لە چوارتادا سەرەتای ئامرازەکانی هاتووچۆ بریتی بووە لە ( گوێدرێژ ، ئەسپ، ماین ، هێستر ) ئەسپ و ماین بەگشتی بۆ جوانی بووە و کەسانی دەوڵەمەند بەکاریان هێناوە ، هێستر کەم بووەو زۆرتر بۆ بار گواستنەوە بەکارهاتووە ، بەڵام گوێدرێژ ئامرازێکی گرنگی هاتوو چۆو بار گواستنەوە بووە بۆ ناو خۆو دەرەوەی چوارتا ، تا ئەوکاتەی بووە بە ناوچەی قەدەغەکراوو خەڵکی تیادا نەماوە . کاتێکیش ئۆتۆبێل پەیدابوو، لە ساڵانی چل و پەنجاکانەوە هاتووچۆ بەو ئامرازە زۆرتر بوو ، تا ساڵی ( ١٩٨٨ ) جۆرەکانی بریتی بوون لە ( شۆفرلێت ، جێپ ، GMC .. هتد ) . لە ساڵی ( ١٩٩١ )ەوە هاتوو چۆکردن بەبەشێك لەو ئۆتۆمبێلانەی پێشوو بەردەوام بوو ، لەگەڵ کراون و سوپەرو چەند جۆرێکی تر . هەروەها هاتوو چۆکردنی خەڵکی بەتایبەتیی بۆ دەرەوەی چوارتا بە ( پاص ) فراوان بوو ، کە بریتی بوون لە ( کۆستەر ، پاصی مەسڵەحە ، ١٨ نەفەری ، پۆڵەنی ) .

ب. ئامرازی هاتوو چۆی نوێ : بەگشتی ئامرازەکانی هاتووچۆ نوێن و بەشێك لە خەڵکی بە ئۆتۆمبێلی تایبەتیی خۆیان هاتووچۆ دەکەن و بەشەکەی تریان بە ئۆتۆمبێلی کرێ واتا گشتی هاتوو چۆ دەکەن ، ئەویش دەبێتە دووبەش : ئۆتۆمبێلی بچووك ، لەگەڵ ( پاص ) ، لە گەراجی ( سیتەك – قەلاچوالان – چوارتا) کە بەگەراجی چوارتا ناسراوە ( ٥٤ ) ئۆتۆمبێلی بچووك ( تەکسی ) هەیە و جۆرەکانی بریتییە لە ( سەنی ، بیکاشۆ ، ستریك ، سۆپەر ، دایۆ ) لەگەڵ شەش ( پاص ) : دوانیان بچووکەو چواریان گەورەیە جۆرەکانیان ( تیۆتا و نیسان )ە . کە ڕۆژانە خەڵکی هاتووچۆیان پێدەکەن . هەروەها ئۆتۆمبێلی بار هەرلگریش هەیە ، کە خەڵکی شت و مەك و کەل و پەل و بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی پێدەگوازنەوە وەك ( پیکاپ ، لۆری ، دووتەنی ) .

## تەوەری دووەم : کلتوری واتایی

### ١. داب و نەریت ، ئایین ، هونەر

### داب و نەریت

داب و نەریت ( العادات و التقالید ) بەشێکی گرنگە لە کلتورو ژیانی کۆمەڵگاکان ، کە زۆربەی جار پێکەوە بەکاردێت بەڵام لەلایەن زانایانەوە هەریەکەیان بە جیاواز پێناسە دەکرێت و لەگەڵیدا باس لە زاراوەیەکی تریش دەکرێت ئەویش باو ( عرف ) ە کە لێرەدا ئاماژەی پێدەکرێت .

داب ( العادات ) : بریتییە لە ڕەفتارێکی دووبارە و کۆمەڵایەتییانە وەرگیراوە ، مرۆڤ فێری بووەو ئەنجامی داوەو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر گواستراوەتەوە ، هەروەها زانای ئەنسرۆپۆلۆجی بەریتانی ( ادوارد سابیر ) پێی وایە کە کۆمەڵێك جۆری ڕەفتارە و لە لایەن مرۆڤەوە پارێزگاری لێدەکرێت ، لە لایەن کەسەکانەوە ئەنجام دەدرێت و لەو چالاکییانەی تر کە هەیە لەژیانیاندا جیادەکرێتەوە [1] .

نەریت ( التقالید ) : بەشێکە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و پاشماوەی ڕەفتاری ئەو کەسانەیە کە لە ڕابردوودا ژیاون ، ئەوە لەدوای ئەوە دەگوازرێتەوە، سەرەتا بیرکردنەوەیە و دواتر دەبێتە کردارو جێبەجێدەکرێت ، پاش ئەوەی دووبارە دەکرێتەوە لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگاوە دەبێتە نەریت [2] .

باو ( العرف ) : هەڵسووکەوتێکە یان کردارێکی کۆمەڵایەتییە ، خەڵکی فێری دەبن وەك نەریتێکی کۆمەڵایەتی و ئەنجامی دەدەن و بەردەوام دووبارەی دەکەنەوە ، کە لەلایەن کۆمەڵگاوە دەسەپێنرێت و سزای ئەو کەسانە دەدرێت کە لێی لادەدەن [3] .

داب و نەریت و باو هەرسێکیان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا هەیە ، بەو هۆکارەی داب واتا دووبارە کردنەوەی کردارو هەڵس و کەوتەکان ، نەریتیش ئەوشتەیە ، کە کەسانێك ئەنجامیانداوەو لە ئێستادا نەریتەو خەڵکی دووبارە ئەنجامی دەدەنەوە ، داب و نەریت پێکەوە پابەند بوونە بەنەریتی کۆمەڵگاو دووبارەکردنەوەی ئەو بەرنامەیە لە هەڵسووکەوت کە کەسانی پێشین لەسەر ڕۆیشتوون ، هەروەها ئەوکاتەی تەواو گشتگیر دەبن و کەس ناتوانێت لێی لابدات و دەبێتە جۆرێك لەیاسا ، پێی دەوترێت باو ( العرف ) لەم ڕووەوە هەندێك بابەت هەیە داب و نەریتە بەتەنها وەك دروست کردنی کێك بۆ میوان ،

---

[1] فوزیة دیاب ، القیم و العادات الاجتماعیة ، دار النهضة العربیة ، بیروت – لبنان ، ١٩٨٠ ، ص ١٠٤ – ١٠٦ .

[2] حوسێنی خەلیقی ، کۆمەڵناسی کوردەواری ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١ .

[3] شاکر مصطفی سلیم، قاموس الانثروبولوجیا، المصدر السابق، ص ٢٣٧ .

که ئەگەر دروستیش نەکرێت کەسەکە سزا نادرێت لەسەری ، بەلآم لە نموونەی جل لەبەر کردندا لەبەر ئەوەی پێداویستییەکی کۆمەلآیەتییە داب و نەریت و باویشە ، مرۆڤ ناتوانێت پابەند نەبێت پێوەی ، هەروەها باویش جۆرێکە لە نەریت هەر بۆیە لەم توێژینەوەیەدا زۆرتر ناوی داب و نەریت دەهێنرێت [1] .

کۆمەلگای کوردی بەگشتی خاوەن داب و نەریتی جیاوازە و هەلگری چەندین تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆیەتی ، وەکو داب و نەریتەکانی : ئابوریی لە نموونەی کاری هەرەوەزی و هاوکاری کردنی یەکتری ، ئایینی و ئاهەنگ و بۆنە تایبەتییەکان ، ژن و ژنخوازی ، پرسەو مردوو ناشتن ، لێخۆشبوون و لێبووردن لەبەرامبەر [2] . هەروەها سەبارەت بە کۆمەلگای چوارتا وەك بەشێك لە کۆمەلگای کوردی چەندین داب و نەریتی جۆراو جۆر تیایدا جێبەجێدەکرێت ، کەلەم توێژینەوەیەدا بەخاڵ ئاماژە بە گرنگترینیان دەکرێت :-

١. **نەریتی یادکردنەوەی بۆنە نەتەوەیی و ئایینییەکان :** به گشتی سالآنە لە کۆمەلگای توێژینەوەدا یادی چەند بۆنە و جەژنێك دەکرێتەوە ، کە باس لە گرنگترینیان دەکرێت :-

أ. **بۆنەی نەتەوەیی و نیشتیمانی :** گرنگترینیان کە لە کۆمەلگای توێژینەوەدا یادی دەکرێتەوە ، بریتییە لە جەژنی نەورۆز ، یان بۆنەی نەورۆز بەو هۆکارەی یادێکی کۆنی نەتەوەکانی ڕۆژهەلآت و ئەوکەسانەیە ، کە پێیان وتراوە ئاری ، لەناویدا کوردیش گرنگی زۆری پێداوەو بەجەژنێك و بۆنەیەکی تایبەتیی خۆی سەیری کردووە، گەلی کورد دەیگەڕێنێتەوە بۆ چیرۆکی ئەفسانەی ( کاوەو ئەژدیهاك ) کە هێمای سەرکەوتنی کاوەو گەلی کوردە بەسەر دووژمنە خوێن ڕێژەکانیدا ، پاشان سەرەتای دەستپێکردنی بەهارو کۆتایی هاتنی سەرمای زستانە ، لەگەڵ ژیانەوەی سروشت و سەوزبوونی دارو درەخت ، سەبارەت بە کۆمەلگای چوارتا یادی نەورۆز لە کۆنەوە گرنگییەکی زۆری پێدراوە ، وەك هێمایەك بەکارهێنراوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دووژمن و بەرزکردنەوەی گیانی نیشتیمانپەروەری، کە لە شاری چوارتادا زیاتر لە شاخی ( بەردی قەلێ ) دا ئاگر کراوەتەوە [3] . هەروەها ئەم نەریتە بەردەوامی خۆی هەیە و ئەو ئاگرە زۆرتر لە شوێنێکدا دەکرێتەوە

---

[1] فوزیة دیاب ، القیم و العادات الاجتماعیة ، المصدر السابق ، ص ١١٣ .

[2] حوسێنی خەلیقی ، کۆمەلناسی کوردەواری ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٧ – ٤٩ .

[3] قادری حاجی عەزیز ، بیرو بۆچوونم لەمەڕ شێوازی یادکردنەوەی نەورۆز ، گۆڤاری سلێمانی ، ژمارە ( ١٥٢ ) ، چاپخانەی دلێر ، سلێمانی ، ٢٠١٤ ، ل ٣٦ – ٣٧ .

بەناوی ( گردی ) هەروەها لە شوێنەکانی تریشدا هەندێك لە خەڵکی ئاگردەکەنەوە ، دوای ئەوە بەشێك لەدانیشتوانەکەی لە ٢١ / ٣ و ڕۆژانی دواتردا گەشت دەکەن و دەڕۆن بۆ سەیران ، هەروەها حکومەتیش بەو بۆنەیەوە چەند ڕۆژێك دەکاتە پشوو .

ب. بۆنەو چەژنە ئایینییەکان : یەکێکن لە گرنگترین نەریتەکانی کۆمەڵگای چوارتا کە بەگرنگییەوە سەیریان دەکرێت و یادیان دەکرێتەوە ، بریتیین لەمانەی خوارەوە :

★ جەژنی ڕەمەزان و قوربان : بەگشتی چوارتاییەکان پابەندی بەشداری کردنن لەم دوو جەژنەداو وەك نەریتێکی کۆنی شارەکە یادی دەکەنەوە ، بۆ بەیانی یەکەم ڕۆژ خواردن دروست دەکرێت ، کە لەڕابردوودا پیاوان لە دوای نوێژی جەژن لە مزگەوتدا نانیان خواردووە ، بەڵام ئێستا لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانیان لە ماڵەوەو نان دەخۆن، بەگشتی بریتییە لە برنج و گۆشت و شلەی قەیسی ، هەروەها دواتر پیاوان دەگەڕێن بەماڵانداو داوای گەردن ئازادی دەکەن و جەژنە پیرۆزە لەیەکتری دەکەن و شیرینی ( چکلێت ) وەردەگرن ، منداڵان و ژنانیش لە دوای پیاوان دەست دەکەن بە گەڕان و سەردانی دراوسێ و خزمەکانیان دەکەن .

★ شەوی بەرات : بریتییە لە بۆنەیەکی ئایینی لە ( ١٥ ) شەعبان بە ڕۆژمێری کۆچی لە هەموو ساڵێکدا یادی دەکرێتەوە ، چوارتاییەکان بڕوایان وایە ئەو کاتە گۆڕینی قیبلەی موسوڵمانانە لە ( بيت المقديس ) ەوە بۆ ( مكة ) کەبەشێك لە خەڵکی لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو دەبن و منداڵانیش بە شەو بەماڵاندا دەگەڕێن و هەر ماڵێك چکلێت و شیرینی دەبەخشێت بەو منداڵەی دێتە بەر دەرگاکەیان .

★ یادی مەولود : بۆنەیەکی ئایینییەو یەکێکی ترە لە یادەکان لە کۆمەڵگای چوارتادا بە هۆی لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام ( محمد )، ( د .خ ) لە ( ١٢ ی ربيع الاول ) بە ڕۆژمێری کۆچی ، ئاهەنگ و بۆنەی تایبەتیی ڕێك دەخرێت ، کە بریتییە لە خێرکردن و شیرینی بەخشینەوە و ئەنجامدانی ئاهەنگی تایبەت لە مزگەوت و ماڵەکاندا .

٢. نەریتی پەیوەندیی کردن : پەیوەندیی کردن و تێکەڵاو بوون بەیەکتری نەریتێکی کۆنی کۆمەڵگای توێژینەوەیە ، وەك : میوانداری و ئامادەیی بەردەوامی خەڵکی بۆ پێشوازی لە میوان و دروستکردنی خواردن بۆی . هەروەها کاری هەرەوەزیی و هاوکاری کردنی یەکتری کە بەتایبەتی لە ڕابردوودا گرنگی زۆری پێدراوە ، وەك : توتن کردن بە هەرەوەزی ، گەنم کوتان ، دروست کردنی خانوو . بەڵام بەهۆی گۆڕانی

ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئابوریی ئەو نەریتانە نەماون و چەند نەریتێکی تر هەیە کە جێبەجێدەکرێت وەك : هاوکاری کەسی نەخۆش یان هەژار لە نموونەی ئەو کەسەی تازە هاوسەرگری کردووەو زۆر هەژارە ، لە ڕووی مادیەوە هاوکاریان دەکرێت و لە ڕووی دەرونیشەوە ئارام دەکرێنەوەو پاڵپشتی دەکرێن.

٣. **نەریتی پرسەو مردوو ناشتن :** نەریتێکی گرنگ و کۆنی کۆمەڵگای چوارتایە ، دوای ئەوەی کەسێك دەمرێت دەبرێتە مزگەوت و دەشۆردرێت ، کە زۆرتر لە ( مزگەوتی گەورەی چوارتا ) ئەنجام دەدرێت ، دواتر مردووەکە دەبرێتە سەر قەبران ، هەر لەوێ ئاوی سارد دابەش دەکرێت و چا لێدەنرێت ، مامۆستای ئایینی کۆمەڵێك دووعا هەیە بۆ مردووەکەی دەخوێنێت ، پاشان ئەو میوانانەی هاتوون و شوێنیان نییە لە لایەن چوارتاییەکانەوە دەبرێنەوە ماڵەکانیان ، هەروەها پرسەش بەگشتی لە ( مزگەوتی گەورەی چوارتا ) دادەنرێت ، بۆ ماوەی ( ١ ) ڕۆژ لە کاتژمێر ( ١ ) ەوە دەست پێدەکات تا دوای بانگی عەسر بەردەوام دەبێت، هەروەها چەند کەسێك دیاری کراون بۆ کۆکردنەوەی پارەو ئەو کەل و پەلانەی پێداویستی شتن و ناشتنی مردوون بەناوی ( متولی) ، ئەو مرۆڤەی دەمرێت ، کفنی بۆ دابین دەکەن، لەگەڵ ئاوو چا بۆ ئامادەبوان ، کە پێدانی پارە بەو کەسانە ئارەزوو مەندانەیەو بە زۆر لە هیچ کەسێك ناسەنرێت .



وێنەی ژمارە ( ١٧ ) گۆڕستانی چوارتا نیشان دەدات

٤. **نەریتی چارەسەر کردنی نەخۆشی :** چارەسەر کردنی نەخۆشی لە ڕابردوودا زۆر تر پشتی بەستبوو بەبەکارهێنانی هەندێك گوڵ و گژوو گیا ، وەك ( گووڵە هێرۆ بۆ کۆکە ، گیا قەیتەران بۆ ئازاری گورچیلە، ڕازیانە بۆ ئازاری سکی منداڵ ، بنێشتە تاڵ بۆ گەدە ، چنارۆکە ، گوڵە زەرد ). هەروەها کەسانێك هەبوون خەڵکی پەیوەندیی پێوەکردوون بۆ چارەسەر کردن وەك ( جەڕاح ) یان ( حەکیم ) بەڵام لە ئێستادا

هەرچەندە چارەسەری سروشتی کوردەواریانە بەردەوامی هەیە ، لەگەڵیشیدا خەڵکی پەنا بۆ نەخۆشخانەو چارەسەری نوێی پزیشکی دەبەن ، لە چوارتادا نەخۆشخانە هەیە و زۆرتر چارەسەری سەرەتایی تێدا دەکرێت ، هەربۆیە خەڵکی زۆرتر بۆ شاری سلێمانی و نەخۆشخانەکانی دەرەوەی شارەکەیان دەڕۆن .

٥. **نەریتی ناونانی منداڵ** : یەکێکە لە نەریتە دیارەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە ، کە لە ڕابردوودا ( شەوارە ) یان ( ئێشکە ) یان پێوتووە ، کاتێك منداڵ لەدایك بووە بەتایبەتی کوڕ ، بۆ نزیکەی یەك هەفتە بۆنەی تایبەتیی بۆ ئەنجامدراوە ، خەڵکی لەوماڵەدا کۆبوونەتەوەو خواردن و گوێزەبانەیان دابەشکردووە ، بەڵام ئێستا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ، ماوەکەی کورت بۆتەوە بۆ کاتژمێرێك ، یان زیاتر و زۆرتر بە ئامادەبوونی مامۆستایەکی ئایینی و کەسانی نزیکی منداڵ ئەنجام دەدرێت ، دووعا بۆ منداڵ دەکرێت و خواردن و شیرینی بۆ ئامادە دەکرێت .

٦. **نەریتی قوربانییکردن** : نەریتێکی ئایینی کۆنە ، ئەو کەسانەی توانای کڕینی ئاژەڵیان هەیە ، یان بەخێوی دەکەن ، ساڵانە لە کاتی جەژنی قورباندا ئاژەڵ سەردەبڕن و گۆشتەکەی بەسەر خەڵکی بەتایبەت هەژاراندا دابەش دەکەن ، کە چاوەڕێی پاداشتی خوداو دوورخستنەوەی بەڵاو ناخۆشیەکانن لەسەریان .

٧. **نەریتی سەردانکردنی گۆڕی پیاوچاکان** : یەکێکە لە نەریتە کانی کۆمەڵگای چوارتا ، کە سەردانی ( مەزاری پیراڵك ) کراوە لەگەڵ هەندێك گۆڕی پیاوچاکان لەدەرەوەی شارەکە ، باوەڕیان وابووە ئەگەر بپاڕێنەوە ، داواکارییەکانیان قبوول دەکرێت و کێشەکانیان چارەسەردەبێت ، بەڵام ئەو نەریتە کاڵ بووەتەوەو زۆرتر کەسانی بەتەمەن باوەڕیان پێیەتی .

٨. **نەریتی بەسەربردنی کاتی بەتاڵی** : خەڵکی چوارتا لە ڕابردوودا کاتی بەتاڵی زۆریان هەبووە ، ئەوکاتانەی لەسەر کار گەڕاونەتەوە بەتایبەت لە شەواندا ، لەدەوری یەکتری کۆبوونەتەوەو بەشێکی زۆری کاتەکانیان بە گفتووگۆو یاریکردن و خواردنی مێوژوو گوێزوو چاو میوەوە بەسەر بردووە ، بەڵام ئێستا لەگەڵ ئەوەی سەردان و هاتووچۆکردنی نێوان چوارتاییەکان هەیەو بەردەوامە ، تاڕاددەیەك کەمبووەتەوەو بەشێکی ئەوکاتانەی کە خەڵکی دەست بەتاڵن خەریکی سەیرکردنی تەلەفزیۆن و بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن ، جگە لەوە بەشێکیش لە خێزانەکان سەردانی شاری سلێمانی و شوێنەکانی تر دەکەن بۆ بەسەربردنی کاتی خۆش و پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانیان .

هەروەها چوارتا دوو کافتریاو چایخانەی تێدایە کە گەنجانی تێدا کۆدەبنەوەو کات بەسەردەبەن ، چەند پارکێکی بچووك و شوێنی سەوزایی لە چوار دەوریاندا هەیە بۆ کۆبوونەوەو دانیشتن ، ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش لە زۆرێك لەکاتە بەتاڵەکاندا بەکاردەهێنرێت، جگە لەوە هیچ هۆکارێکی تریان نییە کە لە ڕێگایەوە کاتەکانیان پڕ بکەنەوە ، بۆیە بەناچاری بەشێکیان سەردانی شاری سلێمانی و شوێنەکانی تر دەکەن .

لەدوای خستنەڕووی گرنگترین داب و نەریتەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە ، دەردەکەوێت کە گۆڕانکاری بەسەر زۆرێکیاندا هاتووە ، لە ڕووی جێبەجێکردنەوە بەو جۆرە نییە کە لە پێشوودا هەبووە ، هەروەها داب و نەریتەکان پەیوەندییان لەگەڵ زۆرینەی لایەن و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە هەیە ، پاشان هۆکاری بەهێزکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگای چوارتان ، بەوهۆکارەی لە کاتی پەیڕەوکردنیاندا دەبنە هۆی کۆکردنەوەی خەڵك و بەهێزکردنەوەی پەیوەندییەکانیان ، هەروەها لەزۆرێك لەو کۆبوونەوانەدا وەك ( جەژنی نەورۆز ، جەژنەئاینییەکان ، پەیوەندی کردن و هاوکاریکردنی یەکتری ، قوربانی کردن ، پرسەو مردوو ناشتن ، ناونانی منداڵ ) هەست و بیرکردنەوەی لێبوردەیی و خۆشەویستی بۆیەکتری هەیە ، دەبێتە هۆی نزیککردنەوەی خەڵکی لەیەکتری و دەشبێتە هۆی کەمکردنەوەی ململانێ و کێشە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان لەنێوانیاندا .

## ئایین

بیرو باوەڕی ئایینی مێژوویەکی کۆنی هەیە و تەنها تایبەت نییە بە قۆناغێکی مێژوویی ، یان کۆمەڵگایەکی دیاریکراو ، لە ڕێگای دۆزینەوەی شوێنەوارو ئەو کلتورە مادیەی لە ئەشکەوت و هەندێك شوێنی سەر ڕووی زەویدا دۆزراوەتەوە و دەرکەوتووە ، بەگشتی ئایینەکان خاوەن سرووت و ڕێو ڕەسمی تایبەت بوون و کاریگەریی زۆریان لە ژیانی مرۆڤدا هەبووە [1] . بە بۆچوونی ( دورکهایم ) لەسەرەتاوە ئایین لەسەر دووبنەما کاری کردووە کە هەردوو لایەنی ( پیرۆزو دونیایی ) ە ، یان ( باوەڕو سروت ) ە ، واتا پێکهاتووە لە کۆمەڵێك بیرو باوەڕ ، کە مرۆڤ پێویستە لەسەری بڕوای پێی هەبێت ، هەروەها دیوە کردارییەکەشی پێکهاتووە لەچەند سروت و ڕێو ڕەسمێك ، کە دەبێت جێبەجێیان بکات [2] .

---

[1] تقی الدباغ ، الفکر الدینی القدیم ، الطبعة الاولی ، دار الشؤون ، بغداد – عیراق ، ١٩٩٢ ، ص ٨ .

[2] قیس النوري ، الحضارة والشخصیة ، وزارة التعلیم العالی والبحث العلمی ، بغداد – عیراق ، ١٩٨١ ، ص ١٤٤ .

سەبارەت بە ئایین چەندین پێناسە خراوەتە ڕوو ، کورت ترینیان پێناسەکەی ( تایلور )ە کە بڕوای وایە بڕوابوونە بە بوونەوەری ڕۆحی ، یان هێزی ڕۆحی ، کەخاوەنی هێزەو کاریگەریی لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە [1] . هەروەها ( دۆرکهایم ) پێی وایە بریتییە لە سروت و ڕێوڕەسمی ئایینی کە پەیوەندییان بەشتە پیرۆزەکانەوە هەیە ، جیاوازییەکەی ئەوەیە لەسەر ئاستی کۆمەڵ جێبەجێدەکرێت ، بە پێچەوانەی ئەوسروت و ڕێوڕەسمە تاکەکەسیانەی کەدەچنە بواری سیحرەوە [2] .

( جیمس فرێزەر ) پێی وایە ئایین بریتییە لە باوەڕبوون بە خوودا ، یان بوونەوەری ڕۆحی ، کە مرۆڤ هەوڵی ڕازیکردنی دەدات و داوای پاراستن و چاودێری کردنی لێدەکات ، هەروەها بڕوای وایە کە ئەو هێزە کۆنترۆڵی سروشت و ژیانی ئەو دەکات ، هەموو ئایینێکیش بە بڕوای فرێزەر لە دووبەش پێك هاتووە بەشێکیان تیۆرییەو ئەوی تر کرداریی و جێبەجێکردنە [3] .

لە پێناسەیەکی گشتگیر تردا بۆ ئایین ، ئاڕاستەی مرۆڤ دەکات و ئەو ڕێگایەی کە لەسەری دەژی دیاری دەکات ، هەروەها نەخشەی ژیانی دەکێشێت و فێری دەکات چۆن هەڵسووکەوت بکات ، پاشان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتریدا و لەگەڵ خووداشدا ڕێکدەخات [4] .

سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردی لە کۆنەوە گرنگییەکی زۆر بە ئایین دراوە و زۆرینەی خەڵکەکەی موسوڵمانن ، کە لەسەر دەمی خەلیفە ( عومەری کوڕی خەتاب ) کراونەتە موسوڵمان و ئایینی خۆیان گۆڕیوە ، جگە لە ئیسلام چەند ئایینێکی تریش لە کوردستاندا هەبووە وەك : مەسیحی و جولەکەو یەزیدی و ئایینی تر ، بەڵام ژمارەیان زۆر نەبووە ، هەروەها لە هەرێمی کوردستانیشدا ئەو ناوچانەی کە هەیە ، بەگشتی موسوڵمانی سووننە بوون و لەسەر مەزهەبی شافیعی بوون [5] . سەبارەت بە مێژووی ئایین لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا بەشێکە لە مێژووی ئاین لە هەرێمی کوردستانداو بەگشتی خەڵکەکەی موسوڵمانی سوننەن و شافیعی مەزهەبن ، هەروەها پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێکی گرنگ بدرێت کەبریتیین لەمانەی خوارەوە :

[1] المصدر النفسه ، ص ١٤٣ .

[2] احمد أبوزيد، البناء الاجتماعى مدخل لدراسة المجتمع، المصدر السابق، ص ٥٣٠ .

[3] فراس سواح ، دين الانسان ، الطبعة الثالثة ، دار العلاء الدين ، دمشق – سورية ، ٢٠٠٢ ، ص ٢٥ .

[4] ابراهيم ناصر، الانثروبولوجيا الثقافية، المصدر السابق، ص ١٦٧ .

[5] کەریم زەند ، ئاین و باوەڕ لە کوردستاندا ، چاپخانەی کامەرانی ، سلێمانی ، ١٩٧١ . ل ٦٢ .

١.  ئـايين لـه چـوارتادا هۆكـارێكی سـەرەكيی كـۆنترۆڵی كۆمەڵايەتييـە و كاريگەرييـەكی زۆری هەيـە ، ئاڕاستەی خەڵكی دەكات چۆن هەڵسووكەوت بكەن .

٢.  لـه كۆمـەڵگای توێژينـەوەدا جيـاوازيی بـڕوای ئـايينی لـه چوارچـێوەی ئـايينی ئيسـلامدا زۆر كەمـە ، بەوهۆكارەی لەسەر يەك ئاين و مەزهەبن .

٣.  لە كۆمەڵگای چوارتادا گرنگييەكی زۆر بە ئايين دەدرێت  و چەندين سروت و بابەتی ئايينی و ڕۆحـی جياواز هەيە كە پەيڕەوی دەكەن و پێوەی  پابەندن .

گــرنگترين ئــەرك و لايەنــە ئايينييــە ديارەكــانی كۆمــەڵگای چــوارتا بــريتيين لەمانــەی لای خوارەوە :-

١.  نوێژ :  ڕۆژانە پێنج جار ئەنجام دەدرێت ، كە بريتين لە نوێژەكانی  ( بەيانی ، نيوەڕۆ ، عەسر ، ئێـوارە، خـەوتنان ) هەنـدێك خـەڵكی لەمزگـەوت و هەنـدێكيش لەماڵـەوە كـە زيـاتر ژنـانن  ئـەنجامی دەدەن ، لـە مزگەوتدا مامۆستای ئايينی لـە پـێش نوێـژ خوێنەكانـەوە نوێـژ دەكات و ئـەوانی تـر بەدوايـەوە هـەمان شت دەكەنەوە كە  زۆرتر پياوانی پێگەيشتوو ، يان بەتەمـەنن . نوێـژی بـە كۆمـەڵ  لـە هـەر چوار مزگەوتەكەی چوارتادا دەكرێت كە بريتيين لە مزگەوتی ( گەورەی چوارتا ، مەحوی ، شەهيد دانا ، بەری ماڵان ) .

نوێـژێكی تـری تايبـەت هەيـە كـە لـە ڕۆژانـی هەينيدايـە ، جياوازيەكـەی ئەوەيـە ، لەسـەر هـەموو موسوڵمانێكی نێرينەی پێگەيشتوو ئەركە ، بـەڵام ژنـان و منـداڵانيش بەشـداری تێـدا دەكـەن ، بـەو هۆكـارەی ئەركێكی ئايينييەو خەڵكێكی زۆر پـەيڕەوی دەكـەن ،  سـەرەتا مامۆسـتای ئـايينی وتارێـك پێشكەش دەكات ، دواتر دەست بە نوێژی هەينی دەكرێت  كە ( ٢ ) ڕكاتە ، هەروەها لە دوو مزگەوتی شاری چوارتادا ئەم نوێژە دەكرێت  ( مزگەوتی گەورەی چوارتا ، مزگەوتی  شەهيد دانا ) .

٢.  ڕۆژوو  :  يەكێكە لە ئەركە ئاينييەكان لە كۆمەڵگای توێژينەوەدا و لە مانگی ڕەمەزاندا ئەنجام دەدرێـت، بريتييە لە ( ٣٠ ) ڕۆژوو خەڵكێكی زۆر كە تواناى ڕۆژوو گرتنيان هەيە پێوەی پابەندن .

٣.  نوێــژی تــەراويح :  دەكەوێتــە مــانگی ڕەمەزانــەوە ، شــەوان دوای نوێــژی خــەوتنان زۆرتــر لــە مزگەوتـدا ئـەنجام دەدرێت ،  بەشـێك لـەو كەسـانەی بـە ڕۆژوو بـوون لـە پيـاوان و هەنـدێك ژنـان و منـداڵان بەشــداری تێــدا دەكــەن ، كــە بريتييــە لــە( ١١ ) ڕكــات ، يــان زيــاتر ، بــۆ مــاوەی (٣٠) شــەوی مــانگی ڕەمەزان بەردەوام دەبێت .

٤. شەوی قەدر : بریتییە لە ( ١٠ ) شەوی کۆتایی ڕەمەزان ، لەلای خەڵکی چوارتا گرنگی زۆری هەیە بەو هۆکارەی ئەو کەسەی دەمێنێتەوە لەلایەن خوداوە پاداشتی زۆری دەدرێتەوە . لەو شەوانەدا لەمزگەوتدا دادەنیشن و پیاوان و هەندێك لە ژنان و منداڵانیش بەشداری تێدا دەکەن ، مزگەوتی ( گەورەی چوارتا ) زیاتر لە مزگەوتەکانی تر خەڵکی ڕووی تێدەکەن ، پێکەوە قورئان دەخوێنن و نوێژ دەکەن و دووعا دەکەن، تا کاتی پارشێو کە ( ١ ) کاتژمێر پێش بانگی بەیانی دەکات .

٥. زەکات و سەرفترە : دوو بابەتی گرنگی ئایینی ئیسلامن ( سەرفترە ) یەکێکە لەو ئەرکە ئایینییەی پێویستە لەسەر هەموو کەسێکی موسوڵمان کە بە ڕۆژوو دەبێت لە کۆمەڵگای چوارتادا بڕێك پارە بدات بەخەڵکانی هەژار و دەشبێت ئەوەندە بێت کە کەسێك تێربکات ، بەڵام زەکات بۆ ئەو کەسانەیە کە زیاتر دەوڵەمەندن و خاوەنی پارەن ، پێویستە ساڵانە بڕێك لە پارەکەیان ببەخشنە هەژاران ، لە چوارتادا ئەو کەسەی ( ٤٥٠٠٠٠٠ ) چوار میلۆن و پێنج سەد هەزار دیناری هەبێت ، پێویستە لەسەری بۆ هەر یەك ملیۆن دینار بیست و پێنج هەزاری ببەخشێت ، بەڵام بۆ کە ل و پەل و ئاڵتوون و خواردن و ئاژەڵ جیاوازەو هەرشتەو بە پێی جۆریەتییەکەی زەکاتەکەی جیاوازە .

٦. حەج و عەمرە : ئەم دوو بابەتە لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا گرنگی زۆریان هەیە و ساڵانە هەندێك کەس دەڕۆن بۆ شاری مەککە لە سعودیە بۆ مەبەستی ئەنجامدانیان ، کاتێك ئەو کەسەی دێتەوە خەڵکی سەردانی دەکەن و ڕێزی تایبەتیی لێدەگرن ، لە ڕابردوودا پێشوازییەکە گەرمتر بووەو ئاهەنگی بۆ سازدراوەو بە تەپڵ و دەف پێشوازی لێکراوە ، لە ئێستاشدا خەڵکی بەردەوامن لەسەردانی ئەوکەسەی حەج ، یان عەمرە دەکات، لەبەرامبەردا ئەویش ئاوی زم زم و خورماو تەسبیح و دیاری تایبەت بە میوان و خزمەکانی دەبەخشێت .

ئەگەر بەگشتی سەیری ئاین لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا بکرێت ، گرنگییان پێدەدرێت و کەسانێکی زۆر جێبەجێی دەکەن ، هەندێك کەسیش هەیە پەیڕەویان ناکەن بەڵام لە ڕووی بیروباوەڕەوە خۆیان بە موسوڵمان دەزانن و بەئاینێکی ڕاستی دەبینن ، لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەشدا ، زانایان و شارەزایانی ئەو ئایینە چەندین ڕێنمایی تایبەت دەدەن بە پەیڕەوکاران لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانیان و چۆنێتی هەڵسووکەوت کردنیان لەگەڵ یەکتری ، پاشان هاندەدرێن کە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و کلتووریان بە پێی یاساو ڕێساکانی ئیسلام ڕێکبخەن ، هەروەها بەشێك لەو ئەرکانە هۆکارێکن بۆ دروستکردنی پەیوەندیی و کۆبوونەوەی چوارتاییەکان پێکەوە .

لێرەدا ڕۆڵ و گرنگی لایەنی ئاینی و زانا ( مەلا ) ی ئـاینی لـه چـوارتادا دەردەکەوێت ، بـەو پێیـەی تەنها ئەرکێکی ئاینی نییەو له چوارچێوەی ماڵ و مزگەوتەکاندا ئەنجام بدرێت ، بەڵکو پەیوەندییـەکی زۆری بەلایەنەکانی تری ژیانەوە هەیە ، کاتێك منداڵ له دایـك دەبێت لەسـەر بنـەمای ڕێنماییـەکانی ئـاین نـەریتی ناونانی بۆ ئەنجام دەدرێت ، دواتریش هەوڵدەدرێت بەو جۆرەی ئیسلام داوایدەکات پـەروەردە بکرێـت ، جگـه له وەی خێزانەکان گرنگی پێدەدەن له قوتابخانەشدا وەکو وانەیەك دەخوێنرێت و مامۆستاکان منداڵان فێری ئایـەت و فـەرموودەکان و ڕێنماییـەکانی ئیسـلام دەکـەن ، کـاتێکیش کەسـێك گـەورە دەبێـت ، بـەو جـۆرەی ئاینەکەیان دەیەوێت هاوسەرگری دەکات و ژن مارە دەبڕێت ، پاشان خەڵکی هاندەدرێن کە زەکـات و سـەرفترە بدەن و پارە بدەن بەهەژاران و خۆراك و کەل و پەل ببەخشن ، له ڕووی هونەرییەوە ڕێنمایی خەڵکی دەکات لەسـەر پابەنـد بـوون بـە هەنـدێك جـۆری هونـەر و دوورکەوتنـەوە لـە هەنـدێك جـۆری تـر ، پاشـان ئـاین پەیوەنـدی بەلایـەنی سیاسـی و داڕشـتنی زۆرێـك لـە یاسـاکان و جێبەجێکردنیانـەوە هەیـە لـە کۆمـەڵگای تویژینەوەدا .

## هونەر

هونەر گرنگییەکی زۆری بۆ ژیانی مرۆڤ له هەموو سەردەمەکاندا هەبووە و تـەنها تایبـەت نییـە بـە قۆنـاغێك، بەڵکو لەکۆنەوە گرنگی پێدراوەو بـە چـەندین ڕێگـای جیـاواز گوزارشـتی لێکـراوە هـەروەها بـۆ دوو جـۆر دابـەش دەبێـت : یەکـەمیان هونـەری پڕاکتیکـی ( الفنـون العمليـة ) و دووەمیـان هونـەرە جوانـەکان ( الفنون الجميلة ) پێدەوترێت ، جۆری یەکەم پەیوەستە بـە لایـەنی ئـابوریی و پێداویسـتییە سـەرەکییەکانی ژیـانی مرۆڤ ، وەك ( خـۆراك ، جـل و بـەرگ ، شـوێنی نیشـتەجێبوون ) کـە بەگشـتی پیشـەوەرەکان ئـەنجامی دەدەن ، بەڵام دووەمیان ( هونەرە جوانەکان ) پەیوەندیی بە لایەنی ئابورییەوە نییـەو زۆرتـر تاکەکەسـییە ، پەیوەستە بە لایەنی جوانی و چێژبینینی ڕۆحیـەوە ، ئـەم بوارانـە دەگرێتـەوە ( وێنـە ، گـۆرانی، مۆسـیقا ، سەما ، شیعر ، چیرۆك .... هتد ) [1] .

سـەبارەت بـە پێناسـەکردنی ، هونـەر بەرهـەمی دەسـت و بـیرو هەسـتەکانی مرۆڤـە ، جۆرێکـە لـە کارکردن و چالاکییەکی تایبەتی کەسێك ، یان کەسانێکی دیـاریکراو ، کـە تـەنها تایبـەت نییـە بـە قۆناغێـك و کۆمەڵگایەکی دیاری کراو ، بەڵکو دیاردەیەکی گشتیە له زۆربەی قۆناغ و شوێنەکاندا [2] .

---

[1] قيس النوري، المدخل الى علم الانسان، المصدر السابق ، ص ٣٠٢ – ٣٠٣ .

[2] ارنست فيشر ، ضرورة الفن ، ترجمة : أسعد حليم ، الهيئة المصرية العامة ، مصر ، ١٩٧١ ، ص ١٤ .

له پێناسەیەکی تردا هونەر بەشێکە لە کلتور ، کە بریتییە لە جۆرێك چالاکی ، بەرهەمی دەستی مرۆڤ ، ئەزموونی کەسەکان ، هەروەها دیاردەیەکی جیهانییەو لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا دۆزراوەتەوە ، جیاوازیی هونەری سەرەتایی لەگەڵ سەردەمی نوێ و کۆمەڵگا پیشەسازییەکان ئەوەیە ، لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەو پەیوەست نەبووە بە کەسانێکی دیاریکراو ، بەڵام هونەری سەردەمی نوێ چەندین مرۆڤی تایبەت هەیە کە لەو بوارەدا کاردەکەن و خۆیان بۆ یەکلایی کردۆتەوە [1] .

سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردی هونەر گرنگی زۆری هەبووە و خاوەن تایبەتمەندیی بووە ، کە سەرنجی کەسانێکی زۆری ڕاکێشاوە بەتایبەتی گەشتیاران ، بەوهۆکارەی چەندین گۆرانی و هەڵپەڕکێ و موسیقاو شیعرو چیرۆکی تایبەت بەخۆی هەبووە [2] . کۆمەڵگای توێژینەوە وەك بەشێك لە کۆمەڵگای کوردی، کوردی، گرنگی زۆری بەم بابەتە داوە، سەبارەت بە هونەری پڕاکتیکی وەکو پیشەکانی ( دارتاشی ، ئاسنگەری ، خەیاتی ، دەست ڕەنگینی) بەو هۆکارەی زیاتر تایبەتمەندیی ئابوورییان هەیە ، لەلایەنی ئابورییدا باسکراون، بەڵام لەم بەشەدا ئاماژە بە ( هونەرە جوانەکان ) دەکرێت، وەك ( گۆرانی وتن و مۆسیقاو هەڵپەڕکێ و شیعرو چیرۆك ) بۆ ئەم مەبەستە چاوپێکەوتنێك ئەنجامدراوە :

توێژەر / پرسیار : پێکهاتەکانی هونەرە جوانەکان لە کۆمەڵگای چوارتادا چین ؟

توێژراو / وەڵام : لە لەکۆنەوە لە بۆنەو ئاهەنگەکاندا گۆرانی وتراوەو دەهۆڵ و زوڕنا و تەپڵ لێدراوە ، لەگەڵیدا پیاوان و ژنان بەجیا ، یان پێکەوە هەڵپەڕیون ، کە پێیان وتووە ( ڕەشبەڵەك ) لە بۆنە ئایینییەکانی وەك : مەولود و پێشوازی لە حاجییدا دەف لێدراوە ، سروود وتراوە ، هەروەها لە کۆبوونەوەو دانیشتنەکانی نێوان خەڵکدا شیعرو چیرۆك خوێندراوەتەوە ، چیرۆك خوان هەبووە ، کە خەڵکی کۆبوونەتەوە لێی ئەویش لەبەردەم ئاگردان دانیشتووەو چیرۆکی بۆ خوێندونەتەوە ، کە بەشێکی خۆیان دروستیان کردووە و بەشێکی تری لە باوو باپیران یان شاعیرو چیرۆك نوسەکانی ترەوە وەریان گرتووە ، هەروەها چوارتا خاوەنی چەند شاعیرێکی بەناوبانگە وەك ( کاکەی فەلاح ، جمال شارباژێڕی، عوسمان شارباژێڕی ) [3] .

---

[1] شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثروبولوجيا، المصدر السابق، ص ٦٨ .

[2] باسيلى نيكيتين ، الكرد ( دراسة سوسيولوجية و تأريخية ) ، ترجمة : نوري طالباني ، الطبعة الثانية ، دار الساقى ، بيروت – لبنان ، ٢٠٠١ ، ص ٢٢٢ .

[3] مامۆستا قادر حاجی عەزیز ، چاوپێکەوتن ، بەشێك لە چاوپێکەوتنی پێشوو ( ٨ ) ، ٤ / ٨ / ٢٠١٦ .



**وێنەی ژمارە ( ١٨ ) پەیکەری کاکەی فەلاح نیشان دەدات**

**لە ئێستای کۆمەڵگای چوارتادا هەڵپەڕکێ وەك هونەرێك هەیەو خەڵکی لەسەیران و ئاهەنگی ژن گواستنەوەو ڕۆژی نەورۆزو زۆرینەی ئەو بۆنەو ئاهەنگانەی تر کە ئامادە دەکرێت هەڵدەپەڕن ، کە بریتییە لە دەستگرتنی چەند کەسێك پێکەوەو بە هێڵێکی نیوە بازنەیی دەجولێن ، هەروەها ئەو مۆسیقایەی کە لە ڕابردوودا هەبووە وەك دەهۆڵ و زوڕنا بەکەمی دەبیندرێت و گۆڕدراوە، هەندێکجار کەسێك گۆرانی دەڵێت و یەکێکی تربە ئامێرێکی وەك ( ئۆرگ ) مۆسیقا لێدەدات ، یان گۆرانی و مۆسیقاکە ئامادەکراوەو لە ڕێگای ( DJ ) لێدەدرێت ، بەڵام لە بۆنە ئایینیەکاندا وەك مەولود دەف لێدان و سروود وتن وەك خۆی ماوەتەوە .**

**هەروەها بەهۆی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سەرقاڵ بوونی خەڵکی بە کارو باری ژیان و سەیرکردنی تەلەفزیۆن و بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە ، خوێندنەوەی شیعرو وتنی چیرۆك لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا وەکو ڕابردوو نەماوە . ئەگەر هەشبێت زۆرتر تاکەکەسییە ، بە پێچەوانەی ئەوەی جاران کە دەنوسرا ، یان کەسێك شیعرێکی لەبەردەکرد بۆ هاوڕێ و خزمەکانی دەخوێندەوە .**

**بەڵام لەسەر ئاستی حکومەت و ڕێکخراوەکان کەمترین چالاکی هونەری ئەنجام دەدرێت، بەو هۆکارەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هیچ بەش و دامەزراوەیەکی تایبەت بە ئەو بوارەی لە شارەکەدا نییە ، هەروەها لەلایەن حکومەتی خۆجێیەوە دامەزراوەیەکی تایبەت بۆ کارو باری هونەری دروست نەکراوە ، پاشان جگە لە ( کازیوەی چوارتا ) کە بەشێکە لە ڕێکخراوی منداڵ پارێزی کوردستان و بۆ منداڵان کار دەکات ، ڕێکخراوو سەنتەری ناحکومی تری تێدا نییە کە کار لەسەر ئەو لایەنە بکات .**

( كازيوەی چوارتا ) وەك لقێكی سەر بە ڕێكخراوی منداڵپارێزی كوردستان ، كار لەسەر هونەری منداڵان دەكات، چالاكییەكانیان بریتییە لە ( فێربوونی مۆسیقا ، هەڵپەڕكێ و گۆرانی ، شانۆ ، شێوەكاری ، وێنەكێشان ، چنین ) . جگە لەمانە كار بۆ لایەنی وەرزشی و كردنەوەی خولی زمانی ئینگلیزی و چەندین بواری تر دەكەن . هەروەها وانەی هونەر لە قوتابخانەكانی چوارتادا دەخوێندرێت و هەندێكجار چالاكی وەك ( گۆرانی وتن ، شانۆگەری ، هەڵپەڕكێ ، وێنەكێشان ) ئەنجام دەدرێت ، بەڵام وەكو وانەیەكی سەرەكی و گرنگ ناخوێندرێت و شوێن و مامۆستای تایبەتیی بۆ دابین ناكرێت .

لەدوای خستنە ڕووی زانیارییەكان ، دەبینرێت بەشێك لەو كلتووره هونەرییەی كە هەبووە نەماوە یان گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە ، بەڵام بەگشتی نەیتوانیوە گەشەبكات ، بەو هۆكارەی لەسەر ئاستی حكومیی و ڕێكخراوەیی و ئەندامانی كۆمەڵگاش نەتوانراوە برەوی پێبدرێت و لە ڕووی پێكهاتە جیاوازەكانی هونەرەوە وەك ( هەڵپەڕكێ ، مۆسیقا ، گۆرانی ، شیعر ، چیرۆك ) هەنگاوی گەورە بنرێت .

هەروەها ئەو هونەرەی لە كۆمەڵگای توێژینەوەدا هەیە ، هەرچەندە كاریگەرییەكی زۆری دروست نەكردووە ، بەڵام تا ئێستاش ڕۆڵی هەیە و پەیوەندی بەلایەنەكانی ترەوە هەیە بەتایبەتی كۆمەڵایەتی و خێزانی ، بۆ نمونە هۆكارێكە بۆ چێژبینین و دروستكردنی كاتێكی خۆش ، كە لە ئاهەنگی ژن گواستنەوەو لە سەیران و كۆبوونەوە خێزانی و تایبەتەكاندا گۆرانی و مۆسیقا لێدەدرێت و كەسەكان هەڵدەپەڕن ، هۆكارێكیشە بۆ بەهێزكردنی پەیوەندییەكان و كۆبوونەوەی ئەندامانی كۆمەڵگای توێژینەوە لەگەڵ یەكتری.





وێنەی ژمارە ( ١٩ ) كازیوەی چوارتا نیشان دەدات

تەوەری دووەم : کلتوری واتایی

## ٢. پەروەردە ، سیاسەت ، یاسا ، ڕای گشتی

### پەروەردە

هەموو کۆمەڵگایەك جۆرێك لە ژیان و بیرو باوەڕو ئەزموون کردنی تایبەت بەخۆی هەیە ، کە بەردەوام لەسەر یەکتری کەڵەکە دەبێت و پێویستی بە پارێزگاری لێکردن و گواستنەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی بەرهەمی ژیانی کەسانێکە کە پیرۆزە لایان و مەبەستیانە ئەوەی بەدەستیان هێناوە بە نەوەکانی دوای خۆیان بگەیەنن ، بەمەش دەوترێت پڕۆسەی پەروەردە ، واتا بەشێکە لە کلتورو ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ لە هەرکۆمەڵگایەکدا [١] .

سەبارەت بە پێناسەکردنی پەروەردە چەندین بۆچوونی جیاواز هەیە ( دورکهایم ) پێی وایە بریتییە لە پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیی کردن و ئامادەکردنی مرۆڤێکی کۆمەڵایەتیی بە ڕێگایەکی ڕێکخراو لەلایەن کۆمەڵگاوە[٢] .

لە پێناسەیەکی تردا بۆ پەروەردە ئەو پڕۆسەیەیە کەکەسانێك کاردەکەن بۆ پەروەردەکردنی ئەو مرۆڤانەی لە ڕووی تەمەنەوە بچووکترن و بیرو باوەڕوو ئەزموونەکانیان بۆ دەگوازنەوەو فێریان دەکەن چۆن هەڵس و کەوت بکەن ، هەروەها ڕێگای دۆزینەوەی زانیاری نوێیان نیشان دەدەن ، پەروەردەی مەبەست دارو بێ مەبەست هەیە ، مەبەستدار : ئەوەیە کە لە کۆمەڵگای نوێ و پیشەسازیدا دەزگایەکی وەکو قوتابخانەو چەند دەزگایەکی تر ئەنجامی دەدەن و خەڵکی فێر دەکەن ، بەڵام پەروەردەی نامەبەستدار : زۆرتر لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا هەیە خێزان و کۆمەڵگا ئەنجامی دەدەن بە بێ ئەوەی پلانێکی وردی دیاری کراو هەبێت [٣] . هەروەها پەروەردە چەند دامەزراوەیەکی گرنگیی هەیە کە بریتیین لە :

١. خێزان : بە یەکێك لە دامەزراوەکان بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندی نەوەی نوێ دادەنرێت ، کاتێك منداڵ لە دایك دەبێت پەرپرسیارێتی پەروەردەکردن و بەکۆمەڵایەتیی کردنی لە ئەستۆ دەگرێت ، فێری دەکات کە هەڵسووکەوت و بیرکردنەوەکانی چۆنبێت و چۆنیش خۆی لەگەڵ کۆمەڵگادا بگوونجێنێت [٤] .

---

[١] ابراهيم ناصر ، علم الاجتماع التربوى ، الطبعة الثانية ، الدار الجيل ، بيروت – لبنان ، ١٩٩٦ ، ص ٣١ .

[٢] احسان محمد الحسن ، علم الاجتماع التربوى ، الطبعة الاولى ، دار وائل ، عمان – الاردن ، ٢٠٠٥ ، ص ٥٤ .

[٣] شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثروبولوجيا، المصدر السابق، ص ٢٩٣ .

[٤] ابراهيم ناصر ، علم الاجتماع التربوى ، المصدر السابق ، ص ٦٢ .

٢. قوتابخانه : لەدوای خێزان گرنگییەکی زۆری لە ژیانی تاکەکەس و کۆمەڵگادا هەیە ، هۆکاری پێدانی زانیاری و فێرکردنیانە کە چۆن هەڵسووکەوت بکەن و خۆیان لەگەڵ چواردەورو کارەسات و کێشەکانی ژیاندا بگوونجێنن، هەروەها لەسەردەمی نوێدا زۆرتر بۆ مەبەستی پارێزگاریی کردن لە کلتورو ئەزموونی ژیانی مرۆڤ و خۆ گوونجاندن لەگەڵ سەردەمی نوێدا ، پشتی پێدەبەسترێت [1] .

٣. دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگا ( شوێنەکانی خواپەرستی ، شوێنی کار ، ڕاگەیاندن ، شوێنەکانی کات بەسەر بردن و پشوودان ) کاریگەریی زۆریان لەسەر پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەی نوێ هەیە ، بۆ نموونە مزگەوت بۆ ئاراستەکردن و فێرکردنی خەڵکی بەتایبەت منداڵان و گەنجان کاردەکات ، ڕاگەیاندن و شوێنی کارکردن و شوێنەکانی پشوودان و کات بەسەربردن ڕۆڵیان لەپەروەردەکردنی مرۆڤ و بە کۆمەڵایەتیکردنیدا هەیە ، لەگەڵ پێدانی زانیاری کە چۆن بیربکەنەوەو چۆن هەڵس و کەوت بکەن [2] .

سەبارەت بە کۆمەڵگای توێژینەوە پرۆسەی پەروەردەکردن گرنگیی زۆری هەیە ، ئایین لە چوارتادا کەمەبەست ئیسلامە پشتی پێ دەبەسترێت بۆ مانەوەی خۆی و بەردەوامبوونی یاساو ڕێساکانی ، خێزان و قوتابخانەو کۆمەڵگا بە گشتیی گرنگیی زۆری پێ دەدەن بە ئامانجی پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروست ، کەسانی سیاسی و یاسایی پەروەردەیان بەلاوە گرنگە، چونکە مەبەستیانە منداڵان و گەنجان لە ئێستاو داهاتوودا بەو جۆرە بن کە ئەوان مەبەستیانە ، بە پێچەوانەوە هەریەك لەوان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەر پەروەردەی کۆمەڵگای چوارتا هەیە .

سەرەتا خێزان لە ڕووی پەروەردەییەوە گرنگیی و ڕۆڵێکی زۆری لە ژیانی خەڵکی چوارتادا هەیە ، سەرچاوەی دابین کردنی خواردن و خواردنەوەو جل و بەرگ و پێداویستییە سەرەکییە مادیەکانی منداڵە ، هەروەها سۆزوو خۆشەویستی پێ دەبەخشێت و فێری دەکات چۆن هەڵس و کەوت بکات ، پاشان بەو جۆرە منداڵ پەروەردە دەکات کە پارێزگاریی لە کلتوری کۆمەڵگاکەی بکات و هەوڵی نوێگەری بدات و خۆی لەگەڵ ژیانی نوێدا بگوونجێنێت .

---

[1] محمد على خلف و الاخرون ، مبادئ التربية ، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية ، اربيل – العراق ، ١٩٨٢، ص ٨٠ .

[2] ابراهيم ناصر ، علم الاجتماع التربوى ، المصدر السابق ، ص ٨٦ .

لـه دواى خێـزان چـەند شـوێنێكى تـر ئـەركى پـەروەردەيان لەسـەر شـانەو گرنگيـى تايبـەتيان لـە كۆمەڵگاى چوارتادا هەيە ، بەشێك لە منداڵان دەنێردرێن بۆ دايەنگاو باخچەى ساوايان بەتايبـەتى ئەوانـەى دايـك و باوكيـان فەرمانبـەرن ، كـە لەتەمـەنى ( ١ – ٣ ) ساڵيدا لـە دايـەنگا وەردەگيرێـن و تيايـدا چاودێرى دەكرێن و خۆراكيان دەدرێتێ و يارييان لەگەڵ دەكرێت ، دواتر لەتەمەنى ( ٤ – ٥ ) ساڵيدا دەچنە باخچە و جياوازييەكەى ئەوەيە ، جگە لەوەى منداڵ كاتەكانى بەسەردەبات و شوێنێكە بۆ ياريكردن ، وانەى هونەرو كوردى و ئينگليزى دەخوێنێت . لە كۆمەڵگاى توێژينەوەدا يەك دايەنگا بەناوى ( دايەنگاى چوارتا ) و يەك باخچە بەناوى ( باخچەى ساوايانى چوارتا ) هەيە .

لەتەمـەنى ( ٦ ) ساڵييەوە زۆرينـەى منـداڵان دەنێردرێنـە قوتابخانـە كـە ( ١٢ ) ساڵ دەخايـەنێت ، فێرى زانيارى جۆراو جۆرو زمـان دەكـرێن ، پـەروەردە دەكـرێن كـە كەسـێكى بـە سـوود بـن بـۆ خۆيـان و كۆمەڵگاكەيان . پێنج قوتابخانە لە چوارتادا بەناوەكانى ( دواناوەنديى چوارتا ، ئامادەيى چوارتا ، قوتابخانەى سەر سيرى بنەڕەتى ، قوتابخانەى شارباژێڕى بنەڕەتى ، قووتابخانەى چوارتاى بنەڕەتى ) هەيـە ، كـە ژمـارەى قووتابيانيان بريتييە لە ( ١٣٤٢ ) قوتابى ( ٦٩٨ ) لە ڕەگەزى نێرن و ( ٦٤٤ ) لە ڕەگەزى مێن [١] .

دواتر چەند دامەزراوەو شوێنێكى تر هاوكارى خێزان و قوتابخانـە دەكـەن ، گرنگترينيـان مزگەوتـە ، كـە بەهۆيـەوە منـداڵان فێـرى نوێـژكردن و قورئـان خوێنـدن و ئەركـە ئايينيـەكان دەكـرێن ، هـەروەها ڕاگەياندنيش بوارێكى ترە ، لەگەڵ ئينتەرنێت و تۆڕە كۆمەڵايەتييـەكان ، بـەو هۆكـارەى منـداڵان و گـەنجانى چوارتا كاتێكى زۆر لەبەردەم تەلەفزيۆن و بەكارهێنانى ئينتەرنێتدا بەسەردەبەن ، پاشان چوونە دەرەوەيـان بۆ دەرەوەى ماڵەكانيان و كۆبوونەوەيان بۆ مەبەستى ياريكردن و چونى هەندێكيان بۆ چايخانەو دەشت ودەر هۆكارێكە بۆ پەروەردەكردن و فێربوونيان لەيەكترى و دەستكەوتنى زانيارى نوێ .

هەروەها لە چوارتادا يەك كتێبخانە بـەناوى ( كتێبخانـەى گشـتى چـوارتا ) هەيـە ، كـە هۆكـارێكى ترى پەروەردەو فێربوون و سەرچاوەى زانيارييە نزيكەى ( ٩٢٩٢) كتێبى كوردى و ( ٢٥١٤ ) كتێبى عەرەبى و ( ٥٠٠٠) گۆڤـارى تێدايـە بەگشـتى قوتابيـان سـەردانى دەكـەن و هۆكارەكـەى زيـاتر بـۆ مەبەسـتى نوسـينى ڕاپۆرتى زانستييە كە مامۆستاكانيان داوايان لێدەكەن [٢] .

---

[١] بەڕێوەبەرايەتيى پەروەردەى شارباژێڕ ، هۆبەى ئامار ، تۆمارى بلاونەكراوە ، ٢٠١٦ .
[٢] كتێبخانەى گشتى چوارتا ، تۆمارى بلاو نەكراوە ، ٢٠١٦ .

كەواتە لە كۆمـەڵگای توێژینـەوەدا چـەند لایـەنێك بـە ئـەركی پـەروەردە هەڵدەسـتن وەك ( خێـزان ، دایــەنگا ، باخچــەی ســاوایان ، قوتابخانــە ، مزگــەوت ، ڕاگەیانــدن ، كتێبخانــە و چــەندلایەنێكی تــر) كــە هەوڵدەدەن بۆ پێدانی زانیاری جۆراو جـۆر بـە منـداڵ و ئەنـدامانی كۆمـەڵگا بەگشـتی ، كاریگـەرییان لەسـەر خەڵكی و بیركردنەوەو هەڵسووكەوتەكانیان هەیە ، كە دەبێتە هۆی پاراستن و بـەردەوامبوون و گەشـەدان بـە پێكهاتـەی كۆمەڵایـەتی و كلتـوری كۆمــەڵگا ، هـەروەها لەگـەڵ گواسـتنەوەی كلتـورو فێركردنـی بـەهاو داب و نەریتەكانی چوارتادا بەتایبەتی لەلایـەنی خێـزان و قووتابخانـەوە هەوڵدەدرێت بـۆ چـۆنێتی خـۆ گونجانـدنی منـداڵان لەگـەڵ گۆڕانكارییەكانـدا ، بەتایبـەتی ئـەو زانیارییـە جـۆراو جۆرانـەی كـە نـەوەی نـوێ لـە ڕێگـای ڕاگەیاندن و ئینتەرنێت و هاوڕێكانیانەوە وەری دەگرن ، بەجۆرێك كە لە خزمەت كۆمەڵگادا بێت.

## سیاسەت

زاراوەی سیاسەت بۆ وشەی ( Politique ) یۆنانی دەگەڕێتەوە ، كە بەواتای هونەری بەڕێوەبردنی شـار ، یـان دەوڵـەت و دەسـتورو سیسـتمەكەی دێـت ، لەگـەڵ دیـاریكردنی پێگـەی ئەنـدامانی كۆمــەڵگاو مافەكانیان [١] . هەروەها سەبارەت بە پێناسەكردنی سیاسەت ( ڕادكلف براون ) پێی وایە بەشێكە لەڕێكخستنی گشـتی كۆمــەڵگا ، كـە گرنگـی بـە پاراسـتن و هێشـتنەوەی كۆمــەڵگاو سیسـتمەكانی دەدات لـە چوارچـێوەی هەرێمێكی دیاریكراودا ، لە ڕێگای بەكارهێنانی هێزەوە [٢] .

( ایڤـانس بریتشـارد ) دەڵێـت سیاســەت پێویسـتییەكی گرنگـە لـە كۆمــەڵگادا و پەیوەندییــەكی ڕێكخراوەییـە لـە چوارچـێوەی هـەرێمێكی دیـاریكراودا ، بـەو هۆكـارەی لـەنێوان كەسـەكاندا پەیوەندییــەكی پێكهاتــەیی ڕێكخــراو هەیــە ، كــە پێــی دەوترێــت سیاســەت [٣] . هــەروەها ( شــاپیرا ) ڕای وایــە یەكێكــە لــە ڕواڵەتـەكانی ڕێكخسـتنی گشـتی لـە كۆمـەڵگادا ، كـە گرنگیـی بـە پاراسـتن و هاوكـاری نـاوخۆیی دەدات لەگـەڵ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دەرەكی [٤] .

---

[١] عبدالغنی بسیونی عبدالله ، النظم السیاسیة ، الطبعة الرابعة ، منشأة المعاریف ، الاسكندریة – مصر ، ٢٠٠٢ ، ص ١١.

[٢] عبد علی مالكی، المدخل الی الانثروبولوجیا الاجتماعیة ، المصدر السابق، ص ١٥٩ .

[٣] جورج بالاندیه ، الانثروبولوجیا السیاسیة ، ترجمة : علی المصری ، الطبعة الثانیة ، مجد المؤسسة الجامعیة ، بیروت – لبنان ، ٢٠٠٧ ، ص ٤٤ .

[٤] احمد أبوزید، البناء الاجتماعی مدخل لدراسة المجتمع، المصدر السابق، ص ٤٧٣ .

**له سیستمی سیاسیدا و بەتایبەتیی لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە دوو زاراوەی گرنگ دەدرێت، کە پەیوەندییەکی ڕاستەو خۆیان بە لایەنی سیاسی کۆمەڵگای توێژینەوەوە هەیە ، ئەوانیش :**

**١. پارتی سیاسی : کەسانێکن یەکیان گرتووە و کۆمەڵێك هەوڵی هاوبەشیان لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیاندا هەیە [١] . گرنگترین ئەرکەکانی پارتی سیاسی : ململانێ کردنە لە پێناو گەیشتنە دەسەڵات و بەدەستهێنانی ، هەروەها پاڵاوتنی ژمارەیەك ئەندام بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری لە پێکهێنانی حکومەت دا بکەن ، لەگەڵ ڕێکخستنی حکومەت و پێکهێنانی [٢] .**

**٢. هەڵبژاردن : بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێوشێوێنی یاسایی ، کە چۆنێتی ئەنجامدانی بەیاساو دەستوور دیاری دەکرێت، بەهۆیەوە کەسانێك ، یان چەند کەسێك هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە ئەو شوێنەی کە مەبەستیانەو بەشداری لە پرۆسەی بەڕێوەبردندا بکەن [٣] .**

**سەبارەت بە کۆمەڵگای توێژینەوە لە ڕووی سیاسی و کارگێڕییەوە بە جۆرێکی ڕێکخراو بۆ ساڵی ( ١٨٦٨ ) دەگەڕێتەوە ، ئەو کاتەی دەسەڵاتی عوسمانییەکان چوارتایان کرد بە ناوەندی قەزای شارباژێڕ [٤] . پاش ماوەیەك چوارتا وەك ناوەندی شارباژێڕ نەماوە ، بەڵام دووبارە لە ساڵی ( ١٩٢٧ ) دەبێتەوە ناوەندی قەزاکە و بینای قایمقامیەت دروستکراوە و دەست بەکاربووە ، هەر لەو ساڵەدا چەند فەرمانگەیەکی تر دروستکراوە وەك نەخۆشخانەو فەرمانگەکانی پۆلیس و شارەوانیی و ڕەگەزنامەو دارایی [٥] .**

**هەروەها جمووجۆڵی سیاسی بەتایبەتی لەلایەن پێشمەرگەو ئەندامانی کۆمەڵگاوە لە دوای شۆڕشی ئەیلولەوە زیاتر بووە ، کە بووە هۆی ئەوەی چوارتا ڕووبەڕووی چەند کارەساتێك ببێتەوە ، گرنگترینیان لە ساڵی (١٩٧٨) دا کەوتووەتە بەردەم شاڵاوی ڕاگواستن و دواتر لە ساڵی (١٩٨٨) کرا بەناوچەی قەدەغەکراو (منطقة المحرمة) و لە ڕووی کارگێڕیشەوە هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام ئەم ڕەوشە تا ( ١٩٩١) بەردەوام بوو، دوای ڕاپەڕین و دروستکردنی پەرلەمان ، ئەو قەزاو ناحیەو یەکە ئیداریانەی بەمەبەستی سیاسی**

---

[١] طارق على ربيعى ، الاحزاب السياسية ، جامعة بغداد ، العراق ، ١٩٩٠ ، ص ٦٤ .

[٢] المصدر النفسه ، ص ٨٧ .

[٣] عبدالحكيم البشار ، مفاهيم سياسية ، الطبعة الاولى ، مطبعة جامعة دهوك ، اقليم الكردستان – العراق ، ٢٠١٢ ، ص ١٣٩ .

[٤] سروە جلال حمە، شیکردنەوەی جوگرافیی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای شارباژێڕدا (١٩٥٧- ٢٠٠٩)، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٩.

[٥] قەزای شارباژێڕ، گۆڤاری ساڵنامەی سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨ .

هەڵۆەشێندرابوونەوە ، سەرلەنوێ دروستکرانەوە ، ئەوە بوو لە (١٩٩٢) قەزای شارباژێڕ پێکهێنرایەوەو چوارتاش کرایەوە بە ناوەندی قەزا [١] .

کۆمەڵگای توێژینەوە لە ڕووی سیاسییەوە چەند پارتێکی سیاسی بارەگایان هەیە و هەڵبژاردن لە چوارتادا ئەنجام دەدرێت ، حکوومەتی خۆجێی و قایمقامیەت و چەند فەرمانگەیەکیش هەیە .

هەروەها گرنگترین ڕواڵەتی سیاسی چوارتا ئەو بارەگا سیاسیانەیە کە لە شارەکەدا هەیە و بریتیین لە ( کۆمیتەی ڕێکخستنی چوارتای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ، مەکۆی شارباژێڕی بزووتنەوەی گۆڕان ، لیژنەی ناوچەی شارباژێڕی پارتی دیموکراتی کوردستان ) بەگشتی چەند ئەرکێکیان هەیە و گرنگترینیان : کۆکردنەوەی جەماوەرو بەهێزکردنی پێگەی بەردەوامی پارتەکانیان ، لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ خەڵکدا هەیە و بەتایبەتی لە کاتی ڕوودانی کێشەو ململانێ خێزانی و خزمایەتییەکاندا بەشداری دەکەن لە چارەسەرکردن و یارمەتی دانی ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکارییە ، لە ڕووی ئابوورییەوە هەندێکجار هاوکاری ئابوریی بەشێك لەو کەسانە دەکەن کە دووچاری کێشەو کارەسات و نەخۆشی دەبنەوە، لە ڕوویەکی ترەوە پارتی سیاسی حکوومەتی خۆجێی دروست کردووەو چەندین فەرمانبەری بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانگەکان و ژیانی خەڵکی داناوە .

هەروەها ململانێی سیاسی و ناکۆکی و کێشە لە نێوان پارتەسیاسیەکاندا زۆر کەمەو بەگشتی لە دۆخێکی جێگیردان ، جیاوازیی زۆر ناکرێت لەسەر بنەمای سیاسی ، بۆ دەرخستنی هۆکاری ئەمەش چاوپێکەوتنێك ئەنجامدراوە :

توێژەر / پرسیار : هۆکاری لاوازی ململانێی سیاسی و تەبایی نێوان پارتەکان و خەڵکی لەڕووی سیاسییەوە لە چوارتادا چییە ؟

توێژراو / وەڵام : هۆکاری سەرەکیی لاوازی ململانێ سیاسییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پارتێکی دیاری کراو جەماوەری زۆری هەیەو زۆربەی خەڵکی لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی پێدەدەن ، هەروەها پارتەکانی تر جەماوەریان کەمە ، ئەمە وایکردووە ئەم شارە تایبەتمەندیی تاك پارتی پێوە دیاربێت و ململانێکان لاوازبن ، هۆکارێکی تر بە هێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندیی خزمایەتییە لە

[١] ئەحمەد محەمەد صالح ، شیکردنەوەی جوگرافی دابەشبوونی نشینگە دێهاتیەکان لەقەزای شارباژێڕ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦ – ٢٧ .

نێوان چوارتاییەکاندا ، کە کۆنترۆڵی پەیوەندییە سیاسییەکانی کردووەو ململانێ و دژایەتی کەمکردۆتەوە [1] .

بابەتێکی گرنگی تر لە کۆمەڵگای چوارتادا ، بەشداری کردنی پارتەکان و دانیشتوانەکەیەتی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا ، کە بەگشتی پەیوەستە بەو هەڵبژاردنانەی لە هەرێمی کوردستان و عێراق دا ئەنجام دەدرێت ، گرنگترینیان ( هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ، هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ) ە ، که دانیشتوانی چوارتا بەشداری ئەو هەڵبژاردنانەن و کاردەکەن بۆ کۆکردنەوەی جەماوەری زیاتر و بەشدارییەکی چالاك و بەهێز لە دەنگداندا .

## یاسا

دەرکەوتنی یاسا مێژوویەکی کۆنی هەیە ، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر ، هەروەها لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازیی زۆری هەیە ، لەسەرەتادا تاکەکەس یاسای داناوەو جێبەجێشیکردوە ، سزای ئەو کەسەی داوە کە دەستدرێژی کردۆتە سەری ، دواتر سەرۆکی کۆمەڵ ، یان پیاوی ئایینی دەسەڵاتی گرتووەتە دەست و ئەو بڕیاری داوە کامە یاسایەو چۆنیش جێبەجێ بکرێت ، وەك کۆمەڵگاکانی : بابل و ئاشورو چەندینی تر ، پاشان یاسای نوسراو دروست بووە لە : مصرو بابل و ئاشور لە ( ٢٠٠٠ ) پ. ز ، لە ڕۆژئاوادا ( ٧٠٠٠ ) پ. ز ، سەردەمی یەهوودو هند لە ( ١٠٠٠ ) پ . ز [2] .

سەبارەت بە یاسا چەندین پێناسەی جۆراو جۆر هەیە ( رادکلف براون ) پێی وایە هۆکارێکە بۆ پارێزگاریکردن لە سیستمی کۆمەڵایەتیی و جێگیرکردنی کۆمەڵگا ، ئەو ئامرازەش یاسا بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵگاو ڕێکخستنی بەکاری دەهێنێت بریتییە لە هێز [3] . هەروەها ( بوهامان ) لەگەڵ ئەوەدایە ، کە هۆکاری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵگا وەك ئامرازێك بۆ پارێزگاری کردن لەخۆی دەیگرێتەبەر ، دەرچوون لێی مانای هەڕەشەیە لە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان و جێگیری کۆمەڵگا [4] .

---

[1] صدیق ئەنوەر محمد ، چاوپێکەوتن ، یاسا ناس و سەرۆکی شارەوانیی چوارتا ، چاوپێکەوتنی ژمارە ( ٩) ، ٨/١٤ / ٢٠١٦ .

[2] علی محمد جعفر ، تأريخ القوانين ، الطبعة الاولى ، المؤسسة الجامعية ، بيروت – لبنان ، ١٩٨٨ ، ص ١٤ – ٢٤ .

[3] احمد أبوزيد ، البناء الاجتماعى مدخل لدراسة المجتمع ، المصدر السابق ، ص ٤٥١ .

[4] المصدر النفسه ، ص ٤٤٧ .

زاناى ئەنسرۆپۆلۆجى پۆلەندى ( مالينوفسكى ) پێى وايە ياسا بريتييە لەو پابەند بوونەى دووكەس بۆ يەكترى هەيانە ، كە هەريەكەيان مافێكى بەرامبەر ئەوى تر هەيە ، پاڵنەرەكەى تەنها لە دەروونى تاكەوە نييــە ، بــەڵكو پەيوەستيشــە بــە بەرژەوەنــدى و ســوودى هاوبەشــەوە بــۆ ئــەوەى كەســەكان هەريەكــەيان خزمەت بەوى تريان بكەن [1] .

جياوازى لە نێوان دوو جۆر ياسادا هەيــە : ياساى نــەريتى ( القانون التقليــدى ) و ياساى نوسـراو ( القانون الوضعى ) ياساى نەريتى : بريتييە لە كۆمەڵێك پێوەرو بەهاى كۆمەلأيەتيى كە نەوە لــە دواى نــەوە ماوەتــەوەو بەدەســتهاتووە ، ئــەرك و مــاڧ كەســەكان ديــارى دەكــات كــە چــى بكــەن و چــى نەكــەن ، واتــا سەرچاوەكەى كلتورو كۆمەلگايە و ئەو كەسانەى بەرپرسن لە جێبەجێكردنى زۆرتر ئەوانەن كە دەسەلأتيان هەيە لە پياوانى ئاينى و ســەرۆكەكانى ئــەو شــوێنە ، بــەلأم ياساى نوســراو : لەلايــەن كەسانێكى پسپۆڕەوە دادەنرێــت ، كــە شــارەزاى تــەواوى ئــەو بــوارەن و دامــەزراوەى تايبــەت هەيــە بــۆ ئــەوەى جێبــەجێى بكــەن ، ياســـاكان وردو ديـــارى كـــراون ئـــەرك و مـــاڧ كەســـەكان ديـــارى دەكـــەن، كـــە زۆرتـــر تايبەتـــە بـــە كۆمەلگا نوێ و پيشەسازييەكان [2] .

سەبارەت بە ياسا ( نەريتى و نوسراو ) لە كۆمەلگاى توێژينــەوەدا گرنگيــى زۆرى هەيــەو هۆكارە بــۆ ڕێكخســتنى ژيــانى خــەڵكى ، ياســاى نــەريتى وەك جۆرێــك لــە ياســاكان تــا ئێســتا جێبــەجێ دەكرێــت و سەرچــاوەكەى كۆمــەلگاو كلتــورە و كاريگــەريى لەســەر ژيــانى كەســەكان هەيــە ، ئاڕاســتەيان دەكــات چــۆن هەڵسووكەوت بكەن و چۆن چارەسەرى كێشەكانيان بكەن ، لەلايەن سەرۆكى بنەماڵەو كەسانى ڕيش سپى و ديــارى كۆمــەلگاو مامۆســتاى ئــاينى و ئەنــدامانى كۆمــەلگاوە جێبەجێــدەكرێت ، هــەروەها لــە ژيــانى ئاسايى ڕۆژانەو لە كاتى ڕوودانى كێشەكۆمەلأيەتى و خێزانيەكاندا پەيڕەو دەكرێت .

هەروەها ياساى نوسـراو لـە كۆمـەلگاى توێژينــەوەدا ماوەيــەكى زۆرە جێبەجێــدەكرێت ، بەتايبــەتى لەوكاتەوەى چوارتا بووەتــە ناوەنــدى قــەزاى شــارباژێڕ و حكوومــەتى خــۆجێى هــەبووە ، ياساى نوسـراو لــەم كۆمەلگايەدا دووبەشە : بەشێكيان لەلايــەن دەســەلأتى جێبەجێكردنــەوە كــە حكوومەتــە كارى پێــدەكرێت و ژيــانى ڕۆژانــەى خــەڵكى پــێ ڕێــك دەخرێــت ، بەشــێكى تــرى لەلايــەن دادگــاى چــوارتاوە بــەكاردەهێنرێت بــۆ

[1] قيس النورى ، المدخل الى علم الانسان، المصدر السابق ، ص ٢٥٣ .

[2] المصدر نفسه ، ص ٢٥٧ .

چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە ، هەروەها لەلایەن ئەندامانی کۆمەلگاوە گرنگی پێدەدرێت و ئەویاسایانە جێبەجێدەکرێت کە حکوومەتی خۆجێی دەریکردووە، لە کاتی ڕوودانی کێشە کۆمەلأیەتی وئابوری و خێزانییەکاندا بەگشتی دوای ئەوەی لە ڕێگای یاسای نەریتییەوە ناتوانن چارەسەری بکەن ، پەنا بۆ یاسای نوسراو دەبەن و دەچنە بەردەم دادگا .

کەواتە دەکرێت بوترێت یاسای ( نەریتی و نوسراو ) پێکەوە گرنگی و ڕۆڵیان لە کۆمەلگای توێژینەوەدا هەیە ، کارکردن بە یاسای نوسراو واتای ئەوەیە کە گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەو لایەنی کلتوری کۆمەلگاکەدا ڕوویداوە ، هەروەها بەردەوام بوون لەسەر یاسای نەریتی ئەوە دەگەیەنێت کە گرنگی بە کلتور یان داب و نەریتی کۆمەلگاکە دەدرێت لەو بوارەدا ، بەلأم لەبەر ئەوەی زۆرجار لەسەرەتاوە هەوڵ دەدرێت لە ڕێگای یاسای نەریتییەوە کێشەکان چارەسەر بکرێت ، واتای ئەوەیە کە کاریگەری لە یاسای نوسراو زیاترە .

## ڕای گشتی

ڕای گشتی بەو مانایەی لە ئەمڕۆدا قسەی لەسەر دەکرێت ، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بووژاندنەوەی ئەوروپاو شۆڕشی فەڕەنسی و وەرگرتنی سەربەخۆیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، چونکە خەلکی زیاتر لە جاران ڕاوبۆچوونەکانی خۆیان دەربڕی و بیروباوەڕەکانیان یەکخست بە ئامانجی ڕووبەڕووبونەوەی دەسەڵات و ئەو دۆخەی تیایدا بوون ، هەروەها دەربارەی ناساندنی ئەم زاراوەیە زانای بە ڕیتانی ( جون لوك) وەك یەکێك لە و زانایانەی کە لەسەرەتای دروست بوونی زاراوەکەدا قسەی لەسەر کردووە پێی وایە : ڕای گشتی جۆرێك لە جۆرەکانی چاودێری کۆمەلأیەتییە ، کە مافێکی سروشتی کەسەکانە پەیڕەوی بکەن [1] .

هەروەها بریتییە لە هێزێکی کۆمەلأیەتیی ، لە ئەنجامی لەیەکچوونی بیروڕاو بڕیارەکانی کەسانێکەوە دروست دەبێت ، کە بەرامبەر خەلکانێکی تر یان بۆ لابردنیان ئەو بڕیارە دەدەن [2] .

---

[1] محمد فایز عبد أسعید ، قضایا علم السیاسة العام ، المصدر السابق ، ص ١٠٥ .

[2] جیل فیریول ، معجم مصطلحات علم الاجتماع ، ترجمة : انسام محمد الاسعد ، الطبعة الاولی ، دار و مکتبة الهلال ، بیروت – لبنان ، ٢٠١١ ، ص ١٣٠ .

سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کلتوری کۆمەڵگا کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ئەم بابەتە و گەشەکردن یان نەمان و لاوازبوونی هەیە ، ڕای گشتی لاوازە لە کۆمەڵگای سەرەتایی ، یان نەریتیدا ، بەهۆی کاریگەریی ئەو دۆخەی بالادەستە ، کە ڕێگا بەدەرکەوتنی ڕای جیاوازوو دروست بوونی بۆچوونی جیاواز نادات ، بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵگا پیشەسازی و نوێکاندا ، لە ئاستێکی بەرزدایە ، ئەمەش بەوهۆکارەی ڕێگا بە ئەندامانی کۆمەڵگا دەدرێت بەشێك بن لە چارەسەرکردنی کێشەو گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها ڕای گشتی لەم کۆمەڵگایانەدا جۆرێکە لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی کە ئەرکێکی گرنگیی هەیە لەژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیدا ، چونکە دەتوانێت فشاردروست بکات و کۆنترۆڵی باردودۆخ و ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسی بکات ، لە ڕێگای یەکخستنی ئامانجەکانەوە گۆڕانکاری بهێنێتە ئاراوە [1] .

سەبارەت بە کۆمەڵگای توێژینەوە ، ئەم بابەتە زۆر لاوازەو ئەو ئەرکەی نەبینیوە ، کە لەهەندێك شوێندا هۆکاری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە و کاریگەرییەکی زۆری دروستکردووە، ، ئەگەر ڕای گشتی بریتی بێت لە ڕاوبۆچوونی خەڵکی و فشارەکانیان لەسەر دەسەڵات و هەوڵەکان بۆ چارەسەری کێشەکان ، ئەوا تاڕاددەیەك ئەمە لاوازە ، کە بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك: یەکێك لەوانە چوارتا کۆمەڵگایەکی بچووکەو خەڵکی بە ئاسانی دەنگ و قسەیان دەگات بەبەرپرسانی سەرو خۆیان و ئەتوانن پەیوەندیان پێوەبکەن ، هەروەها پارتەکانی تر لە شاری چوارتادا جگە لە پارتی بالادەست جەماوەریان لاوازە و توانای جولاندنی کۆمەڵگاو کۆکردنەوەی خەڵکیان نییە بەمەستی ئەنجامدانی خۆپیشاندان یان دروستکردنی فشار، خالێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی متمانەی خەڵك بە دەسەلات ، کە وایکردوە ڕەخەگرتن کەم بێت، هەروەها بەهێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریی داب و نەریت هۆکارێکی ترە ، کە پەیوەندیی نێوان دەسەلات و خەڵکی بەهێز کردووەو دەرخستنی ناڕەزایی و دروستکردنی فشاری لاواز کردووە . ئەمە واشیکردووە ڕای گشتی دروست نەبێت و گروپەکانی وەك فشارو مانگرتن و خۆپیشاندان پەیدا نەبێت ، بە واتایەکی تر پەیوەندییەکانی خەڵکی چوارتا لەگەڵ بەرپرسان و کەسایەتییە سیاسییەکانی کۆمەڵگاکەیان تاکەکەسییەو لە ژێر کاریگەریی داب و نەریت و و کلتور بەگشتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی وخزمایەتییەکاندایە ، کەمتر چووەتە چوارچێوەی ڕای گشتییەوە .

[1] عزت فتاح حمه صالح ، ابلاخ دراسة انثروبولوجية ، المصدر السابق ، ص ١٢٣ .

# بەشی شەشەم

## کۆتایی

یەکەم : دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

دووەم : پێشنیارو ڕاسپاردە

سێیەم : سەرچاوەکان

چوارەم : پوختەی توێژینەوەکە :

١. پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی

٢. پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی

## یەکەم : دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

١ لایەنی ئایکۆلۆجی کاریگەری لەسەر لایەنەکانی تر هەیە ، بۆنموونە ئاوو هەوا کاریگەریی لەسەر ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری دروستکردووە ، پەیوەندی بەچەند بابەتێکی وەکو ڕێژەی سەوزایی و کەم و زۆری بەرهەمی کشتوکاڵی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و جۆری جل و بەرگەوە هەیە ، لە لاپەڕە (٢٢ – ٢٣ ) خراوەتە ڕوو.

٢ دانیشتوانی چوارتا لەپەرەسەندن و گەشەی بەردەوامدان ، بەهۆی زۆری لە دایك بوون و کۆچکردنی خەڵکەوە بۆ شارەکە ، لە لاپەڕە (٣٠) خراوەتە ڕوو .

٣ زۆرینەی خاوەندارێتی چوارتا لە جۆری تایبەتە ، بەڵام بەهۆی بەهێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خزمایەتییەکانەوە کەسانی چواردەور سود لە شتە تایبەتەکانی یەکتری وەردەگرن ، لە لاپەڕە (٤٣) خراوەتە ڕوو .

٤ ئابوری چوارتا ڕووبەڕووی گۆڕانکاری زۆر بووەتەوە ، زۆرینەی خەڵکی کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ناکەن و لە ئێستادا موچەخۆرن و لە کەرتی خزمەتگوزاریدا کاردەکەن ، لە لاپەڕە (٤٤) خراوەتە ڕوو.

٥ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕانکارییەکی زۆر دروست بووە ، زۆرینەی دانیشتوانی چوارتا گرنگی بەتاك هاوسەری دەدەن و فرەژنی ئەنجامنادەن ، ئەمەش بە هۆی کاڵ بوونەوەی داب و نەریت و گۆڕینی بیرو بۆچوونیانەوەیە ، لە لاپەڕە (٦٧ – ٦٨ ) خراوەتە ڕوو .

٦ پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خزمایەتییەکان لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا زۆر بەهێزن بەتایبەتی پەیوەندی خزمایەتی بایلۆجی ، کە بەهۆی سروشتی لایەنی بایلۆجی و گرنگیدانی داب و نەرتی چوارتا بەو جۆرە پەیوەندییەیە ، لە لاپەڕە (٨٦ ) خراوەتە ڕوو .

٧ لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا خزمانی باوك بە پشت و پلە یەك سەیر دەکرێن ، بەڵام لە ئێستادا گرنگی زۆریش بە خزمانی پشتی دایك دەدرێت ، ئەمەش گۆڕانکارییەکە لە داب و نەریت و بیرکردنەوەو هەڵسو کەوتی چوارتاییەکاندا ، لاپەڕە (٩٠) خراوەتە ڕوو .

٨ زۆرێك لە بەرهەمە كلتورییە مادیەكان نەماون ، بەهۆی ئەوەی شاری چوارتا لە ڕابردوودا ڕووبەڕووی ڕاگوێزران و لەناوچوون بووەتەوە ، هەروەها خەڵكی گرنگی بە ئامرازو كەل و پەلی نوێ دەدەن ، لاپەڕە (٩٥ – ٩٦ ) خراوەتە ڕوو.

٩ لە كۆمەڵگای توێژینەوەدا زۆرێك لە كلتوری واتایی گۆڕانكاری بەخۆیەوە بینیوە ، بۆ نموونە داب و نەریت گۆڕانكاری زۆری بەسەردا هاتووە و بەو جۆرە نییە كە لە ڕابردوودا هەبووە ، لە لاپەڕە (١١١) خراوەتە ڕوو .

## دووەم : پێشنیارو ڕاسپاردە

### پێشنیار

١. حكوومەتی هەرێم و حكوومەتی خۆجێی بە دابین كردنی ئامرازی نوێی كشتوكاڵی و ساغكردنەوەی بەرهەمەكانیان لەناو بازاڕەكاندا ، هاوكاری مادی جوتیاران و ئەو كەسانە بكەن كە كاری كشتوكاڵی دەكەن .

٢. جكوومەت و لایەنە پەیوەندییدارەكان بەمەبەستی بووژاندنەوەی بەرهەمە پیشەسازی و پیشە دەستیەكان لە ڕووی ئابورییەوە پشتگیری خەڵكی بكەن و هانیان بدەن ، لە پێناو بەهێزكردنی لایەنی ئابوریی شارەكەدا .

٣. گەشەدان بەكەرتی گەشتیاری و زیاتر ئاوەدانكردنەوەی شوێنەوارو سەیرانگاكانی چوارتا ، بەمەبەستی ڕاكێشانی گەشتیاری زیاتر بۆ شارەكە .

٤. حكوومەت و سەرمایەداران بە دابینكردنی خەرجی هاوسەرگریی و شوێنی نیشتەجێبوون هاوكاری ئەو گەنجانە بكەن كە تازە چوونەتە ژیانی هاوسەرگرییەوە .

٥. حكوومەتی هەرێم و دام و دەزگا پەیوەندییدارەكان ، هەوڵبدەن بۆ كۆكردنەوەو پاراستنی لایەنی كلتوری مادی كۆمەڵگای چوارتا لە مۆزەخانەیەكدا .

٦. كردنەوەی بەشێك لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریەوە تایبەت بەكارو باری هونەری لە شاری چوارتادا و كاركردنی زۆرتری ڕێكخراوە ناحكوومییەكان لەو بوارەدا

## ڕاسپاردە

١. توێژەران توێژینەوەی زانستی زیاتر لەسەر کۆمەڵگای چوارتا ئەنجام بدەن ، چونکە کەمترین نوسین و توێژینەوە لەسەری هەیە.

٢. خەڵکی شاری چوارتا زۆرتر لە خەمی پاراستنی لایەنی ئایکۆلۆجی شارەکەیاندا بن وەك ( ڕوەکی سروشتی و خۆڕسك ، ڕێگاوبان ، سەرچاوەکانی ئاو ) .

٣. دانیشتوانی چوارتا گرنگیی زۆرتر بە بووژاندنەوەی لایەنی ئابوریی بدەن وەك ( کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ، پیشەسازی و پیشەی دەستی ، کاری بازرگانی ، گەشتوگوزار ) .

٤. خێزانەکان و ئەندامانی کۆمەڵگا بە گشتی پشتگیری زۆری گەنجان بن و هاوکاری مادی و واتاییان پێشکەش بکەن، بەتایبەتیی بۆ ئەوانەی دەیانەوێت پەیوەندیی هاوسەرگری دروست بکەن .

٥. پاراستنی کلتوری مادی شاری چوارتا لەلایەن خەڵکەوە ، چونکە هۆکاری هێشتنەوەی مێژووی شارەکەیە بە زیندویی .

٦. پارێزگاری کردن لە بەشێك لەو داب و نەریتانەی کە گرنگن بۆ دانشتوانی چوارتا ، بەمەبەستی پاراستنیان .

٧. گرنگی دانی زۆرتر بە یاسای نوسراو ، وەك ڕێگایەکی سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان .

**سێیەم : سەرچاوەکان**

- **کتێبی عەرەبی**


١. احمد بدر، أصول البحث العلمي و مناهجه ، دار القلم ، الكويت ، ١٩٨٢ .

٢. احمد أبوزيد ، البناء الاجتماعى مدخل لدراسة المجتمع ( الانساق ) ، دار الناشر الجامعى ، الاسكندرية - مصر، ١٩٧٩ .

٣. احمد حبيب ، الموارد الاقتصادية ، جامعة بغداد ، العراق ، ١٩٨١.

٤. امين رويحة ، الحب والزواج ، دار القلم ، بيروت – لبنان ، بدون سنة .

٥. ابراهيم ناصر، الانثروبولوجيا الثقافية، الطبعة الثالثة ، جمعية عمال المطابع التعاونية ، عمان – الاردن ، ١٩٨٥ .

٦. ابراهيم ناصر ، علم الاجتماع التربوى ، الطبعة الثانيية ، الدار الجيل ، بيروت – لبنان ، ١٩٩٦.

٧. ابراهيم شريف و الاخرون ، جغرافية الصناعية، دارالكتب ، بغداد ، ١٩٨١ .

٨. احسان محمد الحسن و عدنان سليمان احمد ، المدخل الى علم الاجتماع ، الطبعة الاولى ، دار وائل ، عمان – الاردن ، ٢٠٠٥ .

٩. احسان محمد الحسن ، العائلة والقرابة والزواج ، دارالطليعة ، بيروت – لبنان ، ١٩٨٥ .

١٠. احسان محمد الحسن ، علم الاجتماع التربوى ، الطبعة الاولى ، دار وائل ، عمان – الاردن ، ٢٠٠٥ .

١١. احسان محمد الحسن و عدنان سليمان احمد ، المدخل الى علم الاجتماع ، الطبعة الاولى ، دار وائل ، عمان – الاردن ، ٢٠٠٥ .

١٢. ارنست فيشر ، ضرورة الفن ، ترجمة : أسعد حليم ، الهيئة المصرية العامة ، مصر ، ١٩٧١.

١٣. انتونى غيدنز ، علم الاجتماع ( مع مدخلات عربية ) ، ترجمة : فايز الصياغ ، الطبعة الاولى ، المنظمة العربية للترجمة ، بيروت – لبنان ، ٢٠٠٥ .

١٤. الجبال ( موسوعة الجغرافية المصورة ) ، الطبعة الاولى ، مكتبة لبنان ، بيروت – لبنان ، ٢٠٠٠ .

١٥. باسييلى نيكيتين ، الكرد ( دراسة سوسيولوجية والتأريخية ) ، ترجمة : نوري طالباني ، الطبعة الثانيية ، دار الساقى ، بيروت – لبنان ، ٢٠٠١ .

١٦. بدرخان السندى ، المجتمع الكردى فى المنظور الاستشراقى ، الطبعة الثانية ، مطبعة حجى هاشم ، اربيل ، ٢٠٠٧ .

١٧. تقى الدباغ ، الفكر الدينى القديم ، الطبعة الاولى ، دار الشؤون ، بغداد – عيراق ، ١٩٩٢ .
١٨. جوردون مارشال ، موسوعة علم الاجتماع ، ترجمة : محمد الجوهري والآخرون ، الطبعة الثانيية ، المجلس الاعلى للثقافة ، مصر ، ٢٠٠٧.
١٩. جورج بالانديه ، الانثروبولوجيا السياسية ، ترجمة : على المصرى ، الطبعة الثانيية ، مجد المؤسسة الجامعية، بيروت – لبنان ، ٢٠٠٧ .
٢٠. جيل فيريول ، معجم مصطلحات علم الاجتماع ، ترجمة : انسام محمد الاسعد ، الطبعة الاولى ، دار و مكتبة الهلال ، بيروت – لبنان ، ٢٠١١ .
٢١. حسن أبو سمور و حاميد الخطيب ، جغرافية الموارد المائية ، الطبعة الاولى ، دار صفاء ، عمان ، ١٩٩٩ .
٢٢. حسين عبدالحميد أحمد رشوان ، الاقتصاد والمجتمع ، الطبعة الثانيية ، ابو الخير للطباعة ، المصر، ٢٠٠٩ .
٢٣. خليف مصطفى غرايبة ، السياحة البيئة ، دار ناشري ، كويت ، ٢٠١٢ .
٢٤. دليل كتابة الاطروحة الجامعية ( الماجستر و دكتوراه ) ، جامعة دمشق ، الجمهورية العربية السورية، ٢٠١٢ .
٢٥. دنيس كوش ، مفهوم الثقافة فى العلوم الاجتماعية ، ترجمة : منير السعدانى ، الطبعة الاولى ، المنظمة العربية للترجمة ، بيروت – لبنان ، ٢٠٠٧ .
٢٦. سيد محمد بدوي ، فى علم الاجتماع الاقتصادي ، دار المعرفة الجامعية ، مصر، ١٩٨٣ .
٢٧. سى . جى . ادموندز ، كرد و ترك و عرب ، ترجمة : جرجيس فتح الله ، مطبعة التايمس ، بغداد – العراق ، ١٩٧١ .
٢٨. سناء الخولى ، الزواج و الاسرة فى العالم المتغير، دارالمعرفة ، الاسكندرية – مصر ، ١٩٨٩.
٢٩. سميرة احمد السيد ، مصطلحات علم الاجتماع ، الطبعة الاولى ، مكتبة الشقرى ، المملكة العربية السعودية ، ١٩٩٧ .
٣٠. شاكر خصباك ، الاكراد ، الطبعة الاولى ، الدار العربية ، بيروت – لبنان ، ٢٠٠٥ .
٣١. شاكر مصطفى سليم ، قاموس الانثروثولوجيا ، الطبعة الاولى ، جامعة الكويت ، الكويت ، ١٩٨١.
٣٢. صلاح الدين بحيرى ، مبادئ الجغرافيا الطبيعية ، دارالفكر ، دمشق – سورية ، ١٩٩٦ .
٣٣. طارق على ربيعى ، الاحزاب السياسية ، جامعة بغداد ، العراق ، ١٩٩٠ .

٣٤. عبد على مالكى ، المدخل الى الانثروبولوجيا الاجتماعية ، الطبعة الاولى ، دارنيبور ، العراق ، ٢٠١٤ .

٣٥. عبدالحميد لطفى ، علم الاجتماع ، دار النهضة العربية ، بيروت - لبنان ، بدون سنة .

٣٦. عبدالقادر يوسف الجبوري ، التأريخ الاقتصادى ، جامعة الموصل ، العراق ، ١٩٨٠.

٣٧. عبدالرؤوف الطبغ ، علم الاجتماع العائلى ، دار الوفاء الدنيا ، الاسكندرية – مصر ، ٢٠٠٢ .

٣٨. عبداللة الخريجى ، علم الاجتماع الدينى ، الطبعة الثالثة ، رامتان للتوزيع ، جدة - المملكة العربية السعودية ، ١٩٩٠ .

٣٩. عبدالغنى بسيونى عبدالله ، النظم السياسية ، الطبعة الرابعة ، منشأة المعاريف ، الاسكندرية – مصر ، ٢٠٠٢ .

٤٠. عبدالحكيم البشار ، مفاهيم سياسية ، الطبعة الاولى ، مطبعة جامعة دهوك ، اقليم الكردستان – العراق ، ٢٠١٢ .

٤١. عامر قند يليجى ، البحث العلمي و استخدام مصادر المعلومات ، الطبعة الاولى ، دار اليازورى ، عمان – الاردن ، ١٩٩٩ .

٤٢. على محمد المكاوى ، الانثروبولوجيا و قضايا الانسان المعاصر، الدار الدولية للاستثمارات الثقافية ، القاهرة – المصر ، ٢٠٠٧ .

٤٣. على وهب ، جغرافية الاقتصاد الزراعى ، الطبعة الاولى ، المؤسسة الجامعية للدراسات ، لبنان ، ١٩٨٧ .

٤٤. على القائمى ، الاسرة و قضايا الزواج ، الطبعة الثالثة ، دار النبلاء ، بيروت - لبنان ، ٢٠٠٤ .

٤٥. على محمد جعفر ، تأريخ القوانين ، الطبعة الاولى ، المؤسسة الجامعية ، بيروت – لبنان ، ١٩٨٨ .

٤٦. علياء الشكرى ، الاتجاهات المعاصرة فى الدراسة الاسرة ، دار المعرفة الجامعية ، الاسكندرية – المصر ، بدون سنة .

٤٧. عيسى الشماس ، المدخل الى علم الانسان ( الانثروبولوجيا ) ، اتحاد الكتاب العرب ، دمشق ، ٢٠٠٤ .

٤٨. فاتن شريف ، الاسرة و القرابة دراسات فى الانثروبولوجيا الاجتماعية ، الطبعة الاولى ، دار الوفاء ، مصر ، ٢٠٠٦ .

٤٩. فتحية محمد ابراهيم و مصطفى حمدى الشنواني ، مناهج البحث فى علم الانسان ( الانثروبولوجيا) ، دار المريخ للنشر ، المملكة العربية السعودية ، ١٩٩٨ .

٥٠. فراس سواح ، دين الانسان ، الطبعة الثالثة ، دار العلاء الدين ، دمشق – سورية ، ٢٠٠٢ .

٥١. فوزية دياب ، القيم و العادات الاجتماعية ، دار النهضة العربية ، بيروت – لبنان ، ١٩٨٠ .

٥٢. قباري محمد اسماعيل ، الانثروبولوجيا العامة ، دار المعرفة الجامعية ، مصر ، بدون سنة.

٥٣. قيس النوري ، مدارس الانثروبولوجيا ، جامعة بغداد ، العراق ، ١٩٩١ .

٥٤. قيس النورى ، المدخل الى علم الانسان ، دارالكتب ، العراق ، ١٩٨٢ .

٥٥. قيس النوري ، الحضارة والشخصية ، وزارة التعليم العالى والبحث العلمى ، بغداد – عيراق ، ١٩٨١ .

٥٦. لوسى مير ، مقدمة فى الانثروبولوجيا الاجتماعية ، ترجمة : شاكر مصطفى السليم ، دار الشؤون الثقافة العامة ، العراق ، بدون سنة .

٥٧. محمد الجوهري و علياء شكري ، مقدمة فى الدراسة الانثروبولوجيا ، بدون مطبعة ، القاهرة ، ٢٠٠٧.

٥٨. محمد خميس الزوكة ، الجغرافيا الاقتصادية ، دار المعرفة الجامعية ، مصر ، ٢٠٠٠ .

٥٩. محمد رياض ، الانسان دراسة فى النوع والحضارة ، دارالنهضة ، بيروت - لبنان ، بدون سنة .

٦٠. محمد على خلف و الاخرون ، مبادئ التربية ، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية ، اربيل – العراق ، ١٩٨٢ .

٦١. محمد محفوظ ، الحضور والمثاقفة – المثقف العربى و تحديات العولمة ، الطبعة الاولى ، الدار البيضاء ، بيروت – لبنان ، ٢٠٠٠ .

٦٢. مليحة عوني القصير و معن خليل عمر، المدخل الى العلم الاجتماع ، مطبعة جامعة بغداد ، بغداد ، ١٩٨١ .

٦٣. مصطفى الخشاب، علم الاجتماع و مدارسه ، مكتبة الانجلو المصرية ، قاهرة – مصر، بدون سنة.

٦٤. موفق على الحليل و السيد عدنان حسين يونس ، مبادئ الاقتصاد ، مكتب القبس للطباعة ، بغداد ، ١٩٨٩ .

٦٥. نسيم الخورى ، الزواج مقاربة نفسية و اجتماعية ، الطبعة الاولى ، دارالمنهل ، لبنان ، ٢٠٠٨ .

٦٦. هادى رشيد الجاوشلى ، الحياة الاجتماعية فى الكردستان ، مطبعة الجاحظ ، بغداد – العراق ، ١٩٧٠.

٦٧. يوسف عبدالمجيد فايد ، جغرافية المناخ والنبات ، دار النهضة العربية ، بيروت – لبنان ، بدون سنة .

٦٨. يحي مرسى عيد بدر ، أصول علم الانسان (الانثروبولوجيا ) ، الطبعة الاولى ، دار الوفاء ، اسكندرية – مصر ، ٢٠٠٧ .

- **كتێبی كوردی**


١. احسان محمد حسن ، كۆمەڵناسی ئابوریی ، و: فەیسەڵ عەلی ، چاپخانەی پەنجەرە ، تاران ، ٢٠١٥ .

٢. ئەحمەد محەمەد صالح ، شیكردنەوەی جوگرافی دابەشبوونی نشینگە دێهاتیەكان لەقەزای شارباژێڕ، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجیی كوردستان ، سلێمانی – حكوومەتی هەرێمی كوردستان ، ٢٠٠٨ .

٣. بورهان محمد ئەمین ، تەفسیری ئاسان ، كتێبخانەی ڕۆشنبیر ، هەرێمی كوردستان – عێراق ، ٢٠٠٤ .

٤. بوار نورەدین ، ڕەدووكەوتن لە كلتوری كوردیدا ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی – هەرێمی كوردستان ، ٢٠٠٥ .

٥. تۆمابوا ، ژیانی كوردەواری ، و : حمە سعید حمە كریم ، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانكۆی سلێمانی ، عێراق ، ١٩٨٠.

٦. پەیتەر كلۆس ، ئەنسرۆپۆلۆجیای كلتوری ، و : خلیل محمد شلْماشی ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی بەدرخان ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ .

٧. حوسێنی خەلیقی ، كۆمەڵناسی كوردەواری ، چاپخانەی الحوادث ، بغداد – العراق ، ١٩٩٢ .

٨. خەبات عبدلله ، بنەما تیۆرییەكانی جوگرافیای عەسكەری كوردستانی باشور، چاپی دووەم ، چاپخانەی ڕوون ، سلێمانی – حكوومەتی هەرێمی كوردستان ، ٢٠٠٥ .

٩. دانانی كۆمەڵێك مامۆستای زانكۆ، جیۆگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر - كوردستانی عێراق ، ١٩٩٨ .

١٠. داریوش ئاشوری ، كولتور – چەمك و پێناسە ، و : كۆسار فەتاحی ، چاپخانەی ئەلەند ، هەرێمی كوردستان– عێراق ، بێ ساڵی چاپ .

١١. سابیر بۆكانی ، میتۆدی توێژینەوەی زانستی ، چاپی یەكەم ، خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا، سلێمانی – هەرێمی كوردستان ، ٢٠١٦ .

١٢. شاهۆ غەفور حسێن ، هەگبەی شارباژێڕ – هەندێك بابەتی لێرەو لەوێ ، چاپخانەی هێڤی ، هەرێمی كوردستان ، ٢٠١٦ .

١٣. كامەران حەمە ساڵح كارگەچی ، سەرچاوەكانی ئاو ، چاپی یەكەم ، شارەوانیی سلێمانی ، سلێمانی ، ٢٠٠٣ .

١٤. كامەران محەمەد ، كەلتور لە نێوان وەرگرتن و ڕەتكردنەوەدا ، چاپخانەی ڕۆمان ، سلێمانی - هەرێمی كوردستان ، ٢٠٠٧ .

١٥. كەریم زەند ، ئایین و باوەڕ لە كوردستاندا ، چاپخانەی كامەرانی ، سلێمانی ، ١٩٧١.

١٦. مەنوچێهر موحسنی ، دەروازەکانی کۆمەڵناسی ، و : ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانی تر ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠١ .
١٧. مەجدەدین عومەر خەیری خەمەش ، و : عبداللە خورشید و ئەوانی تر ، کۆمەڵناسی ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ڕۆژهەلات ، هەولێر، ٢٠١٢ .
١٨. معن خلیل ، کۆمەڵناسی خێزان ، و : ئارام ئەمین جەلال ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی ، دهۆك – هەرێمی کوردستان – عێراق ، ٢٠٠٧ .
١٩. ملیحه عونی القصیر و صبیح عبدالمنعم احمد ، سۆیۆلۆژیای خێزان ، و : صابر بکر بۆکانی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی داناز ، هەرێمی کوردستان – عێراق ، ٢٠٠٢ .

- کتێبی ئینگلیزی

1. A. S Hornby. Oxford Advanced Learner's Dictionary. Oxford University Press, United Kingdom: 2010.
2. Adrian wilson , family society now , London , 1985 .
3. Anthony Giddens, Sociology, Polity Press, Britain, 2001.
4. Mike o' Donnell , Anew introduction to sociology , Britain , 1987 .
5 Stephen Harris , Sociology. Longman Singapore Publishers Pte, Singapore, .1996.

- گۆڤار / کوردی

١. قادری حاجی عەزیز ، بیرو بۆچوونم لەمەڕ شێوازی یادکردنەوەی نەورۆز ، گۆڤاری سلێمانی ، ژمارە ( ١٥٢ ) ، چاپخانەی دلێر ، سلێمانی ، ٢٠١٤ .
٢. قادر حاجی عەزیز ، چنارە گەورەکەی چوارتا ، گۆڤاری سلێمانی ، ژمارە ( ١٠٦ ) ، چاپخانەی دلێر ، سلێمانی، ٢٠٠٩ .
٣. قەزای شارباژێڕ، گۆڤاری ساڵنامەی سلێمانی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی دلێر، سلێمانی ، ٢٠٠٠ .

عەرەبی

١. ممدوح دبس ، مفهوم الموقع الجغرافی الاقتصادی – البشري و أهمية كعامل فی تحديد بنيية الاقليم الاقتصادی و تخصصه ووظائف مراكزه العمرانيية ، مجلة جامعة دمشق ، المجلد (٣٠) ، العدد (١-٢) ، دمشق ، ٢٠١٤ .

٢. نزار ذياب عساف و سامي حميد عباس ، الاستثمار الزراعى فى اقليم كوردستان العراق ... الواقع و الافاق ، مجلة جامعة نوروز ، العدد ( صفر ) ، اقليم كردستان العراق ، ٢٠١٢ .

- نامەی ماستەر و دکتۆرا / کوردی

١. سروه جلال حمه ، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای شارباژێردا (١٩٥٧-٢٠٠٩) ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ بەشی جوگرافیا ، بلاونەکراوە ، سلێمانی، ٢٠١١ .

٢. عـزەت فتـاح حمـە صـالّح ، ژیـانی کۆمەلأیـەتیی هـەورامان ، نامـەی ماسـتەر ، کـۆلێجی زانسـتە مرۆڤایەتیەکان ، کۆمەلٔناسی ، بلاوکراوە ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ .

٣. محمد وتمان محمد ، بنەما جوگرافیەکانی پلاندانانی گەشتیاری لەقەزای شارباژێڕ، نامەی ماستەر، سکولٔی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ بەشی جوگرافیا ، بلاو نەکراوە ، سلێمانی ، ٢٠١٥ .

عەرەبی

١. عزت فتاح حمه صالح ، ابلاخ دراسة انثروبولوجية ، اطروحة دكتورا ، كلية علوم الانسانيية ، قسم علم الاجتماع ، غير منشورة ، السليمانيية ، ٢٠١٢ .

٢. محمد احمد صادق عسكر ، الطفولة و التنشئة الاجتماعية فى المجتمع الريفى ، دراسة سوسو انثروبولوجية فى القرية الطوخ الاقلام ، رسالة ماجستر ، كلية الاداب ، الجامعة المنصورة ، غير المنشورة ، مصر، ١٩٩٨ .

- ماڵپەری ئەلكترۆنی / کوردی

١. بەڕێوەبەرایـەتیی پـلان و ئامـار ، ئەنجومـەنی دادوەری ، هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق ، ٢٠١٦/٦/٢٠، www.krjc.org .

٢. یاسـای هـەموارکردنی جێبـە جێکردنـی یاسـای بـاری کەسـێتی ژمـارە ( ١٨٨ ) ی سـاڵی (١٩٥٩ ) هـەموارکراو ، یاسـای ژمـارە (١٥) ی سـاڵی (٢٠٠٨ ) ئەنجومـەنی نیشـتیمانی کوردسـتان ، هـەرێمی کوردستان – عێراق ، ٢٠١٦/٦/٢٠ ، www . perleman . org .

٣. یاسای ڕێکخستنی مافی دەسکاریی زەوی و زاری کشتوکاڵی ، یاسای ژمارە (١) ، هەرێمی کوردستان – عێراق، ٢٠٠٨ ، ٢٠١٦/٥/١٥ ، www.perleman .org .

**عەرەبی**

١. فی ذكرى سقوط الموصل – شهادات حية لنساء تعرضن لعنف و تشريد داعش ، ١٦ / ٦ / ٢٠١٥ ، www.kitabat.com .

- **سەرچاوە گشتیەکان**

١. بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی شارباژێڕ .

٢. بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی شارباژێڕ .

٣. بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی .

٤. سەرۆکایەتی شارەوانیی چوارتا .

٥. کتێبخانەی گشتیی چوارتا .

- **چاوپێکەوتن**

١. ئازاد عبدالله احمد ، کەسایەتیی بە ئەزموون و کۆنی چوارتا .

٢. پەخشان محمد عباس ، چوارتایی و لێپرسراوی کۆمیتەی ژنانی چوارتا .

٣. سالار محێدین چنارەیی ، بەرپرسی بەشی زەوی و زارو موڵکایەتی لە سەرۆکایەتیی شارەوانیی چوارتا .

٤. جمال محمد مارف ، لێپرسراوی هۆبەی خزمەتگوزارییە کشتوکاڵییەکان لە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی چوارتا.

٥. دابان کمال صاڵح / موختاری شاری چوارتا .

٦. صدیق ئەنوەر محمد ، یاسا ناس و سەرۆکی شارەوانیی چوارتا .

٧. صدیق حاجی قادر چوارتایی ، کەسایەتیی بە ئەزموون و کۆنی چوارتا .

٨. صلاحدین صالح علی ، توێژەری کۆمەڵایەتیی و دانیشتووی چوارتا .

٩. عوسمانی حاجی محمود ، کەسایەتی بە ئەزمون و کۆنی چوارتا .

١٠. مامۆستا قادر حاجی عەزیز ، مامۆستای کۆن و کەسایەتیی بە ئەزموونی شاری چوارتا .

## ملخص البحث ( چوارتا ، دراسة انثروبولوجية )

تم اختيار مدينة (چوارتا ) كمجتمع بحث بسبب خصوصيتها الخاصة فى المجال الانثروبولوجي، و هي من الناحية التأريخية مدينة عريقة و قريبة من مركز مدينة السليمانيية و تبعد حوالي ( ٥كم) خمس كيلومترات من ( قەلاچوالان ) التي كانت عاصمة الامارة البابانية سابقا .. و بعد تأسيس الحكومة الكردية في ( ١٩٩٢) اصبحت (چوارتا ) مركزا رئيسيا لقسم من هذه الحكومة ، و قد شهدت هذه المدينة تغييرات كثيرة من نواح عدة ، لذا لم يكن نموها الحضاري بالمستوى المطلوب و خاصة من الناحية الاقتصادية .

رغم كون مدينة (چوارتا ) مركزا جغرافيا مهما و مركزا لآربع النواحي و كثيرا من القرى التابعة لها هذه دائرة الجغرافية المعروفة ب ( شارباژێڕ ) الا انها لم تجعل منها مركزا تجاريا و لاتلقى تأثيرا عليها من النواحي الاقتصادية و الاجتماعية و الثقافية .

و اذا نظرنا الى هذه المدينة من الناحية الاقتصادية نرى أنها لم تشهد نموا اقتصاديا ملحوظا على الرغم من وجود المحاصيل الزراعية و الثروة الحيوانيية و العديد من الصناعات و الحرف اليدوية سابقا .. الا ان هذه المحاصيل و الحرف قلت و اصبحت مهنة سكانها من وظائف الدولة وتركوا مهنهم و حرفهم الاصلية . أما من الناحية الاجتماعية نرى بأن العلاقات الاجتماعية و صلة القرابة طرأت عليها تغيرات كثيرة و نجد بأن هذه العلاقات قد ضعفت و تغير حجم العائلة اصبحت الاسر صغيرة و التواصل بينها محددا . أما من الناحية الثقافية نرى بأنه قد حصلت تغيرات واسعة أيضا على صعيدي الحضارة المادية والمعنوية و خاصة من الناحية المادية نرى بأن الاواني و الادوات التي كانت تستعمل في هذه المنطقة – أنذاك – قد اندثرت و لم تعد تستعمل في الوقت الحاضر .

خصوصية البناء الاجتماعي لمدينة (چوارتا ) كان دافعا لاجراء هذا البحث عليها استخدم الباحث منهج (البناء الوظيفى ) لدراسة هذا المجتمع و تتكون هذا البحث من فصول و محاور بهذه الشكل : الفصل الاول ( الاطار العام) تم تتكون الفصل من مبحثين ، الفصل الثاني ( النسق الايكولوجي ) تم عرضه عن الطريق المبحثين ، الفصل الثالث ( النسق الاقتصادي ) تم عرضه عن طريق ثلاثة المباحث ، الفصل الرابع ( النسق الاجتماعي ) و تم الحديث عنه عن طريق ثلاثة مباحث ، الفصل الخامس ( النسق الثقافي ) و تم الحديث عنه عن طريق المبحثين الفصل السادس ، و هو نهاية البحث .

نأمل أن هذا البحث قد تناول مدينة (چوارتا ) بشكله علمي و الموضوعى كما هو ، و نرجو أنه قد أضاف حقيقة علمية لعلم الانثروبولوجي ، و سد نقصا فى القاموس العلمي و المكتبة العلمية .

الباحث

## Summary

## Chwarta , An anthropology Research


Chwarta is chosen as a place for doing an anthropology research because of its specialties and characteristics. It is a historical place which is located near to Sulaimany. It is far from Qalachwalan by five kilometers, and for periods it was the capital of Babanian emirate. After Kurdish Region emerged in *1992*, Chwarta has become the main part of the province. Also, this city has been facing many changes in all dimensions, especially economic field.

However Chwarta is an important geographical district and it is the center of four big towns and villages that announced as Sharbazher, it does not become a place for trade and it has not impacted by economic, social, and culture.

If we talk about its economical field, it does not improve that much. In past, they possessed many agricultural, bovid, industrial, and hand made products. But, now, they are lost. Therefore, most of the residents are stipendiary. Their social life has been changed a lot. In general, the families are small, and the relationships have been weakened. Culturally, changes happened earthly and incorporeity, especially, the earthly desires changes greatly because most of the used tools are disappeared and gone.

Because of the characteristics that Chwarta has, it was a motivation for doing this research. The researcher used the method of social function for doing research in the research society. Moreover, this study makes up of some seasons and sections. The first part is the general frame, which is the main research and divided by two sections. The second part is the ecological side which explains by two units. The third part is the economic side of Chwarta which shows the subject by three points. The forth part shows the social aspects by three themes. The fifth part is about the cultural features and explained by two topics. Finally, the sixth part is about the last part of the research.

Hopefully, this scientific research shows the real image of Chwarta objectively, and it might add something new to the anthropology discipline, and filled a gap of the library and science lexicon.

The Researcher